ڕەنگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

الـتـضـامـن

ڕۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
١٠ لاپەڕە
٢٥ فلسە

ئەوەی ئێستا ، پاشـــــن ئێپەڕبوونی هەزارو چوارسەد
ساڵ ، داوامان لێ کـراوە ، ئەوەیە بە گیانی ئاسمانو ،
بە یاساو پێداویستی یەکانی زەمین داکۆکـــی لـــە
سەربەرزی ئەتەوەی عەرەب بکەین .
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

● دووشەممە ١٥ی ئەیلول ١٩٨٠ ژمارە ٥٤٢ ●
● الاثنين ١٥ ايلـــول ١٩٨٠ العدد ٥٤٢ ●

هێزە چەکدارەکانمان سەنگەرەکانی فارسی دوژمن وێران دەکەن

فڕۆکەوانەکانمان زۆربەی خانووبەرەی سەربازگەی خان لێلی ئێرانی وێران دەکەن

قسەکەرێکی سوپایی لە وەزارەتی بەرگری ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ڕای گەیاند کە زیانی هێزەکانی ئێران لە ماوەی ٤-٩ تاکوو ١٠-٩-١٩٨٠ تەنیا لە کەرتی فەسر شیرین گەیشتووەتە -٥١- کوژراوو -١٠٣- بریندار .

قسەکەرەکە ڕوونی کردووەتەوە کە هێزەکانمان ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو شارۆچکەی سۆماری ئێرانییان بوردمان کردووە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە هێزەکانی فارسی دوژمن بۆردمانی شاری مەندەلییان کرد .

دووپاتیشی کردووەتەوە کە هێزەکانمان دوو چەندان زیان بە هێزەکانی فارسی ڕەگەزپەرستەکان دەگەیەنن و ئاگاداری هێزەکانی دوژمنیان کردووەتەوە دەست لە شارو دانیشتووان نەوەشێنن .

قسەکەرەکە ووتوویەتی لە کاتژمێری ١٢٠٠ی ئەمڕۆ ١٣-٩-١٩٨٠ فڕۆکەیەکی ئێرانی یەکێك لە بنکە سنووریەکانمان لە کەرتی مەندەلی بوردمان کردووە بەرەنگاری کەرە زەمینی یەکانمان بەر پەرچیان داوەتەوەو ناچاریان کردووە هەڵبێت .. لە کاتژمێری ١٤٤٥ی ئەمڕۆدا دیسان فڕۆکەیەکی ئێرانی هێرشی بردووەتە سەر بنکەیەکی سنووریمان لە کەرتی واسطو بەرەنگاری کەرە زەمینی یەکانمان بەرپەرچیان داوەتەوەو هەڵاتووە .. لە کاتژمێری ١٧١٥دا لایەنی ئێرانی دەستی بە تەقەکردن لە شاری مەندەلی کرد کە بوو بە هۆی بریندار بوونی ٧ دانیشتوو ئەمەیش هێزەکانمانی ناچار کرد بەهەمان شێوە وەڵامی بدەنەوەو تەقە لە شاری سۆماری ئێرانی بکەن .

هەروەها فڕۆکەکانمان لە کاتژمێری ١٦٣٠ی ئەمڕۆ ١٣-٩-١٩٨٠ هێرشیان بردووەتە سەر کۆمەڵێك سەربازهەڵگرو ئۆتۆمبیلی دوژمن لە ٨-١٠ دەبوون لە نزیکی شاری خوسرەوی ئێرانیو ژمارەیەکیان لێ تێك شکاندوون .

هەروەها بۆمان دەرکەوتووە کە زیانی هێزەکانی ئێران لە ماوەی ٤-٩ تاکوو ١٠-٩-٨٠ دا تەنیا لە کەرتی قەسر شیرین گەیشتووەتە ٥١ کوژراوو ١٠٣ بریندار .

هەروەها پاش ئەوە سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە وەزارەتی بەرگری ئێوارەی ١٣-٩-١٩٨٠ ووتوویەتی هێزە نەبەزەکانمان لە کەرتی سیف سعد زیانێکی گەورەیان بە دوژمن گەیاندووە کاتێك سێ تانکو زرێپۆشێکیان تێك شکاندووەو دوو فڕۆکەی فانتۆمیان خستووەتە خوارەوە کە بینراون ئاگریان تێبەربووەو کەوتوونەتە خاکی ئێرانەوە ..

لە سەری ڕۆیشتووەو ووتوویەتی دەست بەسەر تانکێکی ساغدا گیراوەو هێنراوەتە خاکی خۆمانەوەو دەستیش بەسەر ئۆتۆمبیلێکی گازو پێنج تفەنگو بەڵوەشاشی قورس و دوو ڕەشاشی ناوەندیو ڕەشاشێکی سووکو غەدارەیەکو تۆپێکی ١٢٠ملمو تۆپێکی ٦٠ ملمو مووشەك تەقێنێك ٣و نیو ئینجو شەست سنووقی تەقەمەنی دا گیراوە .

ڕۆژی هاینی ڕابوردووش هێزە ئاسمانییەکانمان هێرشیان بردە سەر بنکە سوپایی یەکانی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمنو چەندین زیابیان لە گیانو ئامێرو تفاق پێ گەیاندووە

ئەمە لە بەیاننامە یەکی وەزارەتی بەرگری دا هاتووە کە ووتوویەتی هێزەکانی دوژمن دەستیان بە تەقەکردن لە هێزەکانی سنوورمان کردووەو فڕۆکەکانی هێرشیان هێناوەتە سەربنکە کانمانو فڕۆکە جەنگیەکانمان بەرەنگاریان بوونەتەوەو ناچاریان کردوون هەڵبێن .

هەروەها هێزەکانی دوژمن تەقەیان لە هێزەکانمان کردووە لە سیف سعدو هێلەو خضر کە لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلول ١٩٨٠ ڕزگار کراون ئەمەیش وای لە هێزەکانمان کرد بۆ پێشەوە بڕۆن و پاکیان بکەنەوەو زیانی دوژمنیش نەزانراوە .

هەروەها هێزە ئاسمانییەکانمان هێرشیان بردووەتە سەر چەند بنکەیەکی سوپایی دوژمن لە میحوەری نەفتخانەو دووریانی کیلان ڕووەو قەسر شیرینو چەند ئامێرو تفاقی دوژمنیان تێك شکاندووەو ، بە مووشەکیش هێرشیان بردووەتە سەر چەند بنکەیەکی سوپایی دوژمن لە مێمك و زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاندووە.

هەروەها فڕۆکەکانمان هێرشیان بردووەتە سەر چەند سەربازگەیەکی ئێرانی لە میحوەری سەرپێل -زەهاوو ژمارەیەکی زۆریان لە ئامێرەکانیان تێك شکاندووە .

لە لایەکی ترەوە ئەو فڕۆکە هێلیکۆپتەرەی دوژمن کە لە دەی ئەم مانگەدا هێزەکانمان خستبوویانە خوارەوە شەش سەرکردەی سوپایی گەورەی دوژمنیان تێدابوو لەوانە سەرکردەی جەنگی ی ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران ، هەروەها هێزەکانمان فڕۆکەیەکی -فانتۆمی دوژمنیان خستووەتە خوارەوەو چوار تانکیان تێك شکاندووە لەگەڵ دوو ئۆتۆمبێلداو دوو سەربازی دوژمنیشیان دەستگیر کردووەو دەستیشیان بە سەر تۆپێکی هاوەنی ٨١ ملمو ڕەشاشێکی ناوەندیو تەقەمەنی یەکی زۆردا گرتووە سەرەڕای ئەوەی دوو سەربازی تری دوژمنیشیان دەستگیر کردووە کە بەکێکیان خراپ زامدار کراوەو هیچ زیانێکیش لە هێزەکانمان نەکەوتووە .

نامەیەکی دەستنووس بۆسەرۆکی بەرێز لەسەرۆك کۆماری تشادەوە

پێرێ بەیانی بەرێز طـــە محی الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار پێشوازی اصیل احمد وەزیری دەرەوەی تشادو وەفدەکەی لەگەلی کردووەو نامەیەکی دەستنووس کە ئاراستەی سەرۆکی بەرێز صدام حسین کراوە لەسەرەك کۆماری تشادەوە وەرگرتو لەو چاوپێکەوتنەدا باسی بەیوەندی دوو قۆلیو مەسەلەی دەولەتان کرا .

بەرێز عزة ابراهیم لەگەڵ سەرۆکی ئیتالی کۆردەبێتەوە

بەرێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆشکی کۆماری لە ڕۆما لەگەڵ سەرۆکی ئیتالیی ساندرو برتینی کۆبۆتەوە .

بەرێز عزة ابراهیم لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆبوونەوەکەدا سلاو ناواتی سەرۆکی بەرێز صدام حسین بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات بە شێوەیەك کە خزمەتی هەردوو گەلەکەیان بکات گەیاندە سەرۆکی ئیتالی برتینی .

هەروەها بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی شانازی عراقی دەربڕی بەرانبەرئەو پەیوەندیە ئیجابیەی کە لەگەڵ ئیتالیادا هەیەتیو دووپاتی گرنگیەتی قووڵ کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتەکە کردەوە .

لە هاتن کاتدا سەرۆکی ئیتالی باسی لە گرنگیەتی هەڵوێستی هەردوو وڵاتی- دۆست عراقو ئیتالیاو خەباتیان لە پێناوی حەقو دادپەروەریو سەربەستیدا کردو هەڵوێستی ئەگۆڕاوی ئیتالیا لە پشتگیری مافە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستینی لە گەیشتنە سەربەستیو سەربەخۆیی تەواوی خۆیدا دووپات کردەوە .

لە کۆبوونەوەکەدا بەرێز تایە عبدالکریم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری نەوتو بەرێز حسن علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری بازرگانیو دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەرێز باڵیۆزی عراق لە ڕۆما ئامادە بوون .

لە لایەنی ئیتالیاش بەرێز فرانشیسکۆ کۆسیگا سەرەك وەزیری ئیتالیاو بەرێز امیلیو کۆلۆمبۆ وەزیری دەرەوەی ئیتالیاو باڵیۆزی ئیتالیا لە بەغدا

بروانە : ل :٧





بەرێز سەرۆکی فەرماندە چاوی بە نێراوی سەرۆك شاذلی بن جدیدو نێراوی بەرێز یاسر عرفات دەکەوێت

بەرێز سەرۆك صدام حسین لە نووسینگەی ڕەسمیی خۆیدا لە کۆشکی کۆماری سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو چاوی کەوت بە نێراوی سەرۆکی جەزایر شاذلی بن جدید بۆلای بەرێزی ، بەرێز احمد طالب الابراهیمی وەزیری ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتی کۆماری

بەرێز الابراهیمی نامەیەکی زارەکی بە سەرۆکی بەرێز ڕاگەیاند لە برای بەرێز بەوە سەرۆك شاذلی بن جدید پەیوەندیی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی براوە هەیە سەرەڕای بارو دۆخی ئێستای عەرەبو نێودەوڵەتان .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەرێز عصمە کتانی وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو باڵیۆزی جەزایر لە بەغدا ئامادەبوون .

هەروەها بەرێز سەرۆك صدام حسین لە نووسینگەی ڕەسمی خۆیدا لە کۆشکی کۆماری نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ چاوی کەوت بە هەردو نێنراوی بەرێز یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەرێز سعد صایلو هانی الحسن ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی فەلەستین (فەتح)

سەرۆکی بەرێز لەکاتی ئەم چاوپێکەوتنەدا نامەیەکی دەستنووسی بەرێز یاسر عرفاتی وەرگرت پەیوەندیی بە بارودۆخی ئێستای عەرەبو نێودەوڵەتانەوە هەیە .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەرێز ناصیف عواد جێگری لێپرسراوی نووسینگەی فەلەستینو خەباتی چەکدار لە سەرکردایەتی ئەتەوایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا ئامادە بوو .

زیاتر لە دووهەزار سەربازی ئەمەریکی لەمیسر بۆدەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ماوەیەك لەمەوبەر کاربەدەستەکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە وڵاتەیەکگرتوەکانو ڕژێمی سادات لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتوون کە هێزێك لەو هێزانەی کە بەدەستتێوەردانی خێرایی ئەمەریکی ناو دەبرێن ڕێکەی دەدرێتێ کە لە کۆتایی ئەمساڵدا یاخود لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە لە میسردا مناوەرە بکەن .

هەروەها ئەو کاربەدەستانە ڕوونیان کردەوە کە ئەو تاقمانە لەگەڵ شتومەکیان بەفڕۆکەوە دەگوێزێنەوە بۆ میسر . وەزیری بەرگری ئەمەریکاش (هارولد براون) ووتی کە لەو نزیکانەدا چەند پلانێك دانراوە بۆ ئەوەی هێزەکانی دەستتێوەردانی خێرای ئەمەریکی میسردا مناوەرە بکەن

لەلایەکی دیکەوە یەکێ لە ئیستکە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمەریکا کە (ئەی .. بی .. سی) یە ڕایگەیاند کە نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئەمەریکی بەشداری لەو مناوەرییە دەکەن کە نیاز وایە لە مانگی کانوونی یەکەمی داهاتووو بکرێ بۆ دەرخستنی توانای ئەمەریکا بۆ دەست تێوەردان لەو ناوچانەی کە بە ناوچەی ئاژاوە ناو دەبرێن .

دیسان ئیستگەکە ڕوونی کردووە کە وڵاتە یەکگرتوەکان نەخشە دادەنێت بۆ گواستنەوەی سەربازەکانو هێزە سوپاییەکان بەفڕۆکەی گەورەی سوپایی بۆ یەکێك لە بنکە سوپاییەکان لە میسردا .

مەلیك حسین سەر لەمۆسکۆو یەکێنو هلسنکی دەدات

گۆفاری (النهار العربی والدولی)هەفتانەی لوبنانی پێرێ ڕایگەیاند کە مەلیك حسین مەلیکی ئەردەن لە ماوەی ئەم مانگەو مانگی داهاتوو سەر لە چینو یەکێتی سۆڤیەتو فلندا دەدات .

گۆفارەکە لە دەمی چەند سەرچاوەیەکی شارەزای عەرەبی یەوە ڕایگەیاندوە کە مەلیك حسین بایەختێکی گەورە بە سەردانەکەی مۆسکۆ دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە بارو دۆخی ناوچەی عەرەبیو ئەو هەوڵەی دواییەی دەوڵەتانی ئەوروپا لە بارەی کێشەی فەلەستینەوە .

کودەتایەکی سوپایی لە تورکیا

سەرکردەی کودەتایەکە دووپاتی دەکاتەوە کە وڵاتەکەی ڕێزی ڕێکەوتنە دەوڵەتییەکانو وڵاتەهاوسێکانی ناوچەکە دەگرێت

فەریق کەنعان ئیفران سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانی هەموو کاروبارێکی کودەتای سوپایی ووتی کە وڵاتەکەی ڕێزی ڕێکەوتنە دەوڵەتییەکانو بەردەوام دەبێت لە بنیاتنانی پەیوەندی باش لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا لەسەر بناغەیەکی پر لە یەکسانیو ڕیزگرتنی هەموولایەکو بە جۆرێك کە دەست لە کاروباری ناوخۆی هیچ دەوڵەتێك وەرنەدات ئیفران لەیەکەم قسەکرنیدا کە ئیستگەو تەلەفزیۆنی لە دوای لابردنی حکومەتی سلێمان دیمیرلدا بڵاوی کردەوە ووتی کە تورکیا وەفادار دەبێ بۆ بەیمانی باکوری ئەتلەنتی ناتۆ .

ئیفران باسی بارو دۆخی ناوخۆی وڵاتەکەی کردو ووتی بە زووترین کات حکومەتێکی مەدەنی پێك دەهێنرێو ئەنجومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانی هەموو کاروبارێکی وڵات لە ئەستۆی خۆی دەگرێ تاوەکو ئەم حکومەتە پێك بهێنرێت .

بەڵام بەنیسبەت سەروکی حزبە سیاسییەکان سەرکردەی کودە تایەکە ڕوونی کردەوە کە هەموویان بەشێوەیەکی کاتی دەستبەسەرن و کە بارودۆخی وڵات هاتەوە سەرخۆی بەڕەڵا دەکرین .

هەروەها ئیفران ووتی ئەندامانی بەرلەمانی هەڵوەشێنراو نادرێنە دادگا تەنیا ئەوانە نەبن کە ئەویاسەیەی لە ئارادایە بەهەلی دەزانن و لە پاڵیەوە حورمەتی قانون ناگرن .

دیسان ئیفران ووتی وڵاتەکەی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەو گیروگرفتە دەوڵەتییەکانەوە ئەوسیاسەتە ڕەچاو دەکات کە لەسەر بناغەی بیروباوەڕی وتوویژکردن بنیاتنراوەو ووتی بەزووترین کات ئەنجومەنی وەزیران پێك دەهێنرێو هەموو کاروبارێکی ڕابەندنی دەخرێتە ئەستۆی .

ئیفران ووتی سەرۆکەکانی حزبی عەدالەو (داد پەروەری) و گەلی کۆماریو ئاشتی نیشتمانیو بزووتنەوەی نەتەوەیی ئیستا لەژێر سەرپەرشتیو چاودێری هێزە چەکدارەکانن بۆ پاراستنی گیانیانو لە کاتێکی لەباردا بەڕەڵا دەکرێن .

هەروەها ووتی سوپا لەگەورەترین کاربەدەستی تا بچووکترینیان لایەنی دەوڵەت دەکرن بۆ بەدی هێنانی ئەو بیرو باوەڕو ئاواتانەو هەوڵدان بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکان لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت دابن .

ئاژانسە دەنگوباسەکانی جیهانی ڕایانگەیاند کەسەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی کودەتایەکی سوپایی بەسەرۆکایەتی فەریق کەنعان ئیفران سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا حکومەتی دیمیریلی لەسەر کار لابردوە. شایانی باسە ئەمە سێیەم کودەتای سوپاییە لە تورکیادا لەوکاتەی کە ڕژێمی کۆماری نەوێدا دامەزراوە .

Institut kurde de Paris

کورتە ژیاننامەی ئەو بەرێزانەی خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هاڵاوتووە

پارێزگای هەولێر یەکەم ناوچەی هەڵبژاردن

ناوی تەواو - ابراهیم حمد امین احمد شوێنی لە دایك بوون - هەولێر ١٩٣٦ . پلەی زانستی - دەورەی پەروەردەیی پاش ئامادەیی . کاری ئێستای - بەڕێوەبەری چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ژمارە -٢- لە هەولێر .

لە ساڵی ١٩٣٦ دا لە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووەو لە دەورەی پەروەردەیی دەرچووەو لە ساڵی ١٩٥٨ دا بە مامۆستا دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٧٦ دا کراوەتە سەرپەرشتی پەروەردەیی ، لە ساڵی ١٩٧٩ دا بە بەڕێوەبەری چاپخانەی ژمارە -٢ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر دامەزراوە .

چالاکی کۆمەڵایەتی - لە دەستەی بەڕێوەبردنی نبقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقی هەولێر لە ساڵی -١٩٧٥ - وە ئیشی کردووەو تاکوو ئێستا سەرۆکی یانەی نبقابەی مامۆستایانە ئەندامی ئەنجومەنی گەلی‌یە لە پارێزگای هەولێر .

ناوی تەواو -ابوبکر یاسین مەولود شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون هەولێر ١٩٥١ .

پلەی زانستی - مامۆستای زانکۆیی لە قوتابخانەی ناوەندی‌ی سیداوە بۆ وونتەوەی زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٥١ دا لە لە هەولێر .

گوندی کەندیاوە لە خێزانێکی جووتیار لە دایك بووەو چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی کۆزەبانکە لە ساڵی ١٩٥٧دا ولە ساڵی ١٩٦٣ تەواوی کردووەو خوێندنی ناوەندی‌ی لە دیبەگەو ئامادەیی لە هەولێر ساڵی ١٩٦٨ تەواو کردووەو چووەتە کولێجی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا ، بەشی زمانی کوردی ساڵی ١٩٦٩ ، لە ساڵی ١٩٧٣ دا تەواوی کردووە .

لە بواری وانە ووتنەوەو بەشداری کردنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌دا چالاکی‌یەکی فراوانی هەیە .

ناوی تەواو - احمد عبدالقادر نەقشبەندی شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون هەولێر ١٩٢٩ :

پلەی زانستی کولێجی حقوقی ساڵی خوێندنی ١٩٥٢ تەواو کردووە .

کاری ئێستای - سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن .

١ - لە هەولێر لە ساڵی ١٩٢٩دا لە دایك بووەو خوێندنی سەرتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی تەواو کردووەسەربە خێزانێکی ئایینی‌یە .

٢ - لە بەغدا کولێجی حقووقی ساڵی خوێندنی ١٩٥٢-١٩٥٣ تەواو کردووە .

٣ - بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقام‌و جێگری پارێزگار بووە .

٤ - لە ساڵی ١٩٧٤دا بۆ ئەندامێتی یەکەم ئەنجوومەنی یاسادانان هەڵبژێرراوەهەروەها بە ئەندامی موتەفەرغ لەیەمین ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن‌دا ئەنجا ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری‌و دارایی .

٥ - لە -١٣-٢-١٩٧٦ەوە تاکۆتایی دەورە بە سەرۆکی یەکەمین ئەنجوومەنی یاسادانان هەڵبژێرراوە . .

٦ - بۆ ئەندامێتی‌ی دووەمین ئەنجوومەنی یاسادانان دەست نیشان کراوە .

٧ - هەروەها بە سەرۆکی دووەمین ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن تاکو ئێستا .

٨- لە کۆمەڵە حقووقی‌یەکان‌دا ئەندامە .

ناوی تەواو - احمد عمر محمود شێروانی شوێن‌و ساڵی لەدایك بوون - هەولێر ١٩٤٩ .

پلەی زانستی - بەکەلۆریۆرس لە ئەدەبی عەرەبی‌دا .

کاری ئێستا - مامۆستای خانەی مامۆستایان -هی کچان ، هەولێر ساڵی ١٩٤٩ لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ئامادەیی لە پارێزگای هەولێر تەواو کردووەو بەکەلۆریۆسی لە ئەدەبیانی عەرەبی‌دا وەرگرتووە . .

لە سانەوی‌ی‌زاخۆ لە پارێزگای دهۆك لە ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٢- ١٩٧٣دا مامۆستا بووە .

ساڵی ١٩٧٦ بەڕێوەبەری ناوەندی‌ی شۆڕش بووە لە پارێزگای کەرکووك . . پاشان بەڕێوەبەری سانەوی‌ی شورجە لە پارێزگای کەرکووك ئەنجا مامۆستا لە ئامادەیی -الاخوە- لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٧٨ .

لە دەورەی ، سەرکردەکانی زمانی عەرەبی‌دا ، کە لە بەغدا بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی ٩-٩-١٩٧٨وە تا ٩-٣-١٩٧٩ بەردەوام بووە ، بەشداری‌ی کردووە و بە پلەی ئیمتیاز دەرچووە .

ئێستا لە خانەی مامۆستایان -هی کچان- لە هەولێر ، مامۆستایە چالاکی‌ی‌ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌ی هەیە .

ناوی تەواو - اسماعیل شیخۆ عبدالله

شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون - هەولێر ١٩٤٧ .

پلەی زانستی - خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە .

کاری ئێستای - لێپرسراوی کۆمپانیای گشتی‌ی بازرگانی پێ‌کردنی .

شتومەکی کیمیایی ، لقی هەولێر .

چالاکی‌ی کۆمەڵایەتی‌ی هەیە . .

ناوی تەواو - برهان احمد وحید شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون - هەولێر ١٩٣٩

پلەی‌زانستی- کولێجی پەروەردە - لقی‌کیمیای تەواو کردووە .

کاری ئێستای -بەڕێوەبەری گشتی‌ی پەروەردەی هەولێر . کولێجی پەروەردەی لە ساڵی ١٩٦٠دا تەواو کردووەو لە سانەوی‌ی ڕەواندووزی کوران بە مامۆستا دامەزراوەو لە ئامادەیی هەولێری کوران لە ساڵی ١٩٦٣دا ئیشی کردووە ئەنجا یاریدەری بەڕێوەبەر لە ساڵی ١٩٦٥دا باشان بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە لە ساڵی ١٩٧٤دا یاریدەری بەڕێوەبەری پەروەردە ئەنجا لە ساڵی ١٩٧٥وە کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی‌ی پەروەردەی پارێزگای هەولێر .

ناوی تەواو -جمال علی خضر. شوێن‌و ساڵی لەدایك‌بوون - هەولێر ١٩٣٦ .

پلەی زانستی - بەکەلۆریۆسی ئەدەبیات .

کاری ئێستای -بەڕێوەبەری بەرژەوەندی‌ی گواستنەوەی نەفەر لە هەولێر . لە ساڵی ١٩٣٦دالە هەولێر لەدایك‌بووەو خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێر تەواو- کردووەو بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٥٥دا بە مووچەخۆر دامەزراوە . ساڵی ١٩٥٩ گوێزراوەتەوە بەغداو لە زانکۆی بەغدا ، لەکولێجی ئەدەبیات‌دا خوێندوویەتی‌و لە ساڵی ٦٣-١٩٦٤دا تەواوی‌کردووە ، ساڵی ١٩٦٤ گوێزراوەتەوە هەولێر پاشان بە ژمیاری لە بەرژەوەندی‌دا دامەزراوە ئەویش هەر لە سەرەتای ساڵی -١٩٦٦-ەوە تا ساڵی ١٩٧٤ کە بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆرش بە بەڕێوەبەری بەرژەوەندی‌ی گواستنەوەی نەفەر دامەزراوە

ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لقی هەولێرو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی مووچەخۆرانو ئەندامی [illegible] ناوەندی، گەلە .

ناوی تەواو-جمال اسماعیل خضر .

شوێن‌و ساڵی لەدایك‌بوون - پارێزگای هەولێر ١٩٤٢ .

پلەی زانستی - بەکەلۆریوسی ئابووری .

کاری ئێستای- بەڕێوەبەری گشتی‌ی دامەزرگەی گشتی‌ی مافووری دەستکرد لە هەولێر

خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە . خوێندنی ئەکادیمی‌ی لە بەغدا تەواو کردووەو ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە ئابووزی‌دا وەرگرتووە .

ساڵی ١٩٦٤ لە وەزارەتی پیشەسازی دامەزراوەو ساڵی ١٩٧١ بۆ هەولێر گوێزراوەتەوەو ساڵی ١٩٧٤بە ژمێریاری مافووری دەستکرد دامەزراوە . کراوەتە یاریدەری بەڕێوەبەری گشتی لە ساڵی ١٩٧٨دا کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی‌ی دامەزرگەی گشتی‌ی مافووری دەستکرد لە هەولێر .

١ - کۆمەڵەی ئابووری ناسە عیراقییەکان لقی هەولێری دامەزراندووەو ماوەی چەند ساڵێك سەرۆکی بووە .

٢ - ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی گەلە لە پارێزگای هەولێر .

٣ - ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی‌ی هەولێرە .

٤ - لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی یانەی مووچەخۆرانی وەزارەتی پیشەسازی‌و کانەکانە .

٥ - ئەندامی دەستە ڕاوێژکاری‌یەکانە لە ئامادەیی پیشەسازی‌و ئامادەیی بازرگانی لە هەولێر .

٦ - لێپرسراوێتی جیگری سەرۆکی کۆمەڵەی دروست‌کردنی خانووبەرەی بەدەست بووە ساڵی ١٩٧٨ .

٧ - لە پەرەپێدانی پیشەسازی‌دا چالاکی‌ی نواندووە .

ناوی تەواو - علاءالدین حسن خضر .

شوێن‌و ساڵی لەدایك بوون - هەولێر ١٩٤٦ .

پلەی زانستی - خوێندنی ناوەندی‌ی تەواوکردووە .

کاری ئێستای - لە دیوانی دەستەی گشتی‌ی کشت‌وکاڵ‌و چاککردنی کشت‌وکاڵ لە پارێزگای هەولێر مووچەخۆرە ساڵی ١٩٦٩ سکرتێری یەکێتی‌ی ناوچەیی نبقابەکانی کرێکاران بووە پارێزگای هەولێر .

ئێستا ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی‌یە .

چالاکی‌ی ڕۆشنبیری‌و شیعری‌ی نواندووە .

ناوی تەواو - فائق جمیل علی

شوێن‌و ساڵی لەدایك‌بوون -کۆیە ١٩٣٢

پلەی زانستی - بەکەلۆریۆسی زانستی کۆمەڵایەتی‌و بەکەلۆریۆسی یاسا .

کاری ئێستای - ئەندامی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی عیراق‌و - جێگری سەرۆکی نووسەران لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی - وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لەبەغدا .

کورتەیەك سەبارەت بە ژیان‌و چالاکی‌یەکانی .

ساڵی ١٩٣٢ لە کۆیە لەدایك‌بووە ، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌ی تێدا تەواوکردووەو ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە . پاش ئەوە چووەتە خانەی بەرزی مامۆستایان ، کولێجی بەروەردە -ئێستا - ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٦ تەواوی کردووەو بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زانستی کۆمەڵایەتی‌دا وەرگرتووەو ، لە پارێزگای نەینەوا پاشتان لە هەولێر مامۆستا بووە ، کراوەتە بەڕێوەبەری پەروەردە لە پارێزگای هەولێر هەروەها لە هەمان ماوەدا سەرۆکی لقی نیقابەی مامۆستایان بووە .پاش ئەوە سەرپەرشتی پەروەردەیی بووە لە پارێزگای دباله‌و پارێزگای بەغدا ، ساڵی ١٩٧٤ بۆ ئەندامێتی‌ی ئەنجوومەنی یاسادانان دەورەی یەکەم دەستنیشان کراوە هەروەها لە شوباتی ساڵی-١٩٧٥-وە بووەتە ئەندامی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی عیراق .

لە ناوەڕاستی حەفتاکانیش‌دا بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە یاسادا ساڵی ١٩٧٦ وەدەست هێناوە ئێستا لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی‌ی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن بە مووچەی -جێگری سەرەك نووسەران ، بۆ گۆڤاری -ڕۆشنبیری نوێ- ئیش دەکات ، هەر لە ساڵەکانی یەنجاکانەوە لە چالاکی‌ی ئیشتمان‌پەروەری‌و نیقابی‌و ڕێکخراوە میللی‌یەکان‌دا بەشداری کردووە . هەروەها لە جۆرەها ژیانی ڕۆشنبیری‌و ڕۆژنامەنووسی‌و ئەدەبی‌دا بەشداری‌ی کردووە هەروەها چەندین نووسینی بە زمانی عەرەبی‌و کوردی هەیە .کە زۆربەیانی لە ڕۆژنامەی عیراق‌و گۆڤارە کوردی‌یەکان‌دا بڵاوکردووەتەوە .

ناوی تەواو - جلال عبدالواحد تدیم کاری ئێستای - لە دیوانی سەروکایەتی ئەنجومەنی یاسادانان ملاحظە .

ساڵی ١٩٦٦ بە لێپرسراوی بەدالە لە هەولێر دامەزراوە .

ساڵی ١٩٧٠ کراوەتە رابەری فێرکردن لە بەر ڕێوەبەری بەروەردە لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٧٤ نێراوەتە دیوانی سەروکایەتی ئەنجومەنی یاسا دانان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە تەموزی ساڵی ١٩٧٩ دا بۆ سکرتیری یەکێتی‌ی گشتی‌ی کوێرەکان لقی ناوچەی ئەتونومی پالێوراوە

ناوی تەواو - حسین عزیز بنو ڕەشوانی

شوێن‌و ساڵی لەدایك‌بوون- هەولێر ١٩٢١ .

پلەی زانستی - زانکۆی ئەزهەر بەشی فەلسەفەو سایکۆلۆجی‌ی تەواوکردووە . کاری ئێستای - مامۆستایە .

کورتەیەك دەربارەی بە سەرهاتی ژیان‌و چالاکی‌یەکانی :

مامۆستا بووەو ئەنجا بارید‌ەری بەڕێوەبەرێتی‌ی بەروەردە ئەنجا پشکنەری شارەزا لە زمانی کوردی‌دا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و ناوچەی ناوەڕاست‌دا-ئەندامی بەکێتی‌ی نووسەرانی کوردە- لە ڕۆژنامەی هەولێردا هەر لە ساڵی ١٩٥٢وە تاکوو ساڵی ١٩٥٥ نووسەر بووە . ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی‌ی گەلە لە هەولێر .

ناوی تەواو- عمر جمیل صالح .

شوێن‌و ساڵی لەدایك بوون- هەولێر ١٩٤٥ .

پلەی زانستی - دەورەی پەروەردەیی پاش خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە .

کاری ئێستای - مامۆستای توتابخانەی روناکی سەرتایی کوڕان. ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی ئۆمەراوەی سەر بە ناحیەی قرشتەپە لە هەولێر لەدایك بووە .

لە ساڵی ١٩٥٨دا لە توتابخانەی ئۆمەراوە قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە. بەڵام قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٦٣دا تەواوکردووە .

ساڵی ١٩٦٤ چووەتە دەورەی پەروەدەیی‌یەوە .

لە ١٥ - ١٢ - ١٩٦٤دا لە مامۆستا دامەزراوە .

چالاکی‌ی کۆمەڵا تی‌ی تواندووە

ناوی تەواو - یونس عبدالله ئیبراهیم .

مێژوو شوێنی لەدایك‌بوون - هەولێر (ئەیوکی عەرەب) ١٩٤٦ .

پلەی خوێندن - دەرچووی ئامادەیی پیشەیی‌کشتوکال .

کاری ئێستای - مووچەخۆر لە دەستەی گشتی کشتوکاڵ‌و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ - هەولێر .

چاو خشاندنێك لە ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی‌دا - لەبواری کاری نیشتمانی‌و کۆمەڵایەتیدا چالاکی هەیە .

ناوی تەواو - همزه عثمان یونس .

مێژوو شوێنی لەدایك‌بوون - هەولێر ١٩٣٠ .

پلەی خوێندن - دەرچووی خوێندنی ناوەندی .

کاری ئێستای - بەڕێوەبەری هاوبنەهەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی‌دا - لەساڵی ١٩٢٠ بە کاروباری کاسبی لەهەولێر ئیش کردووە .

لە ساڵی ١٩٦٣ کراوە بە موچەخۆر لەشارەوانی هەولێر . ئەندامی .

لە ساڵی ١٩٧٥ کراوە بە قایمەقامی قەزای چۆمان . . یەکەم دەوری ئەنجومەنی یاسادانان بووەو تا ئێستاشی بەردەوامە . .

لە ساڵی ١٩٦٧ کراوە بە بەڕێوەبەری ئیدارەی شارەوانی هەولێر . بە جێگری سەرۆکی یانەی (الاخاء الترکمانی) هەڵبژێراوەو تا ئێستا هەرماوە . بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەرانی هەولێر هەڵبژێراوە . . لە هەموو چالاکی‌یەکانی حزبدا لەهەولێر بەشداری کردوە .

ناوی تەواو - یونس عبدالله حبیب .

مێژوو شوێنی لەدایك‌بوون - کفرینوە ١٩٥٠ .

پلەی خوێندن - دەرچووی ساڵی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ی خانەی مامۆستایانە کاری ئێستای - متفرغە لە یەکێتی لاوانی هەولێر .

چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی‌دا - کە یەکێتی گشتی لاوانی عراق لقی هەولێر کاردەکات ئەندامی لقی ریکخراوی لەوجەوانانی لق هەولێری یەکێتی گشتی لاوانی عراق‌و بەرپرسیارە لە چالاکی زانستی‌و بەرهەمهێنان نساندا .

ناوی تەواو - محی‌الدین نافذ اسماعیل خۆشناو .

مێژوو شوێنی لەدایك‌بوون - کۆیە - هەولێر - ١٩٣٤ .

پلەی خوێندن - دەرچووی خوێندنی ناوەندی .

کاری ئێستای - سەرۆکی (ملاحظین) لە ئەمانەتی گشتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا .

چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی‌دا - خوێندنی ناوەندی لە هەولێر تەواوکردوە . کراوە بە مووچەخۆر لە پەروەردەی هەولێر ئەندامی ئەنجومەنی مەرگەزی گەلە لە هەولێردا.

ناوی تەواو - نافعه عثمان ابوبکر .

مێژوو شوێنی لەدایك‌بوون - هەولێر ١٩٤٤ .

پلەی خوێندن- بکلوریوس لە زانستی مێژوودا .

کاری ئێستای مامۆستایە لە ناوەندی صلاح‌الدینی کچان .

چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوس‌و چالاکی‌یەکانی‌دا - بوە بە بەڕێوەبەری ناوەندی سەقلاوەی کچان کە ساڵی ١٩٦٩ تا ساڵی ١٩٧٠ - لە ساڵی ١٩٧٤دا لە ریزی یەکێتی ئافرەتان بەسەرۆکی لقی هەولێر تا ١٩٧٨ کاری کردوە .

لەساڵی ١٩٧٨ - ١٩٨٠ بوە بە جێگری سەرۆکی مەکتەبی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی - بوە بە ئەندامی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسادانان .. لە دوو لیژنەدا وەکو بڕیاردەر لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و ئافرەتان‌و ئەندامی لیژنەی کاروباری ناوخۆو ڕۆشنبیری‌و ئەوقاف کاری کردوە . لەو بابەتە ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتیانەی بەشداری کردوە کە لە گۆڤاری ئۆتۆنۆمی کە ئەنجومەنی یاساوانان دەری دەکات بڵاودەکرێنەوەو ئێستاش مامۆستایە لە ناوەندیی صلاح‌الدین کچان لە هەولێر .

ناوی تەواو - محمد محی‌الدین محمد .

مێژوو شوێنی لەدایك‌بوون - هەولێر ١٩٤١ .

پلەی خوێندنی - دەرچووی خوێندنی ئامادەیی .

کاری ئێستای - مووچەخۆر لە کۆمپانیای بازرگانی عراقی‌ی لقی هەولێر .

چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی‌دا - لە گوندی سەربە شاخ لە دابك‌بووەوخوێندنی سەرەتایی هەر لەوێدا تەواوی کردوە.

لە ساڵی ١٩٧١ کراوە بە م/ملاحظ لەبەڕێوەبەرێتی بازرگانی ناوخۆ بەشی پشکنین لە وەزارەتی بازرگانی . ئێستا (ملاحظ) لە کۆمپانیای بازرگانی عیراقی لقی هەولێر .

ناوی تەواو - مهدی کاکو

بڕوانە : ل : ٩

Institut Kurde de Paris

وشەی «ئەلبەست»ی کوردی بۆچی قەدەغە بکرێت

بژار

لە نیو سەدە زیاترە هەلمەتی پاکڕکردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە گۆڕی سەندووە ، مامۆستاو رۆشنبیرانمان کۆششێکی زۆریان لەم بوواردەدا کردووەو هەوڵیانداوە بەرامبەر بە وشە بێگانەکان وشەی کوردی‌ی پەتی دابنێن و بەکاری‌بهێنن . یەکێك لەم ورشانە وشەی شیعر ـە کە جاران زوربەی شاعیرانی کۆنمان بە ـغەزەل ـ ناویان بردووەو وشەکە لەسەرزمان قورسە بە تایبەتی کە پێتی عەین ناوەندی گرتووە ، لە کۆمەڵی کوردەوا ریشدا وەکوو دەڵێن رەمەکی مەردمەکە شیعرو شاعیریان بەکارنەهێناوەو بەڵکو ـشایەر ـ ئەگەر لەو سووك کرابێتەوە مانای ناشیاوی جیاوازی دەستگیربووە .

ئیتر رووناکبیرانمان هاتوون وشەی ـهەڵبەست ـ یان بۆ شیعر هەڵبژاردووە . وا دیارە لەبارو لەسەر زمان سووك بووە بۆیە پسپۆڕانو خاوەنانی ماددەکە کە شیعرە ودریان‌گرتووە ، ئەوەتا ـگۆران ـ لە سەربەرگی دیوانەکانی خۆی دەنووسی ـدانەری هەڵبەست ـو بیرو لێکدانەوەی خۆشی پێ رادەدرێژێ .

هەرچەند دەگەم ئەو خەیاڵەی پێ‌ی مەستم بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

لەم دوایی‌یەدا لەبەر هەر هۆیەك بێت وشەی ـهۆنراوە ـ کە دەقاوەدەقی ـنظم ـی‌عەرەبی‌یە خەریك‌بوو جێی ووشەی هەڵبەست بگرێتەوە . پاشان زۆری پێ‌نەچوو ـچامەو ـچەکامەـ ش قووت بوونەوە . تا شەبۆلی دژ بە نوێی کۆنخواز ووشەی ـشعری کرد بە ـشیعرـ وا ووشەی هەڵبەست قەدەغە دەکات .

ووشەی هەڵبەست بێژیەکی ناسك‌و مۆسیقادارو سووك‌و ڕەوانە ، لە لایەن ماناشەوە بەندیواری‌و خزمایەتی‌یەکی زۆری لەگەڵ ناودرۆك‌و مەبەستی ماددەکەدا هەیە ، بۆ ئەوەش ووشەیەکی نوێ بێ بە ـزاراوەـ ئەو مەرجانە پشتیوانەیەکی تەراون .

واش پێ‌دەچێ ووشەکە مەیلەو کۆن‌بێ ؛ من بە رێکەوت چاوم بە ئامیلکەیەکی ئایینی شێخ مارفی نودێی کەوت کە لە ساڵی ١٩٣٦ لە چاپخانەی ـنجاحـی بەغدا چاپ‌کراوە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە ـهەڵبەستی حضرت فاضل عالم مشهور شیخ معروف نودی ایشده »

فەرهەنگەکەی مامۆستا توفیق وەهبی‌و ئەدمونەدز ـهەڵبەستـی بە هاوتای وشەی ـهەڵبەستن ـ داناوەو لە یەکێك لە مانا زۆرەکانی نووسیویەتی (دانانی شیعر ، ئەفسانە)و مانای دامەزراندنو جنین ، تێك‌بەستنیشی داس‌کردووە . لە فۆلکلوریشدا هاتووە :

من دوورو تۆ دوور بەیتێك ببەستین
بە فرمێسکی چاو جۆگا هەڵبەستین .

جا هەموو ئەو مانایانە لەو مەبەستانە نزیکترو ناسکترن کە مانای ـهۆنراوە

بژار کۆل

بڕوانە : ل : ٧

ڕەنگە پاڵەوانبازیی تاکەکەسی .. هەندێ جار کارێکی کاریگەر بکاتە سەر گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانو ئەنجامێکی ـ بچووك یا گەورە ـ بەدەستبێنی .. بەڵام دەبێ بیروباوەڕێکی لەپاڵ دابێ‌ولەوەوبەر لای پاڵەوانەکەگەلە بووبێ .. ئەی ئەگەر ـ مێشکێکی پووت ـجلەوی ئەو کەسە سەرچلەی‌لە دەستدا بێ .. تۆ بڵێی هەر بە سەرکەشی ڕووت‌بتوانێ شتێ بە شتێ بکات ؟!

شانۆگەری «گولە مێخەك»و هونەرمەندانی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی دەیانەوی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.. کە لە ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانو ڕۆژانی دواتریش‌دا لەسەر شانۆی سانەوی سەلاحەدینی‌سلێمانی شانۆگەری« گولەمێخەك »یان پێشکەش‌کردو ئەم نووسینەدەربارەی پێشکەشکردنەکەی‌ڕۆژی ٢٦ ی حوزەیرانە .. گەرچی ڕۆژانی ترپش لە بارەی فیکری شانۆییەکەوە جیاوازی نەبوە ..

«گولە مێخەك»
میمان فیردەکات

ـ ڕەئوف حسن ـ

بەر لە هەموو شتێ پێویستە بۆ ئەو خوێنەرانەی شانۆگەری یەکەیان نەبینیوە.. فیکرەیەك لەبارەیەوە وەرگرن بۆیێ بەم چەند دێڕە بۆیانی باس دەکەم .

« مامۆستایەکی چاوباشقەڵو بێتوانا کە ناوی « عەول »ە ـ مستەفا ئەحمەد ـ چاوبرکێ لەگەڵ ژنی قایمقامێکی تازە دامەزراوو تازە زاوادا دەکات .. کاتێ پێکەوە لە باخچە گشتیەکەی شاردا پیاسە دەکەن .. قایمقام ـ ئازاد جەلال ـ لەم کارەی عەول دەهری دەبێ‌و هەرەشەی لێ‌دەکات . . عەولیش تێ دەکەوی‌و چی‌یە سەرزارید دێت لە جنێوو هەرەشە درێغی ناکات . ئیتر کێشەی نیوان ئەم دوانە درێژە دەکێشێ‌و دەبێتە هۆی دابەش بوونی خەڵکی ئەو شارە بە دوو بەشەوە .. تا ئەنجام بە دەرکردنی مامۆستاکە دەشکێتەوە » .

کاك سمکۆ ناکام ئەم شانۆییەی لە کورتە چیرۆکێکی نووسەری عیراقی ـئەدمۆن سەبری ـ ـەوە بە ناوی « باخچە گشتیەکە » وەرگرتوە .. دوای کەمێ دەسکاری بەو شێوەیە ئامادەی کردوە کە لەسەر شانۆ پێشکەش کرا .. کە دەتوانین جیاوازیەکان لەم خاڵە سەرکیانەدا کۆ بکەینەوە :

١ ـ کێشەکە لای ئەدمۆن بەهۆی چەند قوتابیەکی لاسارو فیتنە بازەوە دروست دەبێ کە دەیانەوێ گێتاوەرۆ یەك بۆ مامۆستاکەیان بنێنەوە . . بەڵام سمکۆ قوتابیەکانی کردۆتە نموونەی گوێڕایەڵی‌و کۆشش‌کردن .

٢ ـ ئەدمۆن وای نیشان دەدات کە سەرەتای هاتنی قایمقامی لاوو ژنەکەی دەبێتە تروسکایی ڕووناکی بەخش بۆ خزمەتی شارەکە بەگشتی‌ی باخچەکە بەتایبەتی .. بەڵام لای سمکۆ تەنیا ڕووی ناهەمواری دەست بەسەراگرتنی باخچەکەو تێکدانی نەریتی ناوچەکە ئاشکرایە ..

٣ ـ ناوی چیرۆکەکە « باخچەگشتیەکە » یەو سمکۆ کردوێتیە « گولەمێخەك » .. بەڵام ئەم ناو گۆڕینە گەر وەك ڕەمزیش بەکارهاتبێ ، نەتوانراوە ئەو مەبەستە بەدی‌بێ‌و دوایی ئەم خاڵە زیاتر ڕوون دەکەینەوە .

٤ ـ زۆرانبازی چیرۆکەکە لەنیوان بەڕێوەبەری قوتابخانەو بەڕێوەبەری ناحیەکەدایە . . ئەك مامۆستایەك‌و قایمقامێك .. گەرچی ئەمەیان بە سەرزارەکی گرینگ نیە ، بەڵام کارێکی سەرەکی دەکاتە سەر ئیدامە پێدانی زۆرانبازیەکەو ڕاگرتنی لەنگەری هەردوو تای ترازوەکە .

سەرەڕای ئەم خاڵانە سمکۆ چوار پێنج مامۆستای قوتابخانەکەی سڕیوەتەوەو تەنیا مامۆستایەکی شاعیری ئەتەك عەولدا داناوە . لەوڵاشەوە چەند کرێکارو بازرگانێکی بۆ دروست‌کردوە کە تەنیا « ڕاوی »یەك دەبتوانی جێگەیان بەتەواوی پڕ بکاتەوە .. ئەم جیاوازیانە کارێکی وای نەکردوە کە گەوهەری کێشەکە فەرامۆش بکرێ‌و تەنیا لە درێژەپێدان‌دا دەوری خۆیان دەبینێ ..

جەماوەری شانۆ کاتێ لە بینینی شانۆگەری‌یەك دەبنەوە پێویستە لە خۆیان بپرسن : ئەم کارە هونەریە چی لەلا بەجێ هێشتین؟! یا هەر هیچ نەبێ بپرسن : ئەرێ چی وت ؟ !

ئەی چاو بەلەك شۆڕەبی
وەك گولەمێخەك شین دەبی
گەر تۆ لەتەك من نەبی
نەمبێنم دەك یا ڕەبی
ئەی مێخەك بۆچ هەر
تۆم هەی
دەزانم تۆوی سبەی
غەمی ئەمڕۆ لادەبەی
دەی چاو هەڵۆ وەرە دەی.

ئەم وشە مانادارانە کە لەناو ـ دەلیل ـ دەکەدا نووسراوە .. بۆ‌ن‌و بەرامەی گەوەی لێ‌دێ کە ئامادەکەر بڕوای بە نەوەی نوێ هەبە.. واش چاوەڕوان بووین ئەم ئومێدو بڕوابوونە بە شێوەیەکی هونەری‌و زانستیانە لە شانۆگەریەکەدا پێمان بسەلێنرێ ..

بەڵام لە ئەنجامی شیکردنەوەدا بەم جۆرە دەکەوێتەوە :

قوتابیە منداڵەکان .. ئەوەی مامۆستا عەول پێیان دەڵێ وەك تووتی دەیڵێنەوە.. تا ئەو ڕوژەی باخچەگشتیەکەیان لێ زەوت دەکرێ‌و کۆششیان لێ تێك دەدرێ .. ئەو کاتە تێ‌دەگەن کە دەرسی «واجبات»و هەموو ئەو شتانەی دەرخیان کردوە هەڵەن .. چونکە تاکە کەسێکی دەسەڵاتدار دەتوانێ ئەو شوێنە گشتیانەی هی هەموو میللەتە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێ .. ئەم هەقیقەتە چ لای عەول‌و چ لای خەڵك‌و خواکە ئاشکرایە . . ئەو کەسەی سەرکردەیی ئەم هەقیقەتە دەکات‌و لە بنچینەش‌دا توش‌بوە مامۆستا عەولە کە سەرەڕای چاو باشقەلی .. بایی دوو پوول مێشك لە کاسەی سەری‌دا نیەو تەنانەت هێند بێ تواناو هیچ لەبارا نەبوە کە چەندان ساڵە سێچوار ڕستە زیاتری پێ نیە لە دەرس‌دا بەقوتابیانی بڵێتەوە ..

بەڕێوەبەری قوتابخانەش (شنوکرەفەنی) ـ کەمال سابیر ـ لە مەرایی‌و مامەحەمەیی کاربەدەستان بەولاوەهیچی‌تریان لە باردا نیەو لەباردا بەئاستەمیش ڕووناکی تیا بەدی ناکرێ .. مامۆستا فەرهادی شاعیریش ـ حەمە ڕەشید هەرەس ـ هەموو جارێ ئەوەمان بۆ دەسەلێنن کە شاعیر ئابێ بە ئەقڵ‌و بیرو هۆش کار بکات .. بەڵکو هەردەم دوای سۆزو عاتیفە کەوتوە .. لە جیاتی مێشك بە دڵ بیر دەکاتەوە .. ئیتر ئەو غونچەی ئومێدانەی . . ئەو گولە مێخە کانەی کە ئەوەی دوا ڕۆژن‌و (غەمی ئەمڕۆمان لادەبەن) هەمو هەموویان بە پەنجەو ئەقڵ‌و هۆشی ئەو سێ کوچکە ئەنتیکەیە پەروەردە دەبن ـ بەڕێوەبەرو عەول‌و شاعیر ـ.. جا نازانم ئەو پشکۆیانە ، بەم باوەشێنانە دەگەشێنەوەو گەرمایی دەبەخشن یا لە پرشکی سووتێنەرو دووکەڵ‌و خۆڵەمێش زیاتر هیچی تریان لێ دەوەشێتەوە ؟! چونکە بەناگایەکی ترو ئامێزێکی کۆرپە گۆشکەری تر لە شانۆگەریەکەدا نابینین .

ئەمجا ئەگەر سمکۆ ناکام لە گۆڕینی ناوی چیرۆکەکە بە گولەمێخەك مەبەستی ئەوە بووبێ کە بایەخدان بەمرۆڤ لەپێش هەموشتێکی ترەوەیە ئەمە کارێکی گەلێ پیرۆزە ..

دەبێ لەوە ئاگاداربین کە شانۆگەری کارێکی تاکە کەسی نیەو کۆمەڵێ بەهرەو بیرو هۆش‌و توانا تیای‌دا بەشداره. بۆیێ دەبێ هەموویان لە کەلەبەرو ناتەواویەکانی‌دا بەرپرسیاربن‌و بە تەنیا پشت بە نووسەر یا ئامادەکەری شانۆییەکە نەبەسترێت . . چونکە لە کاتی پرۆڤەکردنی زۆرداو .. لە ئەنجامی هونەمەندی‌و بەسەلیقەیی دەرهێنەرو ئەکتەرو هونەربەکانی تردا گۆڕانکاری ئەوتۆ بەسەر تێکستەکەدا دێت کە لە بەرژەوەندی فیکرو هونەرەکەش بێت‌و بەهاکاری هەموویان خزمەتێکی گەورەتر بە جەماوەر بگەیەنن ..

لە کۆتایی‌دا ئەم چەند وردە سەرنجانە کە هەندێکی تەنیا لە شێوەی پرسیاردایە پێشکەش دەکەم .

١ ـ ئایا چیرۆکی کوردی ئەوتۆمان نەبوو کە بۆ شانۆ ئامادەبکرێت‌و لەوەکەی ئەدمۆن

بڕوانە : ل : ٧

کورتە چیرۆك
ل ئورتا رویدانی وگەهشتنی

صدیق شرو

ـ بەشی یەکەم ـ

چەوا دزفرن یانکو ب شەڤ و روژا ب بدویف کارەمانیڤە نینە . (مروڤێت چیروکێ پێترن ش چیڤانوکێ نڤیسڤانی هند دەلیڤە نینە کو لسەر ئەندامە بدلێ خو باخڤیت وش رەهو ریشالا بکێشتە دەرێ ...(٢))

ئەڤاهە ب بکێر تێت کێت لدەستودارێ سوشیالستی دەمێ کو کریارێت ئێکانە جێهێ خۆ نەبیت چنکو ژیان تێتە گوهورین وقارەمانی بەرزەدبیت لناڤ هێژا کومەلی وگەل . هەر دەسا ئەو مللەتێت ش‌نوی رابی حەژ کریارێت قادەمانی دەکەن چنکو هێش د زەعیفن و کێم هوشن چەوا بچیك حەژ چیروکێت عنترێ کوردێ شەودا دکەن‌و و سندەباد و علاءالدین و هرقل و ماجستی ... هتد چنکو هەمی سەهمە و کریارێت بێ تاڤەتن ..

و ئەڤ چیروکێت هاتینە نڤیسین ل سەدەی چاردێ زایینی یان سەدەیێت نافنجی . باسێ پاڵەوانێ و قارەمانیا سوارا یە لدویف تێکەهشتنا وی دەستوداریی .

نزیکە ئەڤانە لڤی سەدەی بکێرناهێن چنکو ناگەهنە کریارێت نهو هەر وەسا کومەل ب ریکەکا گەل یێ د چیت و ئەو ئەفسانە و هەلامتە نەل دیف ئاقلێ وانە ئەڤە ب کێرناهێن لدەمێ ئامیرەتی و چەرخێ ئەلەمتریکێ . چونا بانێ هەیڤێ .

١ ـ فن القصه القصیره ـ ص١ د رشاد رشدی .
٢ ـ الروایه العراقیه د عمر محمد الطالب .

نڤیسینا لسەر ڤی بابەتێ بەلاڤ و تا ژێ چوی گەلەکا ب سەهمە هەر وەسا ب سەدڤەچونەکا کویرو دویر پێ دڤێت . مەلەڤانەکێ چەلەنگ تڤیا ب کەفتە باسکا ل ڤێ دەرێ .. نڤیسڤان دەشەنە نڤیسین لسەر یابەلاڤە چنکو ئەڤ جوینە بابیە گانێ چەرخی ئەڤجا دویربینەکا روهن پێ‌دڤێت هەمی لایێت جیهانی پێ بیبینیت ..

پێ نیاسینا ـ چیڤانوکێ ـ

هونەرەکێ نوێە لسەدێ نوزدێ ب دروستی‌یا رویدای، و دنورێ ڕۆژ ئافادا یا هاتیە نیاسین ، وئەوژی نەهەما هندە بەر پەرێت نڤیسینێنە وهند لێ مەبەست ئەوە کو ئەوژێ تایەکێ سەر بخۆیە د باغچێ تۆری‌دا روخسار و ناڤبەروکێت تایبەتی هەنە.

ئەڤ جورە یێ هاتیە نیاسین ش لایێ گەلەك تۆرڤان ونڤیسڤانا ڤە ئافا و هەلاتی‌یا و ژبلی وانا ..

نڤیسڤان « ئەدگارئەلان‌بو» دبێژیت « چیڤانوك گەلەکا جودایە ژ چیروکێ ئەڤە هەرسێ یەکانێت چیروکێ ب‌کار نائینیت جودا کارو کریار چیڤانوك کریارەکی وەردگریت یان کەسەکی یان سوزو کژەکی ئان ژی هندە سوزا وکژێت داخبار ..

دیسا ئەلان‌بو ئەل ڤی راوەستیانی ب تنێ نیاسیە وهند بەلێ لسەر روخساری‌و ناڤبەروکی ژی ئاخفت ، کورتاوێ ودرێژبێ ودەمێ بداندناوێڤە دچیت . گوت تنیا تەمەنێ وێ لدویف شیانا خاندەڤانی بیت دل دەلیڤەکا کێم ئانکو ژ نیف ساعاتی تا یەك ونیڤا بیت دگەل خاندنەکا چاك »...(١)

لێ هندەك لدویف وێ نیاسینێ ئەچون و وەرباندی تر لێ کر وەکی چ .چی.وێلز. گوت خاندنا وێ پێتر ش ١/٤ یان نیف ساعاتێ نەبیت...(٢) دکتور عمر الطالب گوت تڤیا پەبڤیت وێ ش ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ پەیڤا بیت محمد مندوریش دبێژیت : «چیڤانوك ب فرەنسی ئەڤەهە چارە سەریا لایەکێ ژیانێیە ئەهەمی لایێت وێ زبەر هندێ ب‌کارتێت ژ دارشتنەکێ لدویف کریارەکی یان هندە کریارا . وچیڤانوك هونەرەکێ سەربەخویە ش کەساو روخساری و ناڤەروکی وریکا نڤیسانێ لبەراهیا نڤیسڤانی یاتەنگە ژبەر هویریاوێ چنکو قەلسی د پەیڤادا دڤێت . هەروەسا تڤیا کریارەکی کویر ودرێژ نەرەلکریت . کو ژیان هەیامەکا درێژ پێڤە بەت ومژیل بیت چنکو دێ نڤیسڤان کەفتە کرێ و دێ بیتە لچ لچا پێ‌دوی تێرا وسودێ ژێ نا وەلکریت »(١)

چەوا پەیدابو .. ؟

هەولدانا ئێکی لسەدێ چواردێ پەیدابو ل روما . قەسرا پاپای پردبو ژ کەس و کارێت وی دوست و نیاسا . دەنگ و باس دگێران ڤەدگوهاستن ، بشکا بێتر ژوان دەنگ و باسا لسەر تەخا دەرەبەگابو پێوەندی ب ئولێ وکەنیشتێ ڤە هەبو مەزەلەکا مەزن بو هندی ترخان کربو دگوتی « کارگەها درەوان » مصنع الاکاذیب » شەڤێت درێژ ب هندێ ڤە دیوراندن .. شێوێ ڤانە بێهن چیروکا ژێ دهات یەکم بێهن ژ چیروکا « پوچیو »ی دهات ئەڤی چیروکەك گوت تێدا گوت جارەکێ من هەڤالەك هەبو ژناوی زورا مەرد بو دگەل هەڤالا .. دڤیا ئێسانەکێ بگەهینتێ هزرێت خو کرن دگوتە ژنا خو .. ئەس تە نا بەردەم تەنا گوژم بەلێ هەر سال دێ کورەکی ش تە چێکەم یشتی کومەکا بچیکا راددەمە دمالێ دا شنیکا دێ تە هێلم و چم دا رەزیل بیی‌و شەپرزەیی ب ڤان سافاکافە .. لڤێ چیروکی مەبەست و پێوەندی دگەل ئولی نامینیت ورەنگەکی کومەلی وەلدگریت ..(٢)

هەولدانا دووێ : ئەوە باکو بوکاجیو پێ رابی وچیروکێت « ئەل دیکامیرون» نڤیسین وبەرهەڤ کرین ونشتی دی موباسان هات لیڤا سەدەێ نوزدێ ولسەر رێکا ریالزمی چو ئەوا کو پتتی وی چیروك نڤیسیت مەزن هاتین و لدویف رێکا وی چوین وەکو ـ ئەنتون چیکوف ، کاترین مانسفیلد، ئەرنست همنغوای ، لوچی بیراندازللو ... محمود تیمور، یحی حەققی ، ئەمین یوسف غوراب ، وداد سکاکینی . عبدالمجید لطفی الربیعی هتد

(١) ئولکوردستانێ حسین عارف سەروەرێ کورتە چیروکێ .

چەوا چیڤانوك‌یا جودایە ش چیروکێ ؟

ئەم نابێژینە ڤەبەرژاندا چیروکێ کورتە چیروك چنکو بابەتێ چیروکی بابەتەکێ ساغ‌و دروستە ش هەرسێ ئێکانافە دەم و کات کریار و جێهە هەر وەسا بایە تەکێ بەرفەرەهە و ش‌گەلەك کریارا ب کارتێت و کەسانێت وێ دمنەنە وهە ئێکی گەرا خو یاهەی . تاکو ئەم دشێن کریکاری مروڤەکی بکینە چیڤانوك .

دیسا نڤیسڤانێ چیڤانوك خو لسەر گەلەك تشتارا د هاڤێت ودهێلیت خول بچیکی ئاگریت چەوا مەزن دبیت دەم دەوران جیهانێ

١ ـ سەرچاوەی ئەمەوەرگێرانە ، کتێبی ـ یەسەنین :شیعری هەڵبژاردە ـ یە کە لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی عیراق و لە لایەن شاعیری ناسراو حسیب الشیخ جعفر)ەوە بە شێوەی پەخشان ڕاستەوخۆ لە زمانی ڕووسی‌یەە گراون بە عەرەبی . دوو شیعری دوایی هەر لە ئەسڵدا یەسینینی خۆی ناوونیشانی بۆ دانەناون .

دوو بابەتی شیعری یەسەنین

شێرکۆ بێکەس
بە شیعرەوە
کردوونی بە کوردی

هۆ زریان ، زریانی بەفر
لە ڕێگەتا ، لەگەڵ خۆتا
ڕۆژانی سیس‌بووم ڕامالە .
من ئەمەوێ ، بیمە منداڵێکی ڕووگەش
باخور گوڵێ لە مێرگێکدا
من ئەمەوێ بمرم‌و گوێم لە لێدانی ،
فیکەی شوان بێ
ج لەبەر خۆم‌و چ لەبەر کەسانی‌تر .
بەفرانباری ئێوارانیش .
بە زرنگەی ، زەنگی ئەستێرە ئاسایی .
گوێچکەی بیستنم پڕبکا .
ئای لە سۆزی ئەو ئاوازە زۆر ڕەوانەی .
کە ئەشکەنجە ، لەناو گەردەلوولی بەفرا .
نوقم‌ئەکا .
من ئەمەوێ وەك درەخت بم
لە ڕێ‌وباندا .
لە سەر یەك قاچ ڕابوەستم .

من ئەمەوێ دەس لە ملی .
درەختە پچکۆلانەکەی تەنیشتم کەم .
دەنگ‌دانەوەی پرمەو کورزنی ئەسپیش هەر .
لە گوێمدابێت .
دە کەواتە ئەی دەستی مانگ
خەمباریم وەکوو گوزەی پڕ ،
سەرخە بۆ لای بڵندیی خۆت .
١٩١٩

٢ ـ (. . . . . .)

گەلای درەخت ئەوەرێت‌و هەر ئەوەرێ‌و ،
«با»یش بە ئەسپایی‌و بەردەوام ،
ئەنالێنێ .
هاوڕێکەم ! کێ بێ دڵی من شادبکات ؟

کێ بێ ئارام سوکنایی بێ ببەخشێ ؟

من گەلێ جار پێڵوی قورسم هەل ئەبڕم‌و .
ئەڕوانمە مانگ .
بەرفراوانە بێ‌دەنگی‌و . جارێکی‌تر . کەلەشێربش
دەس‌ئەکاتەوە بە بانگ‌دان .

وا گەردوو گوڵی بەیانەو هەست بە خۆشی‌ی .
باڵەفرێ‌ی هەموو ئەستێرەکان ئەکەرێ .
کام ئارەزوو .. چ حەزێکە
لێوان لێو گیانی پڕکردووم ؟
ئەبێ چی بێ ئا ئەو حەزە ؟

لە ژێر باری قورسی دنیادا ئەبێ من .
هیوام چی بێ . کاتێ ماڵ‌و چارەنووسم ؛
بە نەفرەتکرد ؟
ئەمڕۆ ئارەزووم وەهایە .
لە پەنجەرەی ژوورێکەوە ..
لە کیژێکی جوانی منداڵ وردبمەوە
ئەویش بە نیگای وەکوو دوو ،
گوڵە عەمبەری شینەوە
بە دەم‌و دوو هەستی تازەو شیرینەوە
هەر بۆ خۆم‌و کەسی تر نا
ئارام بخاتە دڵمەوە .

لە ئاو هێمنی‌و بێ‌دەنگی بەر تریفەی .
مانگە شەودا خۆم ئەبینم
منداڵێکی دڵ خوشی‌کەم .
هەرگیزو قەت پەشیمان نیم لە جارانی منداڵی خۆم

بەم دواییەش بۆم نووسرابوو کەدیم‌و ،
لەرو لاوازوو گیان شەکەت
شوێن قافیەی دەربەدەری خۆم ئەکەوم .
١٩٢٥

Institut Kurde de Paris

جیرۆکی ئەو پاڵەوانەی کە سۆزی لەموو یاری دۆستانی جیهانی لەژاند

هیچ یاریزانێك لە جیهاندا ەگەیشتوتە ئەو پلە سەر- سوڕهێنەرەی کە -بیلیە- لە -١٣٦٢- یاریدا بەشداری کردووەو لە ئەنجامی ئەو یاریانەدا -١٢٨٠- گۆلی تۆمار کردووە .

-بیلیە- بە هۆی ئەو توانا بەرزەی کە هەیبووە لە هیچی نەبوونیەوە گەیاندوویەتە پلەیەکی مەزنی و ناوبانگیەکی هێژاوبان پێ داوە .

-بیلیە - خۆی ئینکاری لەمە نەکردووەو هەمیشە سوپاسی یەزدانی کردووە کە ئەو بەهرەیەی پێ بەخشیوە . -بیلیە- لە دوا یاری ئەم دووایەیدا کە لە نیویورك کرا لە کاتێکدا کە یاریگای بەجێ هێشت فرمێسك و زەردەخەنەی ئاوێتەی یەکتر کردبوو چونکە وەك خۆی دەڵێت ئەو تۆپە بەجێ دێڵێت کە دڵو گیانو ژیانی بووە .

-سالدانای رۆژنامەنووسی بەرازیلی بەم جۆرە باسی بیلیە دەکاتو دەڵێ :

-بیلیە بۆ بەرازیل وەك شکسپیر وایە بۆ ئینگلیز -. سەدەها جار تۆپی قاچی بیلیە تۆڕ -شەبەکەی گۆڵی یاریگاکانی لەراندووتەوەو سەرنجی هەموو کەسێکی بەرامبەر خۆی راکێشاوە لەبەرئەوە کارێکی دژوارو ئازانە کە لە بیر خەڵکی بچێتەوە بیلیە- هەر لە تەمەنی -١٧- ساڵییەوە ئەستێرەی ناوبانگی کەوتۆتە درەوشانەوەو هەر لەوکاتەوە بۆتە یاریزانێکی دوەلی لە جیهاندا .

ئەو یارییەی کە لە ساڵی سەرکەوتنی بەرازیل بە سەر ئورۆگوای‌دا لە ئەنجامی ئەو یارییەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ کرا . بیلیە بووە مەزنترین یاریزانی هەموو جیهان . لەبەرئەوەی لە گۆڵێکی سەر سوڕهێنەری تۆمار کرد بو بۆ تیپەکەی کە بوو هۆی سەرکەوتنی بەرازیلو هەر ئەمەش بورە ڕێگا خۆشکەرێك بۆ هەمان سەرکەوتنیان بە سەر ئیتالیا داو ئەنجا دەستی هێنانی -کاسی جیهانی -.

باوەڕ بە خۆبوون لە ناو یاریگا دا هەر لە تەمەنی -١٧-ساڵییەوە کە بووە یاریزانێکی دوەلی لە جەستەو هۆشی -بیلیە- دا لە دایك بوو .

-بیلیە- بەختێکی سپی‌و لەباری هەبووە کەلەگەڵ یاریزانە گەورەکانی جیهاندا دانراوە وەك -سانتوسی- دیدی- کارنیشا -زاگالو- هەروەها بەشدار بوونیشی لە گەڵ -جیرسۆنو ئوستاو- دا لە مەکسیك .

هۆیەکی تری ناوبانگی‌یەکەی ئەو توانا جەستەییە -القدرة البدنیە - بەرزەی بوو . بە پێچەوانەی باوکی‌یەوە کە بە شکانی قاچو دەستو ئەبوونی‌و دارایی‌یەکی پێویستەوە دەینالاند بەڵام سەرەڕای ئەمە -بیلیە- ی کوڕی فێری خۆشەویستی‌و تۆپو زال بوونی بەسەر تۆپدا دەکرد .

-دونای دایکی دەسەڵاتێکی بەرزی هەبووە لە ناو ماڵداو سەرەڕای ڕۆحە ئاینیە بەرزەکەی .

دایك‌و باوکی بیلیە هەوڵێکی زۆریان دا تا کوڕەکەیان لە مرۆڤێکی هەژارو نەبوونەوە گەیاندە ڕێزی پیاوە بەرزەکان .

بیلیە -لە ماوەی ژیانی وەرزشیتی دا بە دیدەنی -١٠٠- مەلیك‌و -٧٠- سەرەك کۆمارو -٤٠- سەرەك حکومەت شاد بووە .

لە کاتێکدا کە لە یاریگا دەهاتە دەرەوە هەموو جەڵك هاوڕێکانی ناسیاوو نەناسیاو دەچوونە لای‌و ئەویشی -شەربەتی- بە سەر هەموواندا دەبەشبیەودو لە جەرگەی دەروونیشی‌یەوە گۆرانی دەووت .

ئەنجا دەبا یادی -بیلیە -ی مەزن بۆ هەتا هەتایی لەبەر چاومان بدرەوشێتەوەو هەرگیز نەیخەینە گۆشەی لە بیرچوونەوە .

سلیمانی-هوشیار قادر رسول

دیدەنی یەکی فرۆلشکری و خلیل رحیم محمد

عوسمان عەبدولواحید خۆشناو



لە ٢٥-٢٩-٦-١٩٨٠ بە چاودێری پارێزگاری هەولێر بەرێز بەهادین ئەحمەد لە مەلبەندی لاوانی هەولێر پاڵەوانێتی زۆرانبازی کراو پاڵەوانێتیەکە زۆر پارێزگاکانی وولات تێدا بەشدار بوون و پێنج رۆژی خایاند . بەم هۆیەوە چاومان بە فێرکەری زۆرانبازی مەلبەندی لاوانی هەولێر کەوت کە کاك

١- فرۆ لشکری- یە . بۆ ئەوەی لە بارەی ئەم پاڵەوانێتیە بدوێ --

ب١: چەند پارێزگاو یاریکەر لەم پاڵەوانێتیە بەشدار بوون؟

و١ - شازدە پارێزگا لەم پاڵەوانێتیە بەشدار بوون تەنها پارێزگای دهۆك‌و ئەنبار بەشدار نەبوون . ژمارەی یاریکەرانیش -٤٠٠- یاریکەر دەبوون ، هەروەها تەمەنیان لە ١٣ ساڵەوە بۆ ١٦ ساڵ بوو .

ب٢ :ئایا ئەنجامی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە چۆن بوو ؟

و٢ : هەولێر لە پارێزگاکانی وەرتاڵا بە سێیەم دەرچوو . -٣٢- خاڵمان هەبوو بە حاڵێك بردمانەوە .

ئەو یاریکەرانەیش کە بەشدار بوون ئەمانەن

١ - جمیل محمد
٢ - همداد لشکری
٣ - نشاءة بشیر
٤ - چلبی شکر
اسماعیل حسن .

ئەم یاریکەرانە هەر بێنجیان بە یەکەم دەرچوون واتە هەر یەکێکیان لە تاکی‌دا بە یەکەم دەرچوون

پ٣ : ئایا ئەم یاریکەرانە ئەچن بۆ هیچ لایەك ؟

و٣ : ئەم یاریکەرانە پاش ماوەیەکی کە ئامادەن بوون بۆ سوید بۆ بەشداری کردنی پاڵەوانێتی جیهانی . کە پاش ماوەیەکی تر دەکرێ .

پ٤ دوا ووتەت چی‌یە ؟

و٤ هیواو ئاواتم ئەوەیە ئەو یاریکەرانە سەرکەوتنێکی باش وە دەس بهێنن تاکو ناری وولاتەکەمان بە

ئەم یاریکەرانە هەر بتنجیان بە یەکەم دەرچوون واتە هەر یەکێکیان لە تاکی‌دا بە یەکەم دەرچوون

پ٣ : ئایا ئەم یاریکەرانە ئەچن بۆ هیچ لایەك ؟

و٣ : ئەم یاریکەرانە پاش ماوەیەکی کە ئامادەن بوون بۆ سوید بۆ بەشداری کردنی پاڵەوانێتی جیهانی . کە پاش ماوەیەکی تر دەکرێ .

پ٤ دوا ووتەت چی‌یە ؟

و٤ هیواو ئاواتم ئەوەیە ئەو یاریکەرانە سەرکەوتنێکی باش وە دەس بهێنن تاکو ناری وولاتەکەمان بە

بروانە : ل : ٧

سەرنج و خواست

خوێنەری بەڕێز :

وەك لە سەرەتاوە . لە یەکەم ژمارەی لاپەڕەی وەرزش‌و لاوانەوە ڕامان‌گەیاند . ئەم لاپەڕەیە جارێ بە پێی یاری ڕۆژنامەکەمان . مانگی جارێ دەر دەچێ . ئەم مانگی جارەش حەز دەکەین تەرخان بێ بۆ ئارەزووی وەرزشەوانی‌و ئارەزووی لاویەتی ئێوە . بۆیە دووبارە داواتان لێ دەکەین کە نکەونە خۆو بۆمان بنووسن‌و دەنگ‌وباسی چالاکی وەرزشەوانێکان بە پەیامنێر کانماندا بگەیەنن‌و چاوەڕێی هیمەتی ئێوەین .

ئەم سرنج‌و خواستەی سەرەوە لە هاوکاری ژمارە -٢٩- ی ٩-٦-١٩٨٠ دابلاومان کردەوە . جا تکامان وایە نامەمان لێ نەبڕن‌و بێ پەشمان نەکەن لە بەرهەمە ڕەنگینەکانتان‌و ناوونیشانی تەواوی خۆتان بنووسن ئەگینا نامەکانتان ئەخرێتە پشت گوێ .

وەرزش‌و لاوان

تۆپی پێی ئینگلیزی لە چارەکە سەدەیەکدا

ناوبانگی ئینگلتەراو دەنگی ئینگلتەرا لە بواری تۆپی پێ دا لە گوێمان دا دەنگ دەداتەوە . تەنانەت تا ئێستاش بە شای تۆپی پێ دا دەنرێت .

ئەوەی سرنج ڕاکێشەرە یاریزان - باولو روسی-چەند جارێك تووانبوەیەتی ئەیەڵی گۆلبان لێ بکرێ . سەرە ڕای ئەوەی تیپی بەرامبەر زۆر ڕەق‌و خراب یاریبان ئەکرد -خشن- چونکە ئەم جۆرە کەسانە لە هەستی مرووەتی - شاعر انسانیە- دوور ئەکەوونەوە . لەو کاتەدا کە هەست بکەن کە گولبان لێی ئەکرێ .

-روسی- دێتەوە یادی کە هەوڵ جاری چۆن بووە لە گەڵ تۆپدا . چونکە لە یاریزانێکی بچووکەوە بۆتە یاریزانێك‌و ئەستێرەیەك بایی -٣- مەلیۆن چوونەبە ئەستەرلینی -جنیە استرلینی- بێ . . کاتێ -١٦- ساڵان بووم چوومە ریزی یانەی -کابولیکا فیرتۆس-وە .

ئەم یانەیە پش نازە پێکەبشتوەکان ئەچوونە ریزیەوە لە هەریمی -توسکا- لە باش ساڵێك چوومە ریزی یانەی -بۆڤنتسی- ەوە . لە هەموو یاریکاندا بەشدار بووم بە بێ ئەوەی هەلێکم بۆ هەڵکەوێ یاری بکەم لە ریزی یاری‌یە یەکەمەکاندا . هۆکەشی بوو بو گۆڵم زۆر ئەدا بە دەسەوە والیم گەیشتن کەمن ناتوانم هیچ بکەم . لە مانگی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٧٥دا بارەی - پرتینتوس- دامیە ڕێی‌یەبانە - گۆمۆ- ی پلە یەکو هەشت مانگ مامەوەو -٦- یاریم کرد .

کاتێ ماوەکە تەواو بو ئامادە نەکەم یانەی - لانیروس ... پرۆفینتوس- ... کاتە ... بەڵیم دانی کە لە هەموو یاری یەکاندا بەشدار

زۆر سەرکەوتنیان بە دەست هێناوەو لە هەندێ یاریش‌دا دۆوراون لە مێژووی ئەم وولاتەدا گرنگترین‌و بە ناوبانگترین رووداوی تۆپی پێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەست ئیشان دەکرێ .

لەو یاریانەدا کە دۆڕاوە :

١ - بەرامبەر - وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا - ساڵی ١٩٥٠ لە -بەرازیل - کە ئەمە یەکەم پاڵەوانێتی بووە کە ئینگلتەرا بێگاتێ .

٢ - بەرامبەر - مەجەر- لە تشرینی دووەمی ساڵی -١٩٥٣-دا کە ئەمە یەکەم جار بوو ئینگلتەرا لە وولاتی خۆی دا بدوێت .

٣ - لە ئایاری ساڵی ١٩٥٤ -مەجەرییە- کان جارێکی کە لە ئینگلتەرابان بردەوە بە -٧ گۆڵ بە ١گۆڵ -.

٤ - بەرامبەر -ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا ساڵی ١٩٧٠ لە-مەکسیك لتکۆڵەڕەوانی ورەزش هۆی دوڕانی ئەم یاریە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە یاری زان -بۆبی چالتۆن -لە یاریەکە هاتۆتەدەرێ .

هۆی کزیی تیپی ئینگلتەرا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی پاڵەوانێتی سالی ١٩٥٨ دا بۆ کاسی ئەوروپای یانەکانی پاڵەوانانی دەرەی میۆنیخ کە ڕۆکەکەیان گرێ‌گرت‌و ئەندامەکانیان سووتان ، پاش ئەوان یانەی - مانشستر یونایتد -جێگەی گرتەوە . ئەو یاری‌یانەی ئینگلتەرە کە سەرکەوتنی تێدا وەدەس هێناوە

١ - ساڵی ١٩٦٦ بە سەر -ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا- دوو گۆڵ بە هیچ .

٢ - لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٣ دا لە نبۆیۆرك بەسەر وولاتە یەکگرتووەکان‌دا -٦ - گۆڵ بە -٣- گۆ ڵ.

بەناو بانگترین یانەی ئینگلیزی بۆ تۆپی پێی -مانشستر یونایتد -و -نبفەرپۆڵ -٥ .

ناوبانگترین بە ڕێوە بەری یاریەکان لە ئینگلتەرا - دۆن ربنی-و -ئالف رمزی- یە .

بە ناوبانگترین یاریزان .

-بۆبی چارلتون -و -بۆبی هۆر - و - کۆڵن تود ٥. دروشمی ئەو تیپانە ئەمەیە - لە پێناوی پلەیەکی بەرز تردا .

ئاوات محمود مصطفی
جامعه التکنولوجیه

٥/٥ ملیۆن تەماشاکەر بۆ ئۆلۆمپیادی مۆسکۆ هاتبوون

نزیکەی درە مەلیۆن ئەو تەماشاکەر هاتبوون بۆ ئۆلومپیادی مۆسکۆ ئەم ئۆلۆمپی‌یە دەورەی -٢٢-یە. کە کۆتایی هات لەم دووایی‌دا لە مۆسکۆ .

فلادیمیر بۆبۆف‌ی چێگری لیژنەی ڕێکخەری ئۆلۆمپیادی ساڵی ١٩٨٠ ووتی : لە ٩٠/هاتبون بۆ تەماشاکردن‌و ئەم ژمارە تارەیە ژمارە کۆنەکەی ڕوخاند کە لە دەوری یاریەکانی میۆنیخ لە ساڵی ١٩٧٢ دا بەسترا . لە ٧٢/ هاتبون .

بۆبۆف ووتی : مەلبەندی ڕۆژنامەگەری دێی ئۆلۆمپی -٥٠٠٠- هەزار بلاو کراوەی ڕاگەیاندنی بلاو کردەوەو -١٩٠- هەزار شریتی وێنەو -٢١٢- هەزار داوا بە تەلەفۆن تۆمار کرا .

لە مەلبەندی ڕۆژنامەگەری-١٤- کونگرەی ڕۆژنامەگەری بەسترا لە پێش دەس پێکردنی ئۆلۆمپیادو -١٦- کۆنگرە لە کاتی دەس پێکردنی ئۆلۆمپیاد هەموو پێناوی وەرزشدا بو .

ئەستێرەیەکی ئیتالی

ئەو لاوە ئیتالی‌یە ئەستێرەی لە ئەرجەنتین درەوشایەوە زیاتی لە گەڵ تۆپدا تێکوشانو ئارەحەتی‌یە -باولو روسی- ئیتالی تەمەنی -٢٣- ساڵە هەڵگری نازناوی - لاوی زێڕ- ە . لە بەر ئەوەی زۆر شتی تێدا کۆبۆتەوە . کە بوونەوەی شتێك لەم شتانە پێداویکە دراپتە یاریزانەکان . بەڵام یاریزان -روسی- ئەم هەموو شتانەی تێدا کۆ بۆتەوە. ژیری . تیزی . واتە تیژی لە ڕاکردن .

بروانە : ل : ٧

پاسای کێش و جیوەی تۆپ



بێ گومان ژمارەیەکی زۆر یاری هەیە لە جیهانی وەرزشدا . هەندێکی بە تۆپ دەکرێت‌و ئەوانی تری بە بێ -تۆپ - .

ئەو یاریانەی کە تۆپی تێدا بە کار دەهێنرێت پاسای تایبەتی بۆ کێش -فورسایی- جێوەکەی -محیط - دانراوە بە پێی جۆری یاریەکە .

لێرەدا کێش‌و قەوارەی یان فورسایی چەند تۆپێکی یاری دەخەینە ڕوو کە بە پێی پاسای وەرزش دانراوە بۆ هەموو جیهان .

١ - تۆپی -پێ -.

کێش -فورسایی ئەم تۆپە لە نێوان -٣٩٦- بۆ ٤٥٣- گرامەو جێوەی لە نێوان -٦١ بۆ ٧١- سانتیمەترە .

٢ - تۆپی . سەبەت -

کێشی ئەم تۆپە لە نێوان ٦٠٠٠ بۆ ٦٥٠ - گ -

جێوەکەشی لە نێوان -٧٥ بۆ ٧٨- سانتیمەترە .

٣ - تۆپی -باله -.

کێشی ئەم تۆپە لە نێوان -٢٥٠ بۆ ٢٨٠- گرامەو جێوەکەشی لە نێوان -٦٥ بۆ ٦٧ -سانتیمەترە.

٤ - تۆپی -دەست -.

کێشی ئەم تۆپەش لە نێوان -٤٢٥ بۆ ٤٧٥- گرامە جێوەکەشی لە نێوان -٥٨ بۆ ٦٠ سانتیمەترە .

٥ - تۆپی -هۆکی -.

کێشی ئەم تۆپە لە نێوان -١٥٦ بۆ ١٦٣- گرامەو جێوەکەشی لە نێوان -٢٣٫٥ بۆ ٢٤٫٤- سانتیمەترە .

٦ - تۆپی -ئاو-.

کێشەکەی لە نێوان -٤٠٠ بۆ ٤٥٠- گرامەو جێوەکەشی لە نێوان -٦٨ بۆ ٧١ - سانتیمەترە .

٧ - تۆپی -مێز -.

تۆپێکی بچووکەو کێشەکەی ٢٫٥- گرامە جێوەکەشی ١١٫٥- ئونسە .

شەمال علی قادر

باشترین یاریزانی باسکە لە سلێمانی بۆ هاوکاری دەدوێ

یاری‌ی باسکە لە هەموو ئاو شاری سلێمانیدا شوێنێکی باشی لە نێوان یاری‌یە وەرزشی یەکانی تردا گرتووەو گەلێ یاریزانی باشی ئەم یاری‌یەی تیایە لە بچووە مێزەو تازە پێگەیشتوەو یاریش‌دا دۆوراون . لە لازان‌و ئاستێکی باشیان هەیەو لە زۆر یاری‌ی پاڵەوانی‌یەتیدا ئەم شتەیان سەماندوو بە تایبەتی لە یاریەکانی وولاتداو لە پێش هەموو یاری‌کەرەکانی لاوان‌دا ڕێبوا عمر حسین -ە کە نموونەی وە زشەوانی ژیرو ڕاستەقینەیەو یاری زانێکی‌ی هاتووو بەتوانایەو لە زۆر یاری‌و پاڵەوانێتی‌ی ناوخۆو دەرەوەدا ئەم شتەی سەماندووەو جێگای شانازی‌و باس‌کردنی هەموو هاوەڵەکانی بووەو بۆ ناسینی ئەم وەرزشەوانە هاوکاری چووە لای ، ئەویش پێی خۆشو نۆی دووا و دەربارەی ئەم یاری‌یەو هەندێ کاروباری تری وەرزش‌و هیوای خۆیی ووتی :-

من لە دایك بووی ١٩٦٥م‌و هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ وە ئیتر بەردەوام یاری باسکەو باڵەم کردووە تا ساڵی ١٩٧٨ هەڵیان بژاردم بۆ ئەندامی تیپی تازە پێگەیشتوەکان‌و ساڵی ١٩٧٩ لە پاڵەوانێ تازە پێگەیشتوانی وولاتدا هاوبەشیم کرد کە لە کەرکوك‌دا سازکراو مانگی چزواری ئەمساڵیش لە پاڵەوانێتی ناوچەی ژوورودا بە یەکەم دەرچوین‌و هاوبەش

حمه سعید حمه کریم
بەبامنیری هاوکاری‌لە سلێمانی

بروانە : ل : ٧

لە دووداوە سەیرو گرنگەکانی ئۆلۆمپیادی مۆسکۆ

ئامادەکردنی : مەغدید حاجی

● ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٣-٨-١٩٨٠ خولی بیست‌و دووەمینی یاری‌یەکانی ئۆلومپی لە مۆسکۆدا کۆتایی پێهات کە ١٦ ڕۆژی پڕ لە یاری هەمەجۆری خایاند ..

لەم خولەدا یەکێتی سۆفیەت زۆرترینی خەڵاتەکانی بردەوەو لە نێو هەشتاوپێنج وولاتی بەشداربووی خولەکەدا پلەی یەکەمی دەرهێناو ئەڵەمانیای دیموکراتیش پلەی دووەمی وەدەست‌هێنا . لە دوای ئەویشدا بولگاریا هات . کوبای ئەمەریکای لاتینیش بە چوارەم دەرچوو !. لە شوێنێکی‌تری ئەم لاپەڕەیەدا خشتەی خەڵاتەکان بڵاوکراوەتەوە .

● ڕاستە کە دەڵێن : ڕستی لەسەر لێوی مندالاندا سەما دەکات . بۆ سەماندنی ئەم قسەیەش ئەوتانێ لە پێشانگای وێنەی مندالانی جیهاندا ، کە بە بۆنەی بەستنی خولی بیست‌و دووەمینی یاری‌یەکانی ئۆلومپی لەژێر دروشمی -ئاوا جیهان دەبینم - لە مۆسکۆدا ڕێکخرا ، زۆربەی مناڵە بەشداربووەکانی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهان وێنەی‌تۆپی پێیان دروست‌کردبوو . بی‌گومان ئەمەش میللی‌یەتی ئەم یاری‌یە لەسەر ئاستی جیهانیدا دەسەلێنێ ..

ئاشکراشە کە لە خولی ئەم جارەی مۆسکۆدا حێکوسلۆفاکیا خەڵاتی زێرینی یاری تۆپی‌پێی بردەوە . ئەڵەمانیای دیموکراتیش خەڵاتی زیوینی بردەوە . خەڵاتی سێ‌یەمیش ودەبەر یەکیتی‌سۆفیەت کەوت

● - پێشوازی لە ئۆلومپیادی ٨٠ دەکەین - لەژێر ئەم دروشمەدا ، لە چێشتخانەی - صوفیا- لە مۆسکۆدا پێشبڕکێ‌یەك بۆ دیاری‌کردنی باشترین‌و بەتامترینی ئەو خواردەمەنی-یانەی کە پێویست‌بوو پێش‌کەش بە بەشدارو میوانەکانی ئۆلومپیادی ساڵی هەشتادا بکرێن . ئەم پێشبڕکێ‌یەدا ژمارەیەکی زۆر لە چێشتلێنەرو حەلواچی‌یەکان بەشداری‌یان کردو گشت خوانچە پێماندراوەکانیش دروشمی ئۆلومپی‌یان بەسەردا هەڵوسرابوو .!!

● لە خولی مونتریالی ئۆلومپی‌دا کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا ڕێکخرا ، کچە ڕۆمانی چواردە ساڵانە - نادیا یاری‌یەکانی -جمباز- ی کومانتشی - خەڵاتی زێرینی بردەوەو سەرنجی جیهانی بۆلای‌خۆی ڕاکێشا !، هەر بۆیەش ڕۆژنامەکانو هۆیەکانی‌تری ڕاگەیاندن ناوی حولەکەیان بە ناوی خولی نادیا کومانتش‌یەوە ناونا ..

بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

بەتنگەوە هاتنی کاروباری خەڵک

گفتوگۆیەکی سەربەست لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێردا



شێرزاد عبدالرحمن
پ . هاوکاری لە هەولێر

لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەی «هاوکاری» چەند گفتوگۆیەکی سەربەستی لە گەڵ هەندێ لە دامودەزگاکاندا کردووەو بە هیوای ئەوەی هاوولاتی دڵنیا کەین و لە ڕاشکاوەوە هەنگاوی نوێتری بە دوواوەبێ .

لە ڕاپۆرتی شاری هەولێر دەکرێ ، شارەوانی هەولێر کە بەیوەندییەکی نزیکی بە خزمەتگوزاری و ژیانی هاوولاتیانەوە هەیە دێتە پێش ئەوەتا زۆرجار لە هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵکدا باس لەم گیروگرفتانە دەکرێ و شارەوانی هەولێر بەرامبەریان بێدەنگەو وەڵامی نەو سکاڵایانە نادرێتەوە، بۆیە . ئێمە خۆمان چوینە بەرێوەبەراتی شارەوانی هەولێرو گفتوگۆیەکی ڕۆژنامە نووسیمان لەگەڵ بەرێز بەرێوەبەری شارەوانی هەولێرو سەرۆکی بەشەکانی ئەم بەرێوەبەراتی یە سازکردو زیاتر لە سێ سەعاتی ڕەبەق زۆربەی گیروگرفتەکانمان خستە بەردەمیان و چاومان بە مامۆستا نەوزاد حکیم کەوت گەڵتانم کە هەولێر سەرەڕای نەو گۆڕانکارییەی تێی کەوتووەو هەنگاوی ناوە ، لەم دەردی - سەریە رزگاری نەبووەو هۆیەکەشی بەلای منەوە دەگەڕێتەوە سەر زۆربونی ئیش و کارەکانمان و گوناهی ڕاستەوخۆی هاوولاتیان خۆیان کە هەرگیز هەست بەلێ پرسینەوە ناکەن بەرامبەر بە ڕاگرتنی خاوێنی لەم شارەداو هاوکاری لە گەڵ شارەوانیدا ناکەن بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی پیس و پۆخڵی لە گەڕە کەکان و ئەمەش دیاردەیەکە ئێمە خەمی پێ ئەخۆین ، بەڵام ئاشکرایە ئێمە بەبێ هاوکاری کۆمەڵانی خەڵك ناتوانین ئیش و کارمان جێبەجێ بکەین

● ئەوی ڕاستی بێ . پێش هەموو شتێ دەمانەوێ ئەوە ئاراستەی بەرێزتان بکەین کە خەڵکێکی زۆر گلەیی هەیە بەرامبەر بەوەی تا ئێستا هەولێر لە پیس و پۆخڵی و ناڕەحەتی ئەم دیاردانە ڕزگار نەبووەو تاکەی بیر لە چارەسەری ئەم مەسەلەیە ناکرێتەوە ؟!.

× کاکی ڕا منیش لە بەڵام مامۆستا . من خۆم زۆر جار ئەوەم دیوە کە ئوتومبێلەکانی خۆتان دەور لەم مەسەلەیە دەگێرن و هەرچی زبل و پیسایەك هەیە فڕێی ئەدەنە گەڕەکە میللی یەکان . . بە دەست خۆی نیە بۆی دەگری !؟ .

× ئێمەش ئێستا لە تەقەللایەکی گەورەداین بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیەو لەم چەند مانگەدا توانیومانە زۆربەی شەقامەکان قیرتاو بکەین . وەبە پێی نەخشەی ئوێ ، دەبێ لە شەقامە گشتی یەکانەوە بۆ گەڕەکەکان بچین . بەڵام دڵنیابن کە ئێمە کەم تەرخەم نین ، بەڵام تەنیا یەك کارگەی قیری خۆمان هەیە لەگەڵ دوو کارگەی (ئەهلی) و هیوادارین لەمەولا بەکۆیرەی بەخشینی سەرۆك کە پارەیەکی زۆری بۆ پرۆژەکانمان تەرخان کردووەو بە ماوەیەکی کەم بتوانین گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکەین .

● مامۆستا . زۆر لە هاوولاتیان بە تایبەتی گەڕەکی کەزاسان . ئەوە چوارده ساڵی ڕەبەقە مبری ی هەندێ ئەرزی بێ بەخشین ، دوای تێ بەڕبوونی (چوارده ساڵ ! هێشتا تاپۆ نەکراون ، لە گەڵ ئەوەی کە هەمو بەڵگەیەکی یاسایی دەیان گرێتەوە . بۆچی ؟

× ئێمە لیژنەمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە ، بەڵام نازانم لە گەڵ کام پارچە زەویتە ؟

● زەوی ژمارە ١٤ - ١٥ . . کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش خۆی بڕیاری بە تاپۆ کردنیان دەر کردووە . .

× ئەم لیژنەیە لە ماوەیەکی کورت دەتوانێ ئەم کارە جێبەجێ بکات چونکە بەڕاستی سودێکی گەورەی هەیە بۆ خەڵك .

● بەڵام دەمەوێ بەرێزتان لەوە ئاگادار کەم کە بەرلە ساڵێك زیاتر . بەرێوەبەری پشتووی شارەوانی هەمان شتی دوبات کردەوەو ئێستاش گیروگرفتەکە هەر بەردەوامەو تا ئێستا لیژنەکە هیچی نەکردووە !

بۆ ئەم مەسەلەیەو زۆربەی ئەو . . گیروگرفتانەی تر بەرێوەبەری شارەوانی هەولێر . بە سوپاسەوە بڕیاری‌دا گەشتێك بکاتە هەمو ئەو شوێنانەی کە گیروگرفتی هاوولاتیانی تێدایەو بۆ ئەم مەبەستەش سکاڵای چەند هاوولاتیەکمان خستە بەردەم بە نیازی چارەسەر کردنیان .

● بەڵام مامۆستا . من خۆم زۆر جار ئەوەم دیوە کە ئوتومبێلەکانی خۆتان دەور لەم مەسەلەیە دەگێرن و هەرچی زبل و پیسایەك هەیە فڕێی ئەدەنە گەڕەکە میللی یەکان . .

× ئەم دیاردانە هەبووە ئێمە نکولی لێ ناکەین . بەڵام بە شێوەیەکی وەختی بوە نەك هەمیشە . .

● بەڵام ڕەنگە بە مانەیەکی کەم بێتە سەرچاوەی گەورەترین نەخۆشی ، خۆمالە وردیلەکان زۆر جاردیومە لە ئاوی زۆنگاوەکان دەخۆنەوە .

× حەز ئەکەم دوای ئەم گفتوگۆیە خۆمان ڕاستەوخۆ سەردانی ئەم شوێنانە بکەین و نەسەر پێشنیاری -هاوکاری- ڕاستەوخۆ هەوڵ ئەدەین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین کە تا ئێستا ئەم شوێنانەمان نەدیوە .

● سوپاس حەز ئەکەم ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم کە شەقامەکانی هەولێر . بەتایبەتی گەڕەکە میللی یەکان ساڵانێکی دوورە چاودێرانی تەقەللای شارەوانی ئەکەن بۆ قیرتاو کردن . خۆ لە زستاندا شەقام و کۆڵانەکانی هەولێر . کارەساتێکە . پیاو وایە کاك حمەسعید هەوڵی ئەوەش بدات کە وێنەکانی هەر لەناو سلێمانی‌دا نگوێزێتەوە چەند جێگایەکی تر کە شوێنی کۆبونەوەی برا شۆفێرەکانە وەك ناو گەراجی نەفابەی گواستنەوەو بەردەم بەرێوەبەرێتی هاتوچۆو جێگای فێربوونو ئیجازەی ئوتومبێل وەرگرتن کە ئەمەیان لەوانی تر گرانترە .

ئەوەی مامە بیلێم کە ئەم پێشانگەیە تێکرا بارو دۆخێکی مردنو تێکشکانی بینەر دەبەخشێ . . جا بەرای خۆم بۆ گۆڕینی ئەمەش بەلایەکی خۆشتردا دەبوایە کاك حمەسعید لەسەرەتاو کۆتایی ریزی وێنەکانداو دوو وێنەی جوانو ڕێك و پێکی ئوتومبیلی پیشان بدایە بۆ ئەوەی بینەر لەدڵی خۆی‌دا سێودوویەکی خۆی بکردایەو بەراوردێکی ئەم دوانەی بکردایە ئێنجا پێشانگەکەی بەجێ بهێشتایە.

پێشانگەی کارەساتی ئوتومبیل

فریا عبدالله
پ . هاوکاری لە سلێمانی

بەجاودێری بەڕێز ولید محمود جێنشینی پارێزگاری سلێمانی ئێوارەی دووشەممە ڕێکەوتی ١-٩-١٩٨٠ بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی بۆ یەکەم جار دەستپێش کەری یەکی بۆ سازکردنی پێشانگەی کارەساتی ئوتومبێل کردو لەلایەن بەڕێز محمد امین پێنجوێنی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی جەماوەر لە هۆڵی گوێژەی گچان کرایەوەو ماوەی هەفتەیەکی خایاند . ئەمەش یەکەم پێشانگەیە لە عێراق‌دا دەکرێتەوەو وێنەکانی لەلایەن ڕۆژنامەنووس کاك حمەسعید حمەکریم فرج ئامادە کرابوون ئەمانەش بریتی‌بوون لە -٤٥- دانە ، زۆربەی کارەساتەکانیشی لە ناوچەی کوردستانو هەندێکیشیان لەڕێگەی بەغدا ڕوویان‌داوە .

دەربارەی ئەم پێشانگەیە ڕۆژنامەنووس کاك حمەسعید دەڵێ کارەساتەکانی ڕێگاوبان ئەمڕۆ وای لێ‌هاتووە کە مەترسی‌یەکی گەورە بە مرۆڤ بگەیەنێت چونکە ڕادەی مردن لەم ڕێگەیەوە زیاترە لەڕادەی مردنی هەر نەخۆشی‌یەکی‌تر لەجیهان‌دا ئەگەر زۆرتریش نەبێ . . بۆوێنە لە وڵاتی عیراق‌دا بەپێی ئەو سەرژمێری‌یەی کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئامادەی کردووە دەست نیشانی کردەکات کە پێنجەمین هۆی مردن لە عیراق‌دا دەگەڕێتەوە بۆ کارەساتی ڕێگاوبان . . هەروەها دائرەکانی پۆلیسی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٥دا دەستنیشانی -٨- هەشت هەزار کارەساتی ناربراویان کردوە ئەمەش جگە لە چەند سووکە کارەساتێکی تر کە تۆمار نەکراون . . لەبەر ئەوە دەبێ هەموومان هەر یەك لە جێگای خۆیەوەو بەپێی توانای خۆی ڕێگای کەم کردنەوەو چارەسەرکردنی ئەم کارەساتانە بدۆزێتەوە هەروەها دەڵێ منیش وەك ڕۆژنامە نووسێك دوای ئەوەی یەکێك لەم کارەساتانە بەسەرخۆم‌دا هات بیرم لەوە کردەوە کە هاریکاری دەرخستنی زیانی ئەم کارەساتانە بکەم ئەمەشم لەڕێگای کامێراو تۆمارکردنی کارەساتەکانەوە دۆزی‌یەوەو لە ماوەی ساڵێکا توانیم

ئەم پێشانگەیە تێکرا بارو دۆخێکی مردنو تێکشکانی بینەر دەبەخشێ . . جا بەرای خۆم بۆ گۆڕینی ئەمەش بەلایەکی خۆشتردا دەبوایە کاك حمەسعید لەسەرەتاو کۆتایی ریزی وێنەکانداو دوو وێنەی جوانو ڕێك و پێکی ئوتومبیلی پیشان‌بدایە بۆ ئەوەی بینەر لەدڵی خۆی‌دا سێودوویەکی خۆی بکردایەو بەراوردێکی ئەم دوانەی بکردایە ئێنجا پێشانگەکەی بەجێ بهێشتایە.

کارگەکانی مەحفەرێت دەستی ل ئامێدیێ

احمد عبدالله
پ . هاوکاری . دهۆك

لقێرە مە چاڤێ کەفتنەك کردگەل ریفەبەرا کارگەها مەحفوریێت دەستی ل‌ئامێدیێ خوشکە فوزیە احمد ڕشید کرو بەرسڤێن خۆ لدوی چەند حالێن سەرەکی ژبو پێشخستنا کارگەهێو پترکرنا بەرهەمی دان .

پ - کەنگی کارگەهە هاتیە دامەزراندن ؟

- بدرستی ل مێژووی ١٩-١٢-١٩٧٣ .

پ- سەروبەرێت بەرهەمی چنە ژلایێ جوین و بۆشاتێن ؟

- ڕاستی بەرهەم ژلایێ جوین و کارێ خۆشە گەلەك ب -نرخ و بەهایە ، کار ئێکجار بۆشاتێن گەلەك کێمە ئەو ژی ژنەگەرێ چەند ئاستەنگەکایە.

پ - ئەگەرو هۆ چنە ؟

-کێماسیا دەستی کارکەرە نەخاسمە ڕفان ساڵێن دوماهی‌دا ئەو ژی ژبەر کارێ خاندنا حۆرایی‌یە ، بەهرا پتر ژکارکەرا دزارۆکن یانژی نەخوێندەوارن نهو ل خاندنگەهێت نەخویندەوارێ دحۆوتن . . ئەفەو ژبلی ئەگەرێت کۆمەڵایەتی وەك شووکرنا کارەکەرەکێ و نەفەگەریان وێ بو کارگەهێ .

پ - کیش ساڵ بەرهەم باشتربوو ؟

- ل ساڵێن ١٩٧٦و ١٩٧٧ بەرهەم دڕ بوون .

پ - جوینێت -جۆر - بەرهەمی دچەندن !

- تەنێ مەحفوریێت نمرە ئێك و نمرە دوو .

پ - هژمارا کارکەرا دچەندن ؟

- نهو مە -٣٣- کارکەرێت زارۆو -١٥- قوتابێت پیشەکارو -١٦- قوتابێت نەبەردەوام و تەنێ بو سێ هەیڤا مە هەنە ، ئەفەو ژبلی هندێ کۆ ڕۆژ بو ڕۆژێ هژمار تێتە خوارێ و بەرەو نەمانا کارگەهێیە .

لدوماهی حەزدکم ڤان خالا پێشنیاری کارگەهێ و لێ پرسیارەکان بکەم .

پێدڤی‌یە پترتر خەم ل زارۆکی کارکەر بێتەکرن ز لایێ خارن و تەندروستیا وی‌دا ، چونکە کارێ شەش سەعەتا بو زارۆکی گەلەك گرانەو پیدڤیێ بێندانێ یەو چاڤدێرێیە .. هەر هۆسا مەعاشێ کارکەرا پترتر ببیت ئەل لسەر حسابا کارێ وی بیت . پترتر پێ هوبکێت خوشیێ بێتە پەیداکرن و بهزرا من دەرکەتنا زارۆکا و کارگەهێت وڵاتی و دەرڤەی وڵاتی باشترە ژبو زانین و بێندانێ و پاڵدانا وی بو کارێ خۆ .

نامیەی بردێ و دەشتەکی ساڵەیی و بیبانی

عبدالله بابە علی —

دیجلەو فورات ئەو دووناوە خوشە موسیقایی‌یەی لە هەزاران هەزار ساڵەبێنوستن و پشوودان سەرەبەرەوخوار ملی ڕێگایان گرتووە هەر ئەڕۆن و پێ‌نەکەن و فرمێسك ئەڕێژن و جارجارەش شین ئەکەن و داوای شایی ئەکەن لەسایەی ئەو دوو ڕووبارەوڵاتەکەمان بۆتە وڵاتێکی کشت‌وکاتی بەناوبانگ‌لە هەموو جهاندا سەرەڕای گەرمی و شیرینی ئاوەکەش کەزۆر لە چاو چنۆکان وبستویانە ئاوی لێ‌بخۆنەوەبەڵام هەر خەیاڵە ....

ڕووباری دیجلەو فورات جێگای بەزم و سەیرانی هەزارەها ساڵەی ئەم وڵاتەدێرینەی ئیمەن .. چەندان شاعیرو نووسەرو ئابووری‌ناس . . . پیایانا هەڵداوەو ڕاسیان کردووە . ... ڕووباری دیجلەی خوشەویست چەند ڕووبارێکی تێکەڵاوەبێت یەکێك لەو ڕووبارانە ئاوەکەی زێی بچووکە ....

ئەم زێی‌یە شارە خنجلانەکەی - پردێی - لەسەرە کە یەکێکە لە شارە کۆنە دێرینەکانی ئەو ناوچەیەو کەوتۆتە نێوان پارێزگای تاءمیم و هەولێرو لەکاتی خۆی داجێگاکەی زۆر گرنگ‌بووە . پردێ لەکۆنەوە جێگای بشوودانی هەزارەها قەتارو کاروانی بازرگانی دەرەوەو ناوەوەی وڵاتە کەمان بووە . بە تایبەتی جێگای پشوودانی کاروانی نێوان بەغداو ئەستەمبۆڵ پردێ یان ئاتنون کۆبری هەر لەکۆنەوە دوو پردی لێ‌کراوەو ناوەکەش ئەم پردانە ناونراوەو ... ای کرتوە ... زێی ناوبراوی لەو ڕاستە بووە بە دوو لەتەوە شارەکەی پردێی کردوتە باوەش ... شارەکەش لەو ڕاستە بووە بەسێ گەڕەك پارچەی ئەو ڕێگایەی بەناو شاری پردێ‌دا دەروات لەم‌بەرو ئەوبەری خانو دوکانو گازینۆ کراوەتەوەو شارەکە جێگایەکی گرنگی بازرگانی لەگاتی خویدا بەخۆیەوە دبوو ... بەڵام وەك پێویست بەرەو زۆری ناروات شاری پردێ‌دا دەروات لەم‌بەرو ئەوبەری خانو دوکانو گازینۆ کراوەتەوەو شارەکە جێگایەکی گرنگی بازرگانی لەگاتی خویدا بەخۆیەوە دبوو ... بەڵام وەك پێویست بەرەو زۆری ناروات

شاری پردێ پێش شاری کەرکوك -ناحیە- بووە

بەڵام وادیارە لەبەر هەندێ هۆی ئابووری شاری کەرکوك بوەتە ئەوشارە گرنگەی کە

بروانە ل : ٧

« هاوکاری »و کومەڵانی خەڵك

بۆ بەرژەوندی گواستنەوەلە شاری سلێمانی .

کاك سەلاح ئارام نامەیەکی‌بۆ ناردووین تیایدا دەڵێ :

ئەوەی من ئاگادارم گیروگرفتی هاتوچۆ لە هەموو شارەکانی عیراقدا هەیەو لە هەموو شارێك هەوڵدەدرێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوەبەڵام لە شاری ڕەنگینی ئێمە وەکو دەردەکەوێ ڕۆژ بە دوای ڕۆژ هەر توندتر دەبێ . . فەرموون سەیرکەن لە بەرژەوندی گواستنەوەی سلێمانی (٨٦) پاس هەبە تەنها (٣٢) پاس لەمانە بە کەڵکی کاردێن و لەم (٣٢) پاسەش چەند پاسێکی تەرخان‌کراوە بۆ نێوان قەزاو ناحیەکانو شاری سلێمانی . . لەبەر ئەوە داوای چارەسەری ئەم گیروگرفتە دەکەین بۆ سودی خەڵك . . ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە لێخوڕی فۆرتات بە هەوەسی خۆیان نرخ زیادەکەن . . نارانم بەرژەوندی سلێمانی و نەقابەی گواستنەوە بۆ ئەمە چ دەڵێن ؟

کاك کارزان محمد محمود لە قەلادزێ

ئەم برادەرە دەڵێ پێشنیازی ئێستا هێڵی کارەبای ئاسایی لە قەزای قەلادزێ شەوو ڕۆژ هەبوو کەچی لەم دوایەدا گۆڕاوە بە هێڵی (الضغط -العالی) کەچی شەوو ڕۆژ کارەبا نی‌یە و هەموو (ثلاجەو فریزرات)ی خەڵك لەکارکەوتوەو ئەمەش دەبێتە هۆی بۆگەن‌بوونی خواردەمەنی ناویان و زیانێکی گەورەش لە لە خەڵکەکە دەگەیەنێ . لەهەمان کاتدا هەندێ لە شەقامەکانی ناو شارفیرتاوکراون بەڵام شەقامەکان ئەوەندە لووسن خەڵك بە نوێژی نیوەڕو کە بەسەریا دەڕوات سەروسەر بەردەبێتەوە . . شەقامەکانی تریش لەبەر تۆزو خۆڵ پیاو تووشی تراخۆما دەکات .

خۆزگە شارەوانی شاری قەلادزی‌بە دەم وازو نیازی‌ئەم برادەرەوە دێت‌و دڵنیای دەکات .

بۆ ئیدارەی محلی پارێزگای دهۆك

کاك قسیم حسین امین‌باسی نامەخانەی گشتی دهۆك دەکاو دەڵێت زۆرڕێگوپێکەو گەلێك خزمەتی خوێنەواران دەکات .. بەڵام جێگاکەی گەلێك بچووکەو پێویستی بە پسپۆری تایبەتی هەیە .. تۆ بڵێی ئیدارەی محلی جێگایەکی گەورەترو لەبارتر بۆی نەدۆزێتەوە .

Institut kurde de Paris

پاشاکی بۆ شیعرێکی وەرگێڕدراو

عبدالله پەسێو

دوابەش

ب : هەندێ زمان هەن یا مردوون ، یا دەگمەنن و زۆر کەم کەس دەیانزانێ . کەچی ئەدەبێکی بەرزو نەمریان پێ تۆمار کراوە . ئێمە نابێ دەستەو ئەژنۆ دانیشین و چاو ببڕینە ئەو رۆژەی شاعیریکمان فێری ئەو زمانە بێ و ئەو شاکارانەمان بخاتە بەردەست کە بەو زمانە نووسراون . بۆنموونە ، لامۆایە کەسێکی وامان نییە زمانی گرێکی کۆن بزانێ ، بۆیە تاوان نییە ئەگەر سەی شاعیرێکی هونەرمەندمان ئەلیادەو ئۆدیسەی هۆمیرۆوسمان لە ئینگلیزییەوە یا لە زمانێکی ترەو، بۆ وەربگێڕێ .

پ : لە کاتێکدا – وەکو پاسایەك جوانیی شیعر لەگەل ئەو زمانەدا کە پێی نووسراوە وەکو تانوپۆ تێکەلە ، لە هەمان کاتیشا شاعیرانی وا هەن کە جوانیی شیعریان هەر لەو زمانەدا نییە کە پێیان نووسیوە ، بەلکو لە بیری وردو مانای قووڵو ڕامانی فەلسەفی ی ئەوتۆدایە کە بە هەر زمانێك بگرێ بەرگری لە مانی خۆی دەکا . شاعیرانی لەم بابەتە لە وەرگێڕاندا رەنگیان نابەڕی و تەنگەنەفەس نابن . بۆنموونە لە ئەدەبی سوفیەتیدا رەسوول گەمزاتەف و کایسین کولیف ، لە ئەدەبی ئەمریکایدا والت ویتمە ن دەتوانن بەرگی چەند زمانێك بگوڕن و بە ویستنگەی وەرگێڕانی چەندان وەرگێڕی وەستادا بڕۆن بێ ئەوەی لە شاعیریەتی بشۆڕێن .

هەڵبەتە هەر یەکێك لەم خاڵانەی سەرەوە لەوە زێتر هەڵدەگرێ و هەر یەکێیش لە ئێمە ،چ کەم چ زۆر ، بەشدارە لە دروستکردنی ئەم کەم و کورنییانە . ئێستاش با لەبەر رووناکی ئەم پێشەکی یە مەیلەو درێژدادڕەدا سەرنجێك لە شیعرێکی سیرگی ی یەسێنین بدەین کە برایەکی شاعیر لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەو لە ژمارە –١٤–٥– ی حەفتەنامەی –هاوکاری– دا بڵاوی کردوتەوە .

١ – تێکستەکە بە زمانی کوردی ناونیشانی –شاعیر– ی بۆ دانراوە ، کەچی تێکستە روو سی یەکە هیچ ناونیشانێکی نییە ،بەلکوو بڕگەیەکە لە بڕگەکانی شیعری –چەند ئاوازێکی فارسی –.

٢ – ئەگەر خوێنەر کورد بێ و بە کوردی بیربکاتەوە بەزەحمەت لە هەندێ تەعبیری تەرجومە کوردییەکەدا :

من هەر لە سەرجادان دەژیم و
وەك دەرۆزەکەریکیش دەمرم
کەمتر لە گشت ئازارەکانی شاعیرێك

جگە لەمەش ، شیعرەکە بەوشێوەیەی هاوکاری خستوویەتی یە بەردەستمان ، نەك هەر لە شیعر ، بگرە لە بەخشانی هونەریش ناچێ . ئەگەر ناوی زلی –یەسینین– مان نەبیستبێ ، دەبێ چ موچرکێکمان بە لەشدا بێ کە ئەم بڕگانەی خوارەوە دەخوێنینەوە :

بەڕێوەیە بۆ بینینی دلبەرەکەی
کەچی هەر ئەو خۆشەویستە ،
لە باوەشی یەکێکیتردا خەوتووە
ئەگەر مەی سیحری جوانییەکەی
پێشکەش بە خەیال کردبێ
دڵی نایێ
شتێکی رەقی پێ بڵێ !
ئەگەر دنیا لەباتی غیرەت جوانی بێ
ئەوا دیسان ئامادەیە بچێتەوە ئەو ماڵە :
من هەر لەسەر جادان دەژیم و
وەك دەرۆزەکەریکیش دەمرم
کەمتر لە گشت ئازارەکانی شاعیرێك !

لامۆایە ئەگەر ئەم شیعرە – بە کوردی – ناوی یەسینینی لەسەر نەبایەو لاوێکی تازە پێگەیشتووی کڵاشخواری خۆمان بینووسیبایەو بۆ رۆژنامەیەك یا گۆڤارێکی کوردی بناردایە ، لە پۆستەی خوێنەرانەدا بەشێوەیەکی ئەوتۆ رووشکێن دەکرا کە هەتا هەتایێ ئەشیعرێنێ) . بەڵام دەڵێی چی ناوی شاعیرێکی بەناوبانگی بێگانەی لەسەرە ، رۆژنامەم دەوێ بڵاوی نەکاتەوە !

٣ – وەرگێڕانە کوردییەکە ، لە رووی ناوەرۆکەوە ، لە هەندێ کۆپلێتدا چیاوازییەکی کەم ، لە هەندێ کۆپلێتیشدا جیاوازییەکی زۆری، لەگەل تێکستە ئەسلەکەدا هەیە . لێرەدا ، وا بە چاك دەزانم کە کۆپلێت کۆپلێت وەرگێڕانەکەی تەرجومەیەکی دەقاودەقی تێکستە رووسییەکە بخەمە بەرچاوی خوێنەران بۆ بەراورد کردنیان:

کۆپلێتی –١–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(مانای چییە گەر شاعیر بی ؟
– مانای وایە دەبێ بە قوولی تێبگەی
لەشە بێهێزەکەت دابهێزرێ و ،
بە خوێنەکەت دلخوشی خەلکی بدەیتەوە!)

تەرجومەی دەقاودەق:

(شاعیر – ئەوکەسەیە
کە راستی ی ژین پێشێل ناکاو
لە دەستی دێ ، لە شوێنێکی هەرە ناسك ،
تیغ بە پێستی خۆیدا بینێ
تاکو بە خوێنی هەستی خۆی
گیانی نامۆی کەسانیتر بڵاوێنێ ٠)

کۆپلێتی –٢–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(ئەگەر شاعیربی ،
پێویستە گۆرانی بۆ بنارەکان بڵێو
بە رووی هەموو داوایەکشەوە بچی !
بلبل کاتێ گۆرانی دەڵێ هیچ زەحمەتی بەڵا نابینێ
بە تەنیا یەك گۆرانی بەو
هەر ئەویشە هەموو رۆژی دەیڵێتەوە ٠)

تەرجومەی دەقاودەق :

(شاعیر – ئەو کەسەیە
کە گۆرانی بەسەر ئاقارا هەڵدەدا
تاکو چاکتر ئاقارت پێ بناسێنێ :
هوزار هەر یەك بەسەی هەیە
بۆیە ئازار قەت ناچێژێ
کە پر بە دەم دەچریکێنێ ٠)

کۆپلێتی –٣–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(کاتێ چۆلەکە لاسای دەکاتەوە
شتێکی ناخۆش دەبیستێن
بەڵام تۆ دەبێ – هەرچەندە تازە کارەشی
بە ئاوازێکی تایبەتی گۆرانییەکانی خۆت بڵێی !)

تەرجومەی دەقاودەق :

(کاتێ باڵندەی کەناری
بەستە لەمو لەو دەخوازێ ،
وەکو بووکە سەماکەرە خۆی دەنوێنێ ٠
جیهان بەستەیەکی وای دەوێ
هەرکەس بە دەنگی خۆی بیلێ
جا با بۆق بێو بقیرێنێ ٠)

کۆپلێتی –٤–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(سەوخۆش لەگەل نەفرەت لە مەی
هێشتا شایانی ئەوەبە ،
قایێکی مەی لەسەر رەفەکەیدا هەبێ
کاتێ شاعیر دادەنیشێو ،
خۆین لە لەشی خۆی بەردەدا
مەی ئازارو ناسۆرەکانی کەمدەکاتەوە !)

تەرجومەی دەقاودەق :

(بۆیە کاتێ شاعیر رووەو سزا دەچێ دەخواتەوە
چونکە دەزانێ .....
تەفرەی دایێ ، لەخشتەی بردێن ،
کە لە .... شەرابی لێ یاساغ کردێن .

کۆپلێتی –٥–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا:

(بەرێوەیە بو بینینی دلبەرەکەی
کەچی هەر ئەمو خۆشەویستە
لە باوەشی یەکێکیتردا خەوتووە
ئەگەر مەی سیحری جوانییەکەی
پێشکەش بە خەیال کردبێ
دڵی نایێ شتێکی رەقی پێ بڵێ)

★ ● ★

تەرجومەی دەقاودەق :

(کە شاعیرێك دەچێتە لای خۆشەویستو
دەبینێ ، خۆشەویستەکەی
لەسەر جێگا راکشاوە لەتەنیشت پیاوێکی نامۆ –
شەرابی خەست شاعیرە کە دەیارێزێو
لێی ناگەڕێ دڵی بداتە بەر چەقۆ ٠)

کۆپلێتی –٦–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(ئەگەر دنیا لەباتی غیرەت جوانی بێ
ئەوا دیسان ئامادەیە بچێتەوە ئەو ماڵە :
من هەر لەسەر جادان دەژیمو ،
وەك دەرۆزەکەریکیش دەمرم
کەمتر لە گشت ئازارەکانی شاعیرێك !)

تەرجومەی دەقاودەق :

(بەڵام ئاگری گومرەشی –٢– داغی دەکاو
بە فیکەفیك تا ماڵەکەی خۆی گیر نابێ :
((دە لێگەڕێ ، باوەك گەریدەیەك بمرم
مەرگی شاعیر دەبێ وابێ !)))

لەم نووسینەمدا وبستم رەخنە لە دیاردەیەك بگرم نەك لە تاکە کەسێك ... بەڵام دەبوایە یەکێك بێ بە قۆچی قوربانیو بسووتێ بۆئەوەی روونتر دیاردەکەمان پێ نیشان بدا ، ئەگینا کاکی وەرگێڕ تێکستە رووسییەکەی ئەم شیعرەی نەدیوەو شتەکەی لە ئینگلیزییەوە بۆ وەرگێڕاوین کێ دەزانی ! دوور نییە زۆربەی ئەو کەمو کورتییانەی باس کران لە ئینگلیزییەکەوە بۆ کوردییەکە بە میرات مابنەوە لێرەدا مەبەستم تەنیا خستنەرووی چەند راستییەکی زەقو بەجێهێنانی ئەمانەتێکی نەدەبیو بەرگری کردن بوو لە شاعیرێکی کلۆڵی وەکو یەسێنین کە چەند جارێکە زمانی کوردیی لێ ناکەوێ ! جگە لەمەش هیوادارم کەس واتێنەگا خواستە وەرگێڕانەکەی خۆم – لە رووی هونەرییەوە – لە هینەکەی کاکی شاعیر بە باشتر دەزانم .

من بەش بە حاڵی خۆم ، خۆم بە وەرگێڕێکی هونەرمەند نازانمو قیز سپی دەبێو خوێ لەسەر بەرد شین دەبێ تا لە شیعرێك یان لە وەرگێڕانێکی خۆم دلنیا دەبمو بۆ بڵاوکردنەوەی دەنێرم . لە بەراورد کردنی هەردوو وەرگێڕاندا مە بەستم تەنیا ناوەرۆك بوو هیچیتر نا .

پەراوێز

١ – (فەلسەفەی دلداری) شیعرێکی شاعیری ئینگلیز –شیللی– یەئەحمەد هەردی وەریگێڕاوە . بروا ناکەم ئەو شیعرە بە هیچ زمانێك هێندە شیرینو ناسك بێ ،وەك بە کوردی .

٢ – کومرەشی : غیرەت (لە کوردەکانی سوفیەتم بیستوە)

٨

هێڵە ئاگرینەکان

(دلخواز سعید)

پێشکەشە بە چیرۆکنووس حسین عارف

زمانی مرۆڤی بێ دەرەتانو لێ فەوماویش دەگەن .. بلێی هاوارێکیان بکەمێ فریام –ئەکەون .! .

تا دەهات پتر کەللەی سەری دەوروژا .. کەوتەوە تەکان دان یەکەوو هەنگاوی شەلم کوێرمی هاوێشت بەڵام لەشکری بێ شومارو لەبەن نەهانووی تەختایی دەشتو بیابان ، تا دەهات گەمارۆی هەنگاوەکانیان دەدا . ژانی بێئامانی بربنو ئازاری بێ برانەوەی ماندووبوون بە جارێ جووڵەیان پێ بڕیو پاژنەیان پێ لەزەوی گیرکرد . کەوتەوە تەکانو پەلەقاژە ، بەڵام تەکان گیانی پێ نەکرایەوە بەرجەستە سڕبووەکەیو پاڵی بۆ بە قاچەکانی وەنەدەندرا ، دیارە جاربیەتی زەوی چیتر دەرفەتی لە شوێن خۆ بزاوتنی نادا ، وەك ئەسپیندارێکی رەگ داکوتاوی سی ساڵە لە شوێن خۆی چەق، پێڵوەکانی هەڵگلۆفتنو نیگاکانی هەریەکەو بەلایەکدا بڵاوەیان لێ کرد . . هیچی بۆ بەدی نەدەکرا . . حەزی دەکرد هەموو شتێ بەسەربکاتەوەو لە هەموو شتێکی ئەو ناوەرابمێنێو وردبێتەوە . بەڵام هەبهات نیگا بێ وەفاکانی لە جخزە بازنەیەکەی دەوروبەری کەتیرەکەی سەدو بەنجا سەنتیمەترێك دەبوو زیاتر بڕیان نەدەکرد .

تاریکاییش وەك چەند درندەیێکی برسی لە هەر چوار لاوە شاڵاویان بۆ دەهێنا ، تاریکایی بیناکانی پتر شڵەژاندی ترس دایگرت . . گوێی لە ترپەی پێی جنۆکەکانی مەرگ بوو لێی نزیك دەکەوتنەوە ، بەڵام هیچی نەدەدی .. ترسی گلێنەکانی پێ تشاندنەوە ئاوەڕاستی بەرزکردەوەو لە شینایی ئاسمان راما بە دوای پەلە هەورێك دا دەگەڕا هێزێکی کاریگەر ببارێنێ تینوێتی پشکێ . رەوە قەلەرەشکەیێك بەسەر سەریا کەوتبونە دوای قەلێکی لە خۆیان گەورەتر .

– تەنانەت مەلیش بە تەنیایی بەم بیابانەدا گەشت ناکەن .. دەڵێن باڵندەشس بەزەییان هەیە .. لە زمانی بەکتریش دەگەن ، تەنانەت لە بیرەوەری رۆژانی حەزو خۆتەویستی پتر گری لە هەستە زامدارەکەی بەردەدا.

– ئای کە رۆژانێکی پڕ ترسو دڵتیایی بوو ، رۆژانێك بوو ئەم مردنەش لە دەروونمی ناسریتەوە ، هەر سپێدەیێکی تازە بروسکەی تەمەنی بەرگە گرتنی رۆژێکی تازەتری پێ را دەگەیاندم ، منیش تیری ماچی هەناسەیێکی پڕ حەسرەتم دەگرتە شینایی ئاسمان ، ئێواران لێوی چڵە سەوزەکانم دەمژیو دەستی گەلا وەریوەکانم دەگوشی ، روباریش روخساری دەشوشتم .

دیسان راچلەکی یەوە وەك ئێی لە خەوێکی کوشندە بێداربووبێتەوە ، جارێکیتر تارمایی لە سەر گلێنەکانی رەوەیەوە پێڵووەکانی تروکاندەوە . گەردەلوولی ژان قەدو چلی ئەندێشە سەرکەشەکەی راچلەکاند . . دانوساندن ،ملیشی بەلای گەلای یادەکانی هەلوەراند ، شانی چەپیدا کەچ کرد . بە خۆیدا چۆوە چۆلەکەی خەیالی فریەوە سەر چلی بێداری چەند ساتێك لەسەر بەری .

– پەشیمان نیم ، ئەگەر خۆشم ئەگەمەوە کۆنە هەواری رۆژانی مندالیم ، گیانم هەر ئەتا پەشیمان نیم من خۆم ئەمهێشت کانیی ئارەزووەکانم لێبکرێت ، چۆلەکەی یادگارەکانم راوبکرێت .

بەم بیرەوەریە تادەهات پتر ئەندێشەی دەوروژاو تاك تاکەشیان دەتوانەوەو دەبوونە جواناوی بەرگەردنت
تاق و وازیش چەپەسان دەحستە گوێتەوە
ئاوی خۆیان لە تۆ دەنا
هێرۆش لە ئاو (گرە) وە هانە دەرێ
بە بەرزایی بالای خۆیدا هەڵدەڕوانی
گوڵێ سوورو سپی لەبان کەمەری دەکردەوە
دەبنا بەبالاکەی تۆوە
تا کراسی لێ تەواوکرد
دوو پەلکیشی کردە کەبرۆکەی چاوانت
نەکا (دابێن)
لە ناو تەمووزا بپرۆین
پاشان مەری رێزی بەردایەوە

● ●

وا گەیشتی :
هەناسەی دڵم بەرەو ڕوون دێ
گوڵە هێرۆی سوورو سپی سرکەیانە
بە دوای یەکا باڵ لێکدەدەن ، دەرۆنەوە
لە چی دەچن ؟
مەگەرچۆلەکە بەهەشتی خەوەکان هێندە جوان بن
تاو ناتاوێ ئاوڕمان لێ دەدەنەوە
چاومان لێ بوون
تا بە باڵای (هێرۆ)وە نبشتنەوە

● ●

هەر بە تەنیا تۆ مایتەوە
کە دەمڕوانیە جوانەاوی سنگو بەرۆك
کوڵەکانم ناسینەوە
هەر لەوێشدا خولیان دەخوارد
ناوی منیان لێ دەنووسێو
سەری گەرمیان لە ناوەستا دەنایەوە:

ساتەکانی گوڵان

جەزا عەلی ئەمین
١٤ی حوزەیرانی ١٩٨٠

شەپۆلەکانی ئۆقرەم پۆلەهەنگی وروژاون
بەسەرتەوە دەنیشنەوە
بێتەوە نادەن
کوا دڵیان دێ ؟
بێ وردەکانیان لە هەنگوینی ڕووت هەڵدەکێشن
تا نەوسی چاوانم ڕاگرن !
–هەڵەیە !
مەگەر ئەم دەشتی خوایە نی گیایە ؟
ئەی پێکەوە ڕامان نەخست
من ئەم سەریو تۆ ئەو سەری

● ●

ئێوارەیەو تۆ لەوبەری دنیایەی
من لەم بەرەوە وەستاوم
بە دووربینی دل دەڕوانم
دەستەکانمت لێ هەڵدێم
پڕ بەم دنیایە بانگ دەکەم
لات کردەوە
هاتیت ، چۆن هاتنێ ؟
هەرچی گوڵی وڵاتی بەهەشتێ هەیە
پێشەنگت بوون
لە بەر پێتا گری سەمایان خۆشدەکرد

Institut kurde de Paris

بەڕێز عزة ابراهیم (پاشماوە)

ئامادە بوون .

شایانی باسە بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە سەردانێکی ڕەسمی کە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت چۆتە ئیتالیا . لە کاتی گەیشتنی بەڕێز عزة ابراهیم نە فڕۆکەخانەی ڕۆما پێشوازیەکی ڕەسمی بۆی کراو لە پێش هەموویانەوە بەڕێز فرانشیسکو کۆسیگا سەرەك وەزیری ئیتالیاو هەروەها بەڕێزامیلیو کۆلۆمبۆ وەزیری دەرەوەی ئیتالیاو کاربەدەستە گەورەو لێپرسراوانی حکومەتی ئیتالیاو بالیۆزی عراقو دیبلۆماسی یەکانی بالیۆزخانەی عراقو ئەندامانی دەستەدیبلۆماسی یەکانی عەرەب لە ئیتالیادا بەشداریان تیایدا کرد .

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە فڕۆکەخانەی بەغدا لەلایەن بەڕێز طە یاسین ڕمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرو کاربەدەستان و هەڵسوورێنەری ئیتالیا لە بەغدا بەڕێکرا .

لە ڕووداوە (پاشماوە)

ڕۆمانیاش پووڵێکی پۆستەی بە ناوی ئەم کچە پاڵەوانەیەدا دەر کرد .

لە خولی ئەم جارەی موسکو شدا نادیای تەمەن هەژدە ساڵانە دوو خەڵاتی زێڕینی بۆ وڵاتەکەی بردەوە یەکەمیان لە یاری -عارضە- التوازن - دا کە توانی ٨٠٠-١٩ خاڵ کۆ بکاتەوە لە یاری بزوتنەوەکانی سەرزەویشدا -تمارین الحرکات الاضیە - ، لە گەڵ -تیلی کیم-ی کچە سوفیەتیدا بە یەکەم دەرچوون و خەڵاتی زێڕینیان بردەوە :-

هەرخۆشبیت نادیای جوان و پاڵەوان .

● لە ژمارە سەبەرو پێنج هەزار مەترییدا یاری کەری ئەسیوبی -میروش- خەڵاتی زێڕینی بردەوە ، دوای ئەوەی ماوەکەی بە ١٣ دەقیقەو خۆش ڕۆیین و بڕینی ٣١ چرکەی بڕی شایانی باسە ، ئەسیوبیەکان لە ڕێگای دووردا بە غاردان ، ناوبانگیان لە ئەفریقیادا دەکردووە .

● لە ژمارە سەبەرو نوێکانی خولی ئەم جارەی مۆسکۆدا ئەم ژمارە جیهانی یە نوێیە بوو کە لە یاری بەرزە بازدا - القفز العالی - یاری- کەری ئەڵمانیای دیموکرات -جیرد فیسیچ - تۆماری کرد کە توانی لە بەرزایی دوو مەترو -٣٦- سانتیمەتردا بازبدات و خەڵاتی زێڕینی یاری یەکە ببا گەوە ..

وشەی (پاشماوە)

دەبگەیەنێت یان پیاو لە ووشەیەکی بێگانە تامی لێ دەچێژێ .

لایەنی لاوازی ئەم ووشەیە ئەگەر هەر ئەوەیێت کە ڕێك خستن و دروست کردنی تسەو باسی ناڕاست - بێ ودکو مامۆستا زەبیحی مانایەکی لە چوار ماناکان بەم جۆرە لێ داوەتەوە ، ئەوە شتێکی عاجباتی نییە .. خۆ زۆر ووشەی فرە مانای وامان هەیە کە ماناکانیان بە تەواوی بەرەواژی یەکترن و زمانانی تریش لەو جۆرە ووشانەیان زۆرە لەبەر ئەوە بەرەوای نابینم ووشەی -هەڵبەست - بە لاوە بنرێ .

بژارکۆل

شانۆگەری (پاشماوە)

سەبری بەهێزتر بێ .. یا بۆ چیرۆکێکی تری ئامانجداری ئەدەمۆن سەبری هەڵنەبژێررا ؟!

٢ - ئەگەر ئەو تابلۆ زیادانەی کە خرابووە سەری لە شانۆگەریەکەی دابڕین هیچ زیانێکی لێ دەدات ؟ ! وەك کریکارو بازرگان و بەگزادەکان ؟!

٣ - شانۆیەکە بە شێوەیەکی تەقلیدی و دوور لە ڕەمزو پێچو پەنا دەرهێنرا بوو .. نازانم لە پڕ بۆچی بەهۆی خشتەیەکی شەترەنجەوە دەست کرا بەڕەمزو ڕەمزکاری ؟!

٤ - خاوی ئیقاع هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی گرتبۆوە و ئەمەش لەگەڵ واقیعی خاوو خلیچکی گوندو شارە بچکۆلەکانماندا دەگونجێ بەڵام لەو واقیعە سستانەدا زورانبازی و هەواڵەکەی دەبوایە ڕاچڵەکانێکی بخستایەتەوە .. بەڵام تەنانەت ئەوەش ئیقاعی شانۆگەریەکەی گورج و گۆڵ نەکردەوە ..

٥ - دیکۆرو ئینکسسوارو ئارایشت کارێکی وای کردبوو کە بەتەواوی هەست بکەیت کارەسات لە ناوچەیەکی کوردستانداو بەشێوەیەکی ئاسایی ڕوودەدەن و دەم و چاوو جلو بەرگی نامۆ لە ئارادا نەبوو ئەمەیان شایانی

٦ - هێنانی کۆمەڵێ منداڵ بۆ سەر شانۆو کارێکی پیرۆزو پەسەندەو مایەی شانازیش دەبێ کە بە شێوەیەکی هونەری و بەردەوام پەروەردە بکرێن و بایەخی تایبەتیان پێ بدرێت ..

٧ - ئەم شانۆگەریە چەند ئیزافەی فیکری و هونەری هەبوو لەسەر خەرمانی بەرهەمەکانی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی یا لە ئاستی کام بەرهەمی لەمەوبەری دا بوو ؟!

ئومێدەوارم تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی .. کە جێی متمانەی جەماوەرانمانە .. لە بەرهەمەکانی داهاتووی دا لەو ئاستە هونەری و فیکریە بەرزەی لەمەوبەری نەیەتە خوارەوەو چاوەڕوانی بەرهەمی پوختتری لێ دەکەین .

ئەستێرەیەکی (پاشماوە)

بەو ڕێکەوتین .

یەکەم وەرزی یاری کە دەسی پێ کرد تووانیم لەو ماوەیەدا -٢١- گۆڵ تۆمار کەم و ئەمەیش وای لە یانەی -لایروسی- کرد کە بچێتە ڕیزی یانەی یەکەمەوە .

لەم ماوەیەدا -٢٤- گۆڵم تۆمار کرد سەرەڕای بە هێزی بەرگرەکانی یانەکانی کە ، ئەم هەموو سەرکەوتنانەی -ڕوسی- وای کرد کە سەرنجی ڕاهێنەر -مدرب- ئانزو بیرزوت ڕابکێشێ و داوای لێ بکا کە بچێتە ڕیزی تیپی هەڵبژاردەوە کە ئەرۆن بۆ -ئەرجەنتین - بۆ یاری - کاسی جیهان-ی ، -ڕوسی- چەند گۆڵی جوانی تۆمار کرد .

-ڕوسی- ئەڵێ سەرکەوتنم تا سەر لە یانەی -لایروسی- نابێ بەڵکو پێویستە بچمە ڕیزی ئەو یانەیەوە کە مێژوویەکی کۆنی هەبە و چاکترین یاریزانی تیدایە ئەم جۆرە یانانەیش ئەتوانن -٢- مەلیۆن -جنیە-استرلینی- بدات بە من .

شوان ئەحمەد سادق
کەرکوك

ناحیەی پردێ (پاشماوە)

لەهەموو جیهاندا ناوی دەرکردوەو پردیش وەك کۆتەرەی -کفر- هەر پڕ ئەبێ و چیر ئەبێتەر وەو پارێزگاری خۆی کردووە ئایا مانەوەی شاری پردێ وەك خۆی لەبەر کەمی زەویە بادەستی شارستانی وەك پێویست بۆ دریژ نەکراوە ؟؟!! .

شاری پردێ لەڕووی پیشەسازیەوە زۆر دوا کەوتووەو هیچ جۆرە کارگەیەکی لێ نیە. کارگەیەکی لێ نیە . ئەتوانین بلیین ئاوی زۆرو زەوی .

باش و پر پیتو بەرەکەتی هەیە بەڵای کەمەوە دەبوایە لەڕووی پیشەسازیی کشتو کاڵەوە پێشکەوتوو بوایە بەتایبەتی زەویەکانی ناوچەی ساڵەیی و بیبانی و بەراوەکەی دەورویشتی چەمی -مەزاری -وەکاشە- ... ناوچەی ساڵەیی کە باڵی چەپی پردێیە ئەتواندریت بە ئاسانی بکرێت بە بەراو ئەوجا بۆچەوەندەری شەکر و تەماتەو گەنم و جۆو زۆر شتی تر بەکاربێت چونکە دەشتێکی یان و بەرین و ڕاست وەك پێژنگ وایە

جا پردی بەڵای کەمەوە دەتواندریت کارگەیەکی (ئاوی - دوشاوی) تەماتەی لێ دروست بکرێت بۆ ئەوەی هانی جوتیاران بدرێت کە لەو ڕووەوە بەرهەم پتربکەن و زۆربەی ناوچەکان لەکاتی پێویستدا سوودی لێ وەربگرن خۆ عەماری گەنم و جۆو دنەوێڵەش هەر باشە دێهاتەکانی دەورو بەری پردێ هەر چەندە زێ بەکەش بەناویاندا یان بەقەراخیاندا ئەروات بەڵام هەر تینون و چاویان لە ئاسمانە ئایا هەورەکە بەسەریان ڕەت ئەبێت یانا ؟؟!! ئەمساڵ باران جۆنەو یاخوابارێ و ساڵەکەی باشەو پار باشتربوو : هەر لەو بۆربۆرێنەدا دەژین ... وە ئەگەر لەزپی پردێ سوود وەر بگیرێ جوتیاران رزگاریادەبێت لەو تەماشاکردنی ئاسمانەو .. لەقات و قری ڕزگاریان یادەبێت لەو تەماشاکردنی پردێیەکەی باسیشی ئەکەین ئەبێتە جیگایەکی پیشەسازی کشتو کاڵی و بازرگانی دار و دارە ئەکات و پێ ئەگری.

بۆیە ناحیەی پردی پێویستی بە دەستی دڵسوزی هەیەو بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە ئاودارەش وەك شوێنەکانی تری بگەنە شارستانیەت ...

باسترین یاریزان (پاشماوە)

وولاتیش ئەکەین و بەتەمای ئەنجامی باشین و لە ڕاستیشدا پێش کەوتنێکی ڕەچاو کراو باری یاری باسکەوە لە سلێمانی بەدی ئەکرێ کە بەهۆی بایەخی لێ پرسراوان و یانە وەزشی یەکان و دڵسۆزی وەرزشەوانەکەنەوە هاتۆتە دی و لەسەرو هەموویانەوە یەکیەتی باسکەو نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلەمپی سلێمانی کە هەردەم دەستی هەموو یاری کەرەکان ئەگرن و حەز بە پێش کەوتنی ئەم یاریە ئەکەن کە جەماوەرێکی زۆر لە لاوان حەزی لێ ئەکەن -نۆ ئیستا چی ئەکەیت؟.

-من خۆم قوتابیم لە پولی سێیەم لە ناوەندی نیشتمان لە سلێمانی و وا بۆ سێ ساڵ ئەچێ تیپی باسکەی قوتابخانەکەم یەکەمی هەموو تیپەکانی قوتابخانەکانی سلێمانی یەو ، من کابتنی تیپی قوتابخانەو تازە پێگەیشتوانم و دابەشکەرم لە تیپی هەڵبژاردەشداو ڕاستی ڕاهێنەرو مامۆستاکانمان زۆرمان لە گەڵ ماندوو ئەبن و ئێمە سوپاسیان ئەکەین بەتایبەتی مامۆستا کمال کریم .

- لە چەند یاریدا هاوبەشیت کردووە .

- هەموو یاریەکانی ناوشاری سلێمانی و نێوان قوتابخانەکان و پاڵەوانێتی ناوچەی ژوورو لە سلێمانی و پاڵەوانێتی وولات لە کەرکوك و بەتەمای هاوبەشی پاڵەوانێکی ترم لە ڕمادی.

- بە هیوای چیت ؟.

- زۆر حەز ئەکەم بگەمە ئاستێکی پێشکەوتووی وا کە بتوانم لە نێو دەوڵەتانیدا نوێنەرایەتی وولات و گەلەکەم بکەم .

چی یاری کەرێکت خۆش ئەوێ؟

ئەوەی کە گوێ ڕایەڵەو ئیشوکارو ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ ئەهێنێ و ڕێزگاری ناوبانگی تیپەکەی ئەکاو مەبەستی لە یاری کردن نەشونماکردنی ڕەوشتە. -حەز لە یاری تر ئەکەیت ؟

-وەکو ووتم کاتی خۆی بالەم ئەکرد ئیستاش یاری تۆپی دەست ئەکەمو لەتیپی تارە پێگەیشتوانی تۆپی دەستیشمو لەم بەینەدا لەکاتی ڕاهێنانی ئەویاریەدا دەستم شکاو ئەوەتا ئەبینی هەڵمەبەستووە

-چی ترت هەیە؟.

-هیچی تر تەنها سەرکەوتنی تیپەکەمو بەرزکردنەوەی ناوی سلیمانی لە عیراقداو عیراق لە دەرەوەداو زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاریش ئەکەین وا بە ئەنگمانەوە دێت .

دبدەنێکی (پاشماوە)

پاڵەوانێتی یەدا بەشدا بوون ؟

وا : دە پارێزگا لەم پاڵەوانێتیە بەشدار بوون بوون هەولێر ، سلیمانی ، موسڵ ، تەئمیم ، دیالی ، حلە ، کربلاء ذی قار ، بەسرە ، بەغدا .

ب٢ : پارێزگاکان چۆن بوون لە یاری کردنا ؟

یاری کردنا ، پارێزگای هەولێر و٢ : هەموو باش بوون لە بەشدارەکانی تەمەنیان ١٥ ساڵان بوو .

ب٣ : ئایا ئەنجامی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە چۆن بوو ؟

و٢ : دوو یاری کەر گەبشتنە کۆتایی یەکێکیان لە کێشی. ٤ کیلو غەرامی کە ناوی ولید محمودە ، ئەوی تریان لە کێشی ٥٢ کیلو غەرامە کە ناوی عمر عبدالله یە .

هەموو یاریکەرەکان هەوڵی باشیان داو بەهەرەو توانای خۆیان بەکار دەهێناو ئەوە بوو ووتمان گەیشتنە کۆتایی و ئەو دوویاریکەرە گەلێ باشتر بوون لە یاریکەرەکانی پارێزگاکانی تر ، ئێمەیش هەوڵو تەقەلایکی چاك دە دەین بۆ فێر کردنی ئەم یاریکەرانە بۆ ئەوەی بیان گەیەنینە ئاستێکی وا کەبتوانن یاری یەکەو دڵی ئێمەش بگەشێتەوەو فێرکەر زید محمود علی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ فێر کردنی ئەم یاریکەرانە .

ب٢ : دوا ووتەت چی یە؟

ب٤ : دوا ووتەت چی یە ؟

و٤ : هیواو ئاواتم ئەوەیە ئەو یاریکەرانە کە تووانایان هەیە لە بۆکسێن بەشداریمان بکەن ، بۆ ئەوەی تووانای خۆیان لەم یارییەدا بەکار بهێنن و خۆیان بە جەماوەر ناسێنن .

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی ڕەنبوهێنان ئەمینداریێتی گشتی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی ..

قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٨٠/٤٩ دروست کردنی هۆڵێکی داخراو لە دهۆك ..

بەمە ڕای دەگەیەنین کە ئەم قۆنتەراتە نهێنی یەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - دەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبردنە یان لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بەرانبەر بە (١٥) دینار کە نادرێتەوە وەربگیرێت بە مەرجێك قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچوو مەرجە گشتی و مواسەفاتە هونەری یەکان بکرێت .

٢ - دواماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یان پێش کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ - ٩ - ١٩٨٠ دەبێت و پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەکرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی یەدا .

٣ - دەبێت ئەمانە لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :-

ا - بارمتەی سەرەتایی بە (٦) شەش هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانقدا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بە کاربێت یان چەکێکی مۆرکراو .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا کە لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .

ج - ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی داری کردنی پلەی قۆنتەراتچی یەکان پلەی نۆیەم بەوەی بتوانێت بە پلەیەك لە پلەی خۆی بەرزتر بێت بەشداری بکات .

٤ - هەر تەندەرێك لە کاتی داری کراودا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتی بە پابەندی ئەوە نییە نزمترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر وەربگرێت .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواخستنی کار تەنیا -٤٠- چل دینار سزا دەدرێت و بە درێژایی ماوەی دواخستنەکە بەردەوام دەبێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

٨ - دەبێت قۆنتەراتچی یەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا نەخشەکان بگێڕنە دواوە نە خشەکانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچی یە دەدرێت کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچێت .

٩ - دەبێت قۆنتەراتچی پووڵێکی (٢٥٠) فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ - تەندەرەکە بە خەتێکی خۆش و بە پاندان یان جاف و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پڕ بکرێتەوەو قۆنتەراتچی (یان قۆنتەراتچی یەکان) هەموو لاپەڕەیەکی تەندەرەکەو خولاسەکەی مۆر بکەن بە پێچەوانەشەوە تەندەرەکە پشت گوێ دەخرێت .

١١ - هەر تەندەرێك لە ناو زەرفێکی داخراودا نەبێت ڕەت دەکرێتەوە .

١٢ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی یەکانی قۆنتەراتکاری کاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمو چاککراوەکانی دەبەسترێت .

١٣ - هەر سڵ کردنەوەیەك قۆنتەراتچی لە تەندەرەکەدا بینووسێت ڕەت دەکرێتەوە .

١٤ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی کەوتە ئەستۆوە ئەندازیارێکی سەرپەرشتیکەر دامەزرێنێت ڕۆژانە سەر لە کار بدات .

١٥ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی کەوتە ئەستۆوە عەمبارێك یان پتر بۆ پاراستنی چیمەنتۆ ئامادە بکات .

کمال ڕشید فتاح
ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی ڕەنبوهێنان ئەمینداریێتی گشتی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی ..

قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٨٠/٥١ دروست کردنی کارگەی چاککردنەوەی مەکینەو ئامێر لە دهۆك ..

بەمە ڕای دەگەیەنین کە ئەم قۆنتەراتە نهێنی یەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - دەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبردنە یان لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بەرانبەر بە (٣٠) سی دینار کە نادرێتەوە وەربگیرێت بە مەرجێك کە قۆنتەراتچی قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچوو مەرجە گشتی و مواسەفاتە هونەری یەکان بکرێت .

٢ دوا ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یان پێش کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧-٩-١٩٨٠ دەبێت و پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەکرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی یەدا .

٣ - دەبێت ئەمانە لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :-

ا - بارمتەی سەرەتایی بە -١٠٥٠٠- دە هەزارو پێنج سەد دینار لە شێوەی کەفالەتی بانقدا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت یان لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا کە لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .

ج - ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی داری کردنی پلەی قۆنتەراتچی یەکان پلەی هەشتەم بەوەی بتوانێت بە پلەیەك بەشداری بکات لە هی خۆی بەرزتر بێت .

٤ - هەر تەندەرێك لە کاتی داری کراودا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتی بە پابەندی ئەوە نییە نزمترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر وەربگرێت .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواخستنی کار تەنیا -٤٠- چل دینار سزا دەدرێت و بە درێژایی ماوەی دواخستنەکە بەردەوام دەبێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

٨ - دەبێت قۆنتەراتچی یەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا نەخشەکان بگێڕنە دواوە نە خشەکانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچی یە دەدرێت کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچێت .

٩ - دەبێت قۆنتەراتچی پووڵێکی -٢٥٠- فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ تەندەرەکە بە خەتێکی خۆش و بە پاندانی مەرکەب یان جاف ، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پڕ بکرێتەوەو لە سەر هەموو لاپەڕەکانی تەندەرەکە لەگەڵ خولاسەکەیدا مۆر بکرێت بە پێچەوانەشەوە پشت گوێ دەخرێت .

١١ - هەر تەندەرێك لە ناو زەرفێکی داخراودا نەبێت ڕەت دەکرێتەوە .

١٢ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە قۆنتەراتکاری کاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمو چاککراوەکانی دەبەسترێت .

١٢-لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکە دا پشت بە مەرجە گشتی یەکانی بنووسرێت ڕەت دەکرێتەوە .

١٤ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچوو ئەندازیارێکی موفیم بە دەوامی تەواو دامەزرێنێت لەگەڵ ئەوەی دەبێت شارەزایی یەکانی تری هەبێت هەرکە پێویستی پێ کرا .

١٥ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچوو عەمبارێك یان زۆرتر بۆ پاراستنی چیمەنتۆ ئامادەبکات .

کمال ڕشید فتاح
ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی

بۆزانین

دەورەیەکی مەشق پێ کردن لە ئامۆژگای هونەرو پیشەسازی یە میللی یەکان دەکرێتەوە لەمەڵبەندی پیشەو پیشەسازی یە میللی یەکان - وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ ماوەی یەك ساڵی خوێندن تەبا بە ئیواران بۆ مەشق کردن لە سەر هونەرو پیشەسازی یە میللی یەکان بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

١ - خۆ ناونووس کردن بە درێژایی ڕۆژانی ساڵی خوێندن هەر لە ١-٩-١٩٨٠ وە بەردەوامە .

٢ - دەوام کردن لە ئامۆژگاکەدا لە کاتژمێری چوارونیوی ئیوارەوە تا هەشت و نیوی ئیوارەیە هەموو ڕۆژێك ڕۆژانی هەینی و پشووی ڕەسمی نەبێت .

٣ - خۆ ناونووس کردن لە بەردەمی هەموو ڕۆڵەکانی گەڵدا بە نێرو مێوە بەبێ گوێدان بە تەمەن و بڕوانامە ئاواڵەیە

٤ - ماوەی دەورەکە ساڵێکی خوێندنە پاش ئەوەو دەرچوو بڕوانامەیەکی هونەری و پیشەیی پێ دەدرێت ، دەورەکە لە ڕۆژی ١-١٠-١٩٨٠ وە دەست پێ دەکات و لە ڕۆژی ٣١-٥-١٩٨٠ دا کۆتایی پێ دێت بەمەرجێك لە تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵو کۆتایی ساڵ بپەڕدرێتەوەو بەبێ ئەوەی -٤٥- ڕۆژ ئامادە نەبێت .

٥ - بۆ ئارەزو ومەندەکان دەتوانن هەرکاتێك دا بێت ناوی خۆیان بنووسن بە مەرجێك بڕوانامەی دەرچوونیان پێ نەدرێت .

٦ - قوتابی یە بەکەمەکانی هەر بەشێك لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە لە کاتی دەرچوونداخەڵاتی ڕیز لێنانیان پێ دەبەخشرێت .

٧ - ڕادەیەك لە نرخی شتومەکی بەرهەمی هونەری و پیشەیی لە کاتی فرۆشتن یان بە شێوەیەکی گشتی بە قوتابی یەکان دەدرێت .

٨ - ئەوانەی دێن ناوی خۆیان بنووسن دەبێت ئەمانەی خوارەوە ئامادە بکەن :-

ا - فایلێکی مانێلا .

ب - عەرزوحاڵێکی داخواری ناونووس کردن .

ج - پێنج وێنەی چارەکی پۆستکارت .

د - تەسکەرەی نفووس ساڵی ١٩٥٧ یان پێناسی ئەحوالی مەدەنی .

هـ - پڕکردنەوەی ئەو ئیستیمارەی تایبەتە بەخۆ ناونووس کردن لە ئامۆژگاکەدا .

و - دەفتەری غەسکەری .

٩ - بەشەکانی ئامۆژگاکە :-

(بەشی سیرامیك

٢ - بەشی هەڵکۆڵینی تەختە .

٣ - بەشی کانەکان .

٤ - بەشی خەتی عەرەبی و زەخرەفەو هونەری خانووی ئیسلامی

٥ - بەشی درووماندو پارچە بڕین و جلوبەرگی میللی/ تەنیا بۆ ئافرەت

٦ - بەشی تابلۆکێشان و نەخشەسازی .

٧ - بەشی لاکێش چنین و چنینی دەستی .

عطا صبری حسن سامی

بەڕێوەبەری گشتی ی پیشەو پیشەسازی یە میللی یەکان بە وەکالەت

Institut Kurde de Paris

لە گەڵ یەکەم کاری تیپی هونەری میللی هەولێردا

● نەژاد ●

★ - تیپی هونەری میللی- لە هەولێر سەر بە دەزگای کشتی شانۆو سینەمایە لە ٥-٢-١٩٧٩وە دامەزراوە .

ئەلبەتە کۆمەڵێ لاوی کوردی لە خۆبوردوو لە «کوڕو کچ» ئەم تیپەیان پێك هێنا .

یەکەم کاری تیپ ئاهەنگی ئەم دوایەیان بوو کە لەسەر شانۆی هۆڵی رۆشنبیری جەماوەر پێشکەشیان کرد ، تاید! کۆمەلێك هەڵبەرکێ و تابلۆی کوردیان پیشاندا کە گەلێك لە ئالەتە مۆسیقیە خۆماڵی یەکانی وەستایانە تێدا بەکار هاتبوو ، وەکو باڵەبان و نای و دەهۆڵ و زورناو .. تاد. ئاهەنگەکە شەش تابلۆی تێدا پێشکەش کرا . . تابلۆی (درووەنە یان درویێنە) چ لە بارەی ئیحای شانۆیی ، چ مۆسیقا ، بە هێزترینی ئەو شەش تابلۆیە بوو ..

★ **تابلۆی نەورۆز ،** بارەکو ئەو ئیحایەی بە خۆود ئەگرتبوو کە لە ئاوەڕۆکی ئەو سروودە مەزنە دایە (هۆبراوەو ئاواز) بەڵام وەك لایەنە جوانی یەکەی و لە ئەنجامی ریك وپێکی جولانەوەی شایی کەرەکان و ئەو جل وبەرگانەی لە بەریان بوو .. رەنگێکی تری دەنواند .. بەڵام ئەو ئیقاعە خێرایە بۆ ؟

بەداخەوە گەلێك جاران بینەر وای هەست پێدەکرد کەوەك تابلۆیەکی (جیم لاستیکی) دەهاتە بەرچاو ...

★ **تابلۆی شوان :** شوانەتی و ئەو ژیانە ئەفسوناویەی کە شوانی تێدا دەژی ، بەتایبەتیش لە کوردستان . بەرای من لەوە زیاتری هەڵدەگرت کە بیشکەش کرا بە تایبەتیش لە جوولانەوەی - شایی کەران - داو هەروەها دەفەبەرکردنی موسیقا - .

★ **تابلۆی (بادینی) و (کوێستان)و (لۆرکێ)یش،** لە بارەی جل وبەرگ و ڕێك وپێکی تێکەڵاوبوونی کوڕو کچەکان کۆك بوو .. بەڵام دیسان ئەمانەیش تووشی دەردی جیم لاستیکی بوون و ئیحای شانۆیی یان تێدا هەست پێ نەدەکرا . .

★ **تابلۆی درویێنە ،** بەرای من ئەم تابلۆیە ، وەکو ئیقاعی موسیقی و دەفەبەرکردنی جوولانەوەی شایی کەران لە سەر شانۆو ناوەڕۆکێکی زینەدووو گەشبینی دا بێجگە لە سەرکەوتووی هەندێ لایەنی تری هونەری ، بە هێزترینی ئەو شەش تابلۆیە بوو و بەرگێکی تازەی دەبەرکرابوو ، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر گەرم وگوڕیە رەسەنەکەی خۆی .

جایگراوی نوێ ○○○○

ژمارە ٦٥ی گۆڤاری بەیان

لەم هەفتەیەدا ژمارەیەکی تری گۆڤاری بەیانی رەنگین کە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات کەوتە بازاڕەوە .

لەم ژمارەیەدا ئەم بەرهەمانە دەخوێنیەوە . هێمن و بۆنی غەریبی و کاروان و ئەستێرەو شوێنی لە ئەدەبی منداڵاندا و چیرۆکی تەڵەم و فەقێ عەباس و دیمەنێکی لە یادنەچوو شیعری گەمژەیی و پەنجەرەی ئارەزوویەکی بێ دەنگ .

لەگەڵ چەند بابەتێکی تری هەمەڕەنگ .

نوستووی بەرباران

کۆمەڵە شیعرێکی هەمە ڕەنگە نەژادی شاعیر لە فارسی یەوە کردونی بە کوردی و نەخشەی بەرگ و خەتەکانی بە پەڕەمووچی هونەرمەندی کورد محمد زادە کێشراون .. ئەم بەرهەمە وەرگێڕاوە دووەم بەرهەمی نەژادە لە دوای کۆمەڵە شیعرەکەی کە بەناونیشانی سەکۆ لەساڵی ١٩٧٦دا لە چاپی دابوو .

دوو سروودی کێوی

لەم رۆژانەدا دیوانێکی تری شاعیری ناسراوی کورد شێر کۆ بێکەس بە ناونیشانی دوو سروودی کێوی کەوتە بازاڕەوە .. ئەم دیوانە بریتی یە لە دوو هۆنراوەی درێژ یەکەمیان بە ناوی (کۆچ)ەوەیە و لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥دا دووەمیان بە ناوی (برایەتی و کۆرانی بەفرو منداڵیم)ەو لە ساڵی ١٩٧٦ دەستی پێ کردوەو لە ساڵی ١٩٧٩دا تەواوی کردوە . . .

نەخشی بەرگەکەو قەڵەمە کێشەکانی ناوەوە بە پەڕەمووچی هونەرمەندی کورد عەلی مەندەلاوی دروستکراوەو خەتەکانی سەر بەرگەکەش لە لایەن نزاربەزازی هونەرمەندو خۆشنووسەوە نووسراون . ئەوەی شایانی باسە ئەمە حەوتەم بەرهەمی شاعیرە .

شەو نی یە خەونتان پێوە نەبینم

لە دوای بێدەنگی یەکی دوورودرێژ کە زیاتر لە (٨) ساڵی خایاند جارێکی دیکە عەبدوڵلا پەشێوی شاعیر بێدار بووەو چوارەم دیوانە شیعری لە دوورە وولاتەوە بە خوێنەرانی کوردو ئەدەب دۆستانی گەیاند .. ئەوەی شایانی باسە دوا دیوانی پەشێو لە ساڵی ١٩٧٢دا بە ناونیشانی شەونامەی شاعیرێکی تینوو چاپ کراوە. نەخشەی بەرگی ئەم دیوانەی دوایی تابلۆیەکی بەختیاری هونەرمەندە .

ئابووری ژان

کۆمەڵێك ووتارە لە لایەن کۆمەڵی ئابووری زانەکانی عیراق - لقی هەولێر -ەوە سێ مانگ جارێ دەردەچێ . ئەمە نۆبەرەی ئەم کۆمەڵەیەو گەلێ ووتاری بە پێزی تیدایە .

قوتابی یەکی زیرەك و هیوای دووا رۆژ

حمە سعید حمە کریم
پ. هاوکاری لە سلێمانی

● زیرەکی و عاقڵی و سەرکەوتنی قوتابیانی ئەمڕۆ هیوایەکی گەشی نەتەوەو گەلە، چونکە قوتابیانی ئەمڕۆ مامۆستاو زاناو پسپۆرو پرۆفیسۆرو پزیشك و ئەندازیارو نووسەرو ئەدیبو رۆژنامەنووس نەتەوەکەمانن و ئەوان ئەتوانن ودکو پێویست خزمەتی ئەم گەل و نیشتمانە بکەن .

لەسەر دانێکماندا بۆ تەوێڵەی ناوچەی هەورامان لە قەرای هەڵەبجە چاومان بە قوتابیەکی زیرەك کەوت کە هەموو ساڵێ بەبەکەم دەرئەچێ و ئەمساڵ لە هەموو دەرسەکانی بەخشراوە چونکە هەر لە سەرەتای ساڵەوە نمرەکانی لە ٩٠ نەهاتۆتە خوارەوە

لێمان پرسی و وتی :-

× کاتێ ئەبینم هەموو مامۆستاو هاوڕێکانم و حەڵکانی تریش منیان خۆش ئەوێ ، هەر لەبەر ئەوەی زیرەکم و لە خوێندنو وانەکاندا سەرکەوتووم و لەوانەیە بە دڵی ئەوان بم زۆرزۆر شادمان ئەبم و رباتر بیر لە هەوڵ و کۆششی ئەکەمەوەو هیوام وایە لە دووا رۆژدا بتوانم خزمەتیان بکەم و خۆشەویستیان بە فیڕۆ نادەم ..

● **هەستت بەچی کرد کە پێیان وتی تۆمەعفویت و امتحان نادەیت ؟.**

× دڵ خۆش و کامەران بووم، هەموو هیلاکی و ماندووبونی کاتی سەعی کردن و هەوڵدانم لە بیرچووەوە و زیاتر بڕوام بەوە هێنا کە هەرکەسێ هەوڵ بدات ئەگاتە ئەنجامی خۆی .

● **گیروگرفتی خوێندنتان چی یە ؟ .**

× بە گوێرەی توانای ئەمڕۆ هەندێ گیروگرفتمان هەیە وەکو کەمی و بچوکی بینای قوتابخانەکان ، کە سێ قوتابخانە لەیەك بنیادا دەوام ئەکەن و بەراستی مامۆستاشمان کەمەو بە گوێرەی واتەکان مامۆستامان نی یەو بە هۆی کەمی مامۆستاوە زۆرجار لە وانەکاندا دووانەکەوین .

● **هیواتان چی یە ؟**

× ئەمەوێ هەوڵ بدەم کە خوێندنی بالا تەواو بکەم و ببمە ئەندازیار .

● **بۆ ئەندازیار ؟**

× چونکە وڵاتی ئێمە پێریستەکی یەکجار زۆری بە ئاودان کردنەوەو هەوڵ تایبەتی هەیە بۆ پێش خستنی و ، زۆر لە مێژە بە دەست دووا کەوتەیی و هەندێ شتی ترەوە ئەناڵێنێ و ئەمەوێ ببمە ئەندازیار تا بتوانم لە خزمەت گوزاری ئاودانیداو بنیاتنانی وڵاتێکی پێش کەوتوودا هاوبەشی بکەم .

باڵە خڕەی وشەکان

کەمال مەمەند

- ١ -

× لە کونی دیناڕەوە ، دنیادەبینن . گەر سمێڵەکانت چەور بن ، کڵاوی بانەبردووت بەسەرەوەبێ ، گیرفانەکان دەفەری - چەك - یان تێدا خەوتین . ئەوا ماشاڵڵای ناوێ . تۆ هەیت و پێویست بە سنگ دەرپەڕاندن ناکا .

× - چەند گوناحەئەو فەیلەسوفەی وایزانی شتێکی ئەوردی دۆزیوەتەوەو کاتێ هاواری کرد :

« من بیردەکەمەوە ، کەواتە من هەم » !

× - ئەوەتار ئاغام - تۆ نەبیردەکەیتەوە . نەخەم دەخۆی نەکوێ دەئری ، نەدەگری .. ئەتوێ دەگری ، نەدەگری . . کەچی تۆ هەیت .. هەبوونێك کە هەر دە نینۆکەکانت واژۆی دەکەن ، وورگت بەبێ بەڵگە دەبسەلێنێ ... دەسا چ قەبارەیەکی تر هەیە هێندە مەودایەی لە بۆشایی دادگیر کردبێ !

× - تۆ لە کاتردا هەناودەنێی . کات چی لێدێ ، با لێی پێ ، بۆ کوێ مل دەنێ ، با بینێ ، چۆن سەرمەقولاتە دەکا ، با بیکا!! دروشت سەلامەت بن : سەرو گیرفان .. سەرو گیرفانو هیچی دی !!

سەریش با هەر قەبارەکەی هەبێ . زرکەتاڵەیەکی بەردین .

ئەگینا نەکەی نامافولی بکەیت و بیر لە (هۆشی) بکەیتەوە .

چوکە ئەوسا ئۆوشی گومان، نەء ، بوختانێکی گەورە دەبێ:- ئەوسا حەیوان بە مرۆڤ تێدەگەی .

- ٢ -

هەناسەبایەك ، پەلکە گەلایەکی لەرزان .
تنۆکە ئاونگێك ، وەری
دەنکە گڵێك بووە منداڵان،
شەو ژان گرتی .
خۆریش ووتی : ئەم کچە ناو دەنێم بەهار .

هەڵبژاردە

رادیۆنێك بە وزەی خۆر کاردەکات

لەبەر ئەوەی لەم رۆژانەداوزە بۆتە دەرمانە دەردو . . ئیستاکە رووکردنە سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر بۆتە مۆدەو .. هەموو رۆژێك داهێنانێکی تازە دێتەکایەوە .. لەم دوایەدا کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی رادیۆنێکی خستۆتە بازاڕەوە کە بە وزەی خۆر کاردەکات و دووشە پۆلی هەیە .. بەڵام بەشەو کە هەور دنیا دەگرێ دەتوانی بە دوو پیلی بچووك بیخەبتەکار . نرخی رادیۆنەکە (٧٠) دۆلارە .



لە هەموو شتێکدا وەك یەکن تەنیا لەرەنگدا نەبێت

کارلی و کیلی سمشی دووانەدرو کچن لە باوکێکی قوڵەرەش و دایکێکی سپی ەتوونەتە دونیاوە ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەم دوو خوشکە لەدرێژی و ڕوخسارو قژی سەریان وەکو یەکن .. تەنیا پێستیان جیاوازە .

یەکەمیان سپی پێست و قژ زەردو چاو سەوزەو دووەمیان رەش پێست و چاو رەش و قژ رەشە . دوکتۆر جۆرج بنکر کە مامۆستای نەخۆشی ژنانە دەڵێ ئەمە حاڵەتێکی هێجگار کەمەو بە درێژایی ژیانم شتی وام کەم بینیوە .

دایکی ئەو دوو کچە دەڵێ ئەمە شتێکی چاکەو ناسینی کچەکانی ئاسان کردوە

چیرۆك بۆ منداڵان

پاساری و دەنکە گەنمێکی

● نەوزاد احمد اسود●

پاساری یەك بۆ بێچووەکانی بە دوای خواردندا دەگەڕا ، دوای گەڕانێکی زۆر ، دەنکە گەنمێکی دۆزی یەوە ، بەدەنووکەکانی هەڵی گرتو بە دڵخۆشی یەوە بەرەو هێلانەکەی گەڕایەوە .

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو . باشی چەند مانگێك بێچووە - پاساری یەکان گەورەبوون و بەڕوبالیان بە تەواوی دەرکردو لەگەڵ پاساری یەکەدا کەوتنە فڕین و گەشت کردن .. هەر ڕۆیشتن .. تا گەیشتنە ئەو دارەی کەکاتی خۆی پاساری یەکە دەنکەگەنمێکی لێ وون کردبو ، پاساری یەکەش کە چاوی بەو دارە کەوت ئەو ڕۆژەی وەبیرهاتەوە کە دەنکە گەنمێکی وون کرد . لەسەر دارەکە نیشتنەوە . . پاساری یەکە ئەو باسەی بۆ بێچووەکانی دەگێڕایەوە ، لەیر گوێیان لە دەنگی بوو ووتی :

- ئەی پاساری یە جوانەکە، رەرە سەیری من بکە بزانە چەند گەورە بووم .

پاساری یەکانیش گوێیان بۆ ئەو دەنگە بە سۆزە نامۆیە هەڵخست و دبسانەوە ووتی :

- نامناسیتەوە ئەی پاساری یەکە ؟ من ئەو دەنکە گەنمەم کە پێشی چەند مانگێك وونت کردم و ئێستاش گەورەبوو مەو بوومەتە گوڵە گەنمو بە دەیەها گەنمەم پێوەیە .

پاساری یەکەش بە ڕوویەکی گەشەوە سەیری گوڵەکەی کردو بە خۆشحاڵی یەوە ووتی :

- ئای گوڵە گەنمە بەنرخەکەم . . تۆم دۆزی یەوە .. گوڵە گەنمەکە ووتی :

- ئەگەر جاری پێشوو منت وون نەکردایە ، ئەوا هەر یەك دانەری و زۆر بۆی گەڕا بەڵام نەیدۆزی یەوە ، ناچار بە خەمباری و دڵشکستی یەوە بەرەو هێلانەکەی گەڕایەوە .

پاساری یەکەش بە ڕوویەکی گەشەوە سەیری گوڵەکەی کردو بە خۆشحاڵی یەوە ووتی :

- زۆر سوپاستدەکەم... بە ڕاستی تۆ گوڵە گەنمێکی دڵسۆزی .

بەو شێوەیە گوڵە گەنمەکەیان بردە هێلانەکەیان و ماوەیەکی زۆریان لەگەڵدا بردەسەر ..

دەنکە گەنم دەبووم و بەشی نیوەم نەدەکرد ، بەڵام ئێستا من گوڵە گەنمەو چل دەنکە گەنمم پێوەیە ، دەزووکە بمبەو بمکە بە خواردنی خۆتو بێچووەکانت .

پاساری یەکەش ووتی :

- زۆر سوپاستدەکەم... بە ڕاستی تۆ گوڵە گەنمێکی دڵسۆزی .

بەو شێوەیە گوڵە گەنمەکەیان بردە هێلانەکەیان و ماوەیەکی زۆریان لەگەڵدا بردەسەر ..

گوڵی ئەستێرە

عەزیزی مەلا ئەحمەدی رەش

گوڵ ئەستێرەی گەش و جوان
چەند قەشەنگی بەم شەوە
گەرچی دووری لە حەوای
ئەوەندە شەنگ و نیانی
کە دەتبینن منداڵان
ئەستێرۆکەی منداڵان
پێدەبی و دەکوژێ یەوە
بەڵام بالیفۆکەی خوای
جلەوکێشی حەزانی
بۆت دەکەن گەروگاڵان

بالیفۆکەی خوایەگرمێکی لەش نەرمو رەنگاورەنگە

Institut Kurde de Paris

کورتە ژیاننامەی ئەو بەریزانەی خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یان داوتووە

پارێزگای هەولێر یەکەم ناوچەی هەڵبژاردن

بارێوەبەری گشتی لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا - مەکتەبی ڕێکخراوە گەلییەکان .

چاوخشاندنێك لەژیانی پێشووی و چالاکییەکانیدا - لەگەڕەکی عەرەب لە خێزانێکی کرێکاردا لە شاری هەولێرەوە لەدایك بووە ..

چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەنوێنێ .

لە دوای شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی ساڵی ١٩٦٨دا کراوە بە سەرۆکی نەقابەی کرێکارە کشتوکاڵییەکان و ئینجا سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگاکە تا ساڵی ١٩٧١ لەدوایدا بەرپرسیاری مەکتەبی کرێکارو جوتیاران . کراوە بە مووچەخۆر لە بەرێوەبەرێتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و لە ساڵی ١٩٧٥دا بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان هەڵبژێراوەو لە ساڵی ١٩٧٩دا کراوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرپرسیاری لقی سەری حزبەکە لە هەولێرداو لە ساڵی ١٩٧٩دا کراوە بە بەرێوەبەری گشتی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مەکتەبی ڕێکخراوە گەلییەکان و لەدەورەی بەکەمو دووەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەئەندام هەڵبژێراوەو لەگەڵ لیژنە بەشداری کردووەو هەر لەوکاتەوە تا ئێستا لەبەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە پارێزگای هەولێر دا کار دەکات .

ناوی تەواو - مصطفی امین -.
مێژوو شوێنی لەدایکبوون -هەولێر ١٩٤٤.
پلەی خوێندن- بکلوریۆس لە یاسا .
کاری ئێستای - بەرێوەبەری دامەزراوی گشتیی بازرگانی شتومەکی خواردن چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشووی و چالاکییەکانی - لە ساڵی ١٩٤٤دا لە پارێزگای هەولێر لەدایکبوو. لە ساڵی ١٩٧٠دا لە کولێجی یاسا دەرچووەو کراوە بە مووچەخۆر لە (مصلحة المبايعات الحكومية)و ئێستا بەرێوەبەری دامەزراوی گشتی بازرگانی شتومەکی خواردنەو جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری کۆمەڵەی (حقوقیین)ی عراقە لقی هەولێر .

ناوی تەواو - حسین محمد عبطان .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون - مەخمور - هەولێر ١٩٤٤.
پلەی خوێندن دەرچووی خوێندنی ناوەندی .
کاری ئێستای - مووچەخۆر لە دامەزراوی گشتی فەرشی دەست لە هەولێر .
کورتە باسێکی ژیانی پێشوی و چالاکییەکانی چالاکی هەیە لە بواری نیشتمانی و کۆمەڵایەتیدا .

ناوی تەواو - عبدالله مجید حمد .

ناوی تەواو - جمیل محمد عثمان گەردی - .
مێژوو . شوێنی لەدایکبوون - گوندی بەحرکە ١٩٥٢ .
پلەی خوێندن - بکلوریۆس لە یاسا - کاری ئێستای - پارێزەر .
کورتە باسێکی ژیانی پێشوی و چالاکییەکانی - لە گوندی بەحرکەی سەر بە ناحیەی عینکاوە لە ساڵی ١٩٥٢ لەدایك بووە خوێندنی سەرەتایی هەر لە وێدا تەواو کردەوەو ناوەندیو ئامادەیش لە شاری هەولێر تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا کولێجی یاسای سەر زانکۆی بەغدا تەواو کردوە .

ناوی تەواو - رشید سعید حسن .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون - هەولێر ١-٧-١٩٤٣ .
پلەی خوێندن - پێنجی زانست .
کاری ئێستای - موختاری خانەقابە لە هەولێر .
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە پارێزگالەدا تەواو کردەوەو هەتا پێنجی زانستیش هەر لەوێدا خوێندوویەتی .
موختاری گەڕەکی خانەقایە تا ئێستاو چالاکی کۆمەڵایەتی دەنوێنێ .

ناوی تەواو- حمید یوسف مەرمەرچی .
شوێن و مێژووی لەدایکبوون - نیسانی ١٩٣٩.
پلەی خوێندن - دبلۆم لە هونەری شانۆدا .
کاری ئێستای - بەرێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لەهەولێر و سەرپەرشتکەری تیپی نواندنی هەولێرو تیپی هونەرە گەلییەکانە .
لە بواری ڕۆشنبیریدا کاری کردوەو لە بواری ئەدەب و هونەردا بەشداری کردوە .
نەقیبی هونەرمەندانی هەولێرەو لە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست کار دەکات .

ناوی تەواو - جودت حسن حمزە .
مێژوو شوینی لە دایکبوون هەولێر ١٩٤٦
پلەی خوێندن - سێی- ناوەندی .
کاری ئێستای- مووچەخۆر لە بەرێوەبەرێتی کاری هەولێر .
کورتە باسێکی ژیانی پێشوی و چالاکییەکانی - حالاکی کۆمەڵایەتی هەیە



ناوی تەواو - محمد مصطفی امین -.
مێژوو شوێنی لەدایکبوون -هەولێر ١٩٤٤.
پلەی خوێندن- بکلوریۆس لە یاسا .
کاری ئێستای - بەرێوەبەری دامەزراوی گشتیی بازرگانی شتومەکی خواردن چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشووی و چالاکییەکانی - لە ساڵی ١٩٤٤دا لە پارێزگای هەولێر لەدایکبوو. لە ساڵی ١٩٧٠دا لە کولێجی یاسا دەرچووەو کراوە بە مووچەخۆر لە (مصلحة المبايعات الحكومية)و ئێستا بەرێوەبەری دامەزراوی گشتی بازرگانی شتومەکی خواردنەو جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری کۆمەڵەی (حقوقیین)ی عراقە لقی هەولێر .

ناوی تەواو - خەلیل یابە کریم شوێن و ساڵی لە دایك بوون- کویر ١٩٣٨ پلە زانستی- خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردووە .

ناوی تەواو - حویز قادر احمد دزەیی .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون - هەولێر ١٩٣٥ .
پلەی خوێندن- بکلوریۆس لە زانستە سیاسییەکاندا .
کاری ئێستای - بەرێوەبەری کاری ئەمانەی گشتی کاربەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر .

ناوی تەواو - جەودەت جەعفەر عەلی .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون - سەرکردایەتی شۆڕشدا - مەکتەبی ڕێکخراوە گەلییەکان و لەدەورەی بەکەمو دووەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەئەندام هەڵبژێراوەو لەگەڵ لیژنە بەشداری کردووەو هەر لەوکاتەوە تا ئێستا لەبەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە پارێزگای هەولێر دا کار دەکات .

ناوی تەواو- حمید یوسف مەرمەرچی .
شوێن و مێژووی لەدایکبوون - نیسانی ١٩٣٩.
پلەی خوێندن - دبلۆم لە هونەری شانۆدا .
کاری ئێستای - بەرێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لەهەولێرو سەرپەرشتکەری تیپی نواندنی هەولێرو تیپی هونەرە گەلییەکانە .
لە بواری ڕۆشنبیریدا کاری کردوەو لە بواری ئەدەب و هونەردا بەشداری کردوە .
نەقیبی هونەرمەندانی هەولێرەو لە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست

کورتەژیاننامەی ئەو بەریزانەی خۆیان بۆ ئەندامیتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵبژاردووە

پارێزگای هەولێر
دووەم وسێیەم ناوچەی هەڵبژاردن
پاشماوە

عارف ـ ناحیەی ناوەندی هەولێر ۱۹٤۳ .
پلەی زانستی ـ پۆلی شەشی سەرەتایی .
کاری ئێستای ـ کۆچخای گوندی گردی عارف .
چالاکی کۆمەڵایەتی فراوانی

ناوی تەواو ـ سواره حسن حمد امین شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی گرده چاڵ ناحیەی عەینکاوە ۱۹۲۵ .
پلەی زانستی ـ پۆلی پێنجی سەرەتایی .

کاری ئێستای ـ کاسبکار .
چالاکی کۆمەڵایەتی نواندووە وله بواری کشت وکاڵدا بەشداری هەیە

ناوی تەواو
ـ شهاب احمد خلف شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی جدیده قەزای مەخموور ۱۹٤۳ . پلەی زانستی ـ شەشی سەرەتایی تەواو نەکردووە .
کاری ئێستای ـ سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵە هەرەوەزی ـ یەکانی جووتیاران له قەزای مەخموور .
له بواری کاری جووتیاری دا چالاکی نواندووە .

ناوی تەواو ـ طلعت هادی احمد شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی سەربەشاخ ـ ۱۹٤۷ پلەی زانستی ـ کۆلێجی یاسای تەواو کردووەو بەکەلۆریۆسی له یسادا وەرگرتووە .

کاری ئێستای ـ قایمقامی قەزای ڕەواندز کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی .

له گوندی سەربەشاخی سەربەناحیەی ـ قدس ـ پارێزگای تەئمیم ـ ئێستا ـ له دایك بووە ، ساڵی ۱۹٦۸ کۆلێجی یاسا ـ زانکۆی بەغدای تەواو کردووە .. ساڵی ۱۹٦۹ به بەڕێوەبەری ناحیەی کندینان دامەزراوەو بۆ چەندین ناحیه له پارێزگای ئەنبارو دیالەو نەینەوا گوێزراوەتەوە تاکوو له ساڵی ۱۹۸۰دا کراوەتە قایمقامی قەزای ئاکرێ ئێستایش قایمقامی قەزای ڕەواندزە، ئەندامی کۆمەڵەی یاسانامەکانە لقی هەولێر .

ناوی تەواو ـ عبدالکریم اسماعیل خضر گوێری شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ ناحیەی گوێر ـ ۱۹٤۳ پلەی زانستی ـ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە .

کاری ئێستا ـ ئەمینداری عامبار ـ پشکنینی خاك و جیاکردنەوەی زەوی و زارەکان له پارێزگای هەولێر .

چالاکی کۆمەڵایەتی نواندووەو له بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری دا بەشداری هەیە .



ناوی تەواو ـ عبدالمجید عبدالرحمن عبدالله ـ کمیتلی شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ کمیتلی ۱۹٤۹ .

پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ شۆفێرە له ناوەندی ئاگر کوژاندنەوەی هەولێر .

چالاکی کۆمەڵایەتی هەیەو له بواری بزووتنەوەی نیقابی دا بەشداری هەیە .

ناوی تەواو ـ علی جاسم محمد شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوێر ـ ۱۹٤۱ . پلەی زانستی ـ ناوەندی ی تەواو کردوە .

کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری شارەوانی ناحیەی قەراج .

چالاکی کۆمەڵایەتی نواندووە .

ناوی تەواو ـ علی عباس کاکل گەردی شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی گردی جووتیاری سەر به ناحیەی عەینکاوە ـ ۱۹٤۸ .

پلەی زانستی ـ بڕوانامەی ئابینی و به باشی دەخوێنێتەوەو دەنووسێت . کاری ئێستای ـ کاسبکار چالاکی کۆمەڵایەتی هەمە چەشنەی نواندووە .

ناوی تەواو ـ علی عجاج عیاده شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ حمام العلیل ـ پارێزگای نەینەوا ـ ۱۹٤۲ .
پلەی زانستی ـ دبلۆم وێنەگرتن بەتیشك . کاری ئێستای ـ وێنەگر بەتیشك کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی ساڵی ۱۹٦۳ چووەتە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە . ,لەبواری کاری نیقابی دا له ساڵی ۱۹٦۹وە تا ساڵی ۱۹۷۵ له نیقابەی پیشەی تەندروستی له هەولێر ئیشی کردووە ..

ماوەی دوو دەورەی هەڵبژاردن .. ئەندامی لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پشکەوتنخوازبووە له هەولێر له ساڵی ۱۹۷٤ و ۱۹۷۵دا .. ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی تیپی مەخموورە .

ناوی تەواو ـ عمر مولود عدی شوێن و ساڵی له دایك بوون . پلەی زانستی ـ پێنجی سەرەتایی کاری ئێستای ـ جووتیار چالاکی کۆمەڵایەتی هەیەو له بواری کاری جووتیاران دا بەشداری هە

ناوی تەواو ـ فیصل کریم اسماعیل شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ کندالی گەورە ـ ناحیەی کندینا وە ـ ۱۹۵۱ پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی ناحیەی کندینان .
له چاپخانەی ژمارە ـ۲ـی وەزارەتی بەروەردە له هەولێر ڕتکخەری « ڕتووشە » ە

ناوی تەواو ـ قاسم حسین محمود شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی کەور کوسك ، ناحیەی خەبات پارێزگای هەولێر ۱۹٤۹ .

پلەی زانستی ـ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردووە .

کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری قوتابخانەی گردە روشەزاب، له بواری وانەووتنەوەدا چالاکی فراوانی هەیە .

ناوی تەواو ـ محسن رسول عبدالله شێروانی شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی جیفلوك ۱۹۵۱ پلەی زانستی ـ ساڵی ۱۹۷۲ ـ ۱۹۷۳ ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایانی له هەولێر کۆتایی پێهێناوە .
کاری ئێستای ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی دیگەلەی هاوچەرخ .
کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی
ئێستا سکرتێری ئەنجومەنی گەله له ناحیەی شۆڕش . لێپرسراوی وەرزشە له لیژنەی ناوچەیی شۆڕش .

ناوی تەواو ـ د .مصطفی قادر خورشید شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ هەولێر ۱۹۳۸ . پلەی زانستی ـ بەکەلۆریۆس له پزیشکی دا .
کاری ئێستای ـ سەرۆکی تەندروستی پارێزگای هەولێر .

کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی ئێستا سەرۆکی تەندروستی پارێزگای هەولێرە .ئەندامی ئەنجومەنی ژیانگەی ئادەمیزادە .. چالاکی ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ی هەیە .

ناوی تەواو ـ محمد هادی حسین شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی پۆنگینە ـ ناحیەی عەینکاوە ـ ۱۹۵۵ .
پلەی زانستی ـ کۆلێجی پەروەردەی تەواو کردووە ـ بەکەلۆریۆس له فیزیك دا .
کاری ئێستای ـ..
کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی چالاکی قوتابیانی نواندووەو ساڵی ۱۹۷٤ ـ ۱۹۷۵ له قوتابخانەی ئامادەیی هەولێر سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو ئەنجا سکرتێری کەرتی سانەویەکان له هەمان ماوەدا هەروەها چالاکی ی کۆمەڵایەتی ی هەمە چەشنەی نواندووە .

ناوی تەواو ـ محمد محمد امین حسین زراری شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی مام خالان ـ ناحیەی صلاح الدین ۱۹٥٤ .
پلەی زانستی ـ سێی ناوەندی ی تەواو نەکردووە .
کاری ئێستای ـ له ئەمینداریەتی گشتی ی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و لاوان کرێکارە .
کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی
له ساڵی ۱۹۷۵وە تا ساڵی ۱۹۷۷ سەرۆکی کۆمەڵەی هەرەوەزیەکانی جووتیاران بوو له ناوچەی زراریە . له ژمارەیەك له دەورەکانی کرێکاران دا بەشداری ی کردووە ، ئێستایش سەرۆکی لیژنەی نیقابی یە له دیوانی ڕۆشنبیری و لاوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ناوی تەو او ـ کمال احمد مدحت شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ شەقلاوە ـ ۱۹۳۱ .
پلەی زانستی ـ ساڵی ۱۹۵۲ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ سەرپەرشتی پەروەردەیی نەهێشتنی نەخوێندەواری .
له چالاکی ی جەماوەری و نیشتمانی و نیقابی دا بەشداری ی کردووەو له سەرکار لابراوەو بەهۆیانەوە بەند کراوە .

ناوی تەواو ـ کانبی اسماعیل علی شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی شێخ شیروان ـ ۱۹۲۲ .
پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی
کاری ئێستا ـ هەولێر گەڕەکی عەرەب
خوێندنی سەرەتایی دوایی پێهێناوەو ئێستا کشتسازە .

ناوی تەواو ـ فارس محمد قادرشوێن و ساڵی له دایك بوون ـ ناحیەی حەریر ـ باتاس ۱۹۵۵ پلەی زانستی ـ سێی ناوەندی
کاری ئێستای ـ کاسبکار له هەڵمەتەکانی کاری میللی دا بەشداری ی کردووەو ، چالاکی ی کۆمەڵایەتی ی هەمە چەشنەی نواندووە .

ناوی تەواو ـ عمر مصطفی غفور شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی باتاس ناحیەی حەریر ۱۹۵۵ .
پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی کاری ئێستای کاسبکار .
چالاکی ی کۆمەڵایەتی ی جۆراوجۆری هەیە .

ناوی تەواو ـ علی رسوول مولود شوێن و ساڵی له دایك ـ بوون ـ هەولێر ناحیەی گوێر ۱۹۲۷ .
پلەی زانستی پێنجی سەرەتایی .
کاری ئێستا ـ بەڕادە له هێڵی شەمەندەفەری هەولێر .
کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی ساڵی ۱۹٦۳ سکرتێری نیقابەی هێڵی شەمەندەفەر بووە له هەولێر ئەنجا سکرتێری ساڵی ۱۹٦۳ ئێستایش سکرتێری لیژنەی ناوەندی ی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستانە له قەزای کۆیەو خۆی بۆ ئیشی حزبی تەرخان کردووە .

ناوی تەواو ـ عثمان حاجی عمر مام یحیی شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ کۆیە ۱۹۳۱ .
پلەی زانستی ـ سەرەتایی .
کاری ئێستای ـ له کۆیە وکیلی کۆمپانیای بازرگانی ی عیراقە .. چالاکی کۆمەڵایەتی ی نواندووە .

ناوی تەوواو ـ سلیمان لاوکە شێخ ئاغا شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ گوندی ئەموکان ناحیەی حەریر ۱۹۵۱ .
پلەی زانستی ـ دەرچووی ناوەندی کاری ئێستای ـ مووچە خۆری دەوڵەت
کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی
له گوندی ئەمۆکان خوێندنی سەرەتایی دوایی هێناوەو ناوەندی ی له ناحیەی حەریر تەواو کردووە . ئەنجا بە مووچەخۆر له دەستەی لقی ناوچەی کشت وکاڵی له حەریر دامەزراوە .

ناوی تەواو ـ رفعت کوێخا عەولا عمر شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ کندینا وە ـ سەرەتایی پلەی زانستی ـ جێگری سکرتێری گشتی ی کۆمەڵە هەرەوەزی یەکان له هەرێمی عیراق .
له بواری کشت وکاڵ دا ئیشی کردووە . ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یە .

ناوی تەواو ـ رسول فقێ حاجی حسن شوێن و ساڵی له دایك بوون ـ کۆیە ۱۹۲۳ .
پلەی زانستی ـ خوێندنی ناوەندی ی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ(ملاحظ تحریر) له کۆیە .
کورتەیەك له ژیان و چالاکیەکانی
خوێندنی ناوەندی ی تەواو کردووەو به ڕابەری لادێ دامەزراوەو ئەنجا نووسەری تحریر له ساڵی ۱۹٦۱دا ، چالاکی ی هەمە چەشنەی کۆمەڵایەتی ی نواندووە .

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

الـتـضـامـن

خەتامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
١٠ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● دووشەممە ٢٢ ی ئەیلول ١٩٨٠ ژمارە ٥٤٣ ●

● الاثنين ٢٢ ايلول ١٩٨٠ العدد ٥٤٣ ●

ڕەنگاڵی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەرێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

چوونەڕیزی سوپـــاوە سەربڵندی یەکی گەوردەیە و لە هەموو مەیدانێکدا کارکردن سەربڵندی یەکی گەوردیـــە چونکە دەبێت هـــەر نەتەوەیەکی گـــەورە هەڵکۆڵەرێکی باشـــر و وێنەسازێکی بەناوبانگـــ و مۆسیقارێکی ناســـراو و سەرکردەیانی سوپایـــی دەرکەوتوو و ئەندازیارانـــی مەزن و مامۆستایانـــی لێهاتووی هەبێت .

صدام حسين

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین

ئازایانە ئامادەی هەموو جەنگێکین

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ڕای گەیاند کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ی شۆڕش بریاری دا ڕێککەوتنامەی جەزایر کە لە نێوان عیراق و ئێراندا لە شەشی ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا مۆرکرا بە هۆی دەرچوونـــی فەرمانڕەوایانی ئێران لـــە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنامە هەر لە سەرەتای دەستـــە لاتیانەوە قایل نەبوونیـــان بەوەی زەوی وزارەکانی عیراق بگێڕنەوە دواوە کە ناچـــاری عیراقی کرد بەهێز ڕزگاریان بکات ، بە هەڵوەشـــاوە دابنێت .

سەرۆکی بەڕێز لەوو تاریدا کە لە کۆبوونەوەی ئاڵاســـی ئەنجوومەنی نیشتمانی دا لـــە ئێوارەی چوار شەممـــەی ڕابوردوودا سازی دا .. وتی ئا بەم جۆرە دەبێـــــت بەپوەندی ی باسایی لە شـــط العرب دا بکەرێتەوە بۆ ئـــەو بارەی ئەوسای پێش شەشی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ وشـــط العرب بکەرێتەوە وەکـــوو چۆن بە درێژایی مێـــژووی بەناو بە حەقیقەت عیراقـــی و عەرەبی بووە لە گەڵ هەمـــوو مافەکانی ڕەفتار کردنـــی دەستەڵاتی تەواوەتی بـــە سەری دا .

هەروەها بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حســـین

بڕوانە : ل : ٧

دەقی تەواوی نامەکەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بۆ ڕۆژنامەی «الوطن»ی کوێتی

سـەرۆکی بەڕێز صدام حسین دووپاتی کردووە کە ئێمەمانان لە حزبی بەعســی عەرەبی سۆشیالیســتدا تەماشای یەکێتی ی عـەرەب ناکەین کە تەنیا خـــەون و ئاواتێك بێت بەڵکوو بـــە پێویست و مەرجێکـــی بنەڕەتی ی دادەنێین لـــە پێشەوەی هەموو مەرجەکانی ترەوە بێت بۆ دابین کردنـــی سەربەستی ی نەتەوەی عەرەب و ئازادی ی و توانای ئەوەی بگاتە پلەی بەهێزی و پێشکەوتن .

سەرۆکی بەڕێز صـــدام حسین لە نامەکەیدا کە بـــۆ ڕۆژنامەی (الوطن)ی کوێتی ناردووبەتـــی و ڕۆژی ١٧ ی ئەیلوول بڵاوی کردووەتـــەوە ئەویش لە وەڵامدانـــەوەی ووتارێك دا کە ڕۆژنامەکە لـــە سێ ی ئـــەم مانگـــەدا بـــە ناونیشانی (سەرۆکـــی بەڕێزم) لە نووسینـــی برادەر نجیـــب عبدالهادی بڵاوی کردبـــووەوە ، ووتـــی هەرچەندێك وڵاتێك لـــە وڵاتانی عەرەب بەهێز بێت و پێشکەوتوو بێـــت ئـــەوا سەربەستی و ئازادی ئـــەو هێزەی هەیەتی تارادەیەك بـــە لاوازی دەمێننەوە و خۆیشـــی لە دەرەوەی چوارچـــێوەی یەکێتی ی عەرەب دا لـــە ڕووی هـــەرەشـــە لێ کـــردن دا دەمێنێتەوە .

دەقی تەواوی نامەکە لـــە لاپەڕە (١٠) دایە

سەرۆك ساموراماشیل بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە وڵات

لە سەربانگ ئەراهێشتنـــی بەڕێز سەرۆك صدام حسین ئێوارەی شەممەی ڕابوردوو ٢٠-٩-١٩٨٠ بەڕێز ساموراماسیس ماشێل ســـەرۆك کۆماری مۆزەمبیق بـــە سەردانێکی کورت لـــــە وڵات گەیشتە بەغدا .

لە فڕۆکە خانـــەی بەغدادا بەڕێز سەرۆك صدام حسین پێشوازی ی لێ کردو لە نزیکی پێپلکەی فڕۆکەکەوە دەســـتی خستە ملی ئەنجاتەوقـــەی لە گەڵ ئەندامانی ئـــــەو وەفدەدا کرد لەگەڵیەتی .

پاش ئەوە ماشیل تەوقەی لە گەڵ طارق حمد العبدالاله ئەمینداری ئەمینی ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتـــــی کۆمار بە وەکالەت و دکتـــۆر سعدون حمادی وەزیـــــری دەرەوەدا کرد .

پاش ئەوە دوو منداڵ لـــە منداڵانی بەغدا دوو چەپکـــە گوڵیان پێشکەش بە بەڕێـــــر ســـــەرۆك صدام حسین و میوانەکەی ـــەڕێز ماشێـــل کرد .

ئەنجا بەڕێز ســـامـــــۆرا ماشیل لە گەڵ بەڕێز سەرۆك صدام حســـینـدا تەوقەی لـــە گەڵ پێشوازی لێ کەرانـــی دا کرد کە بەڕێزان طارق عزیـــز ئەندامی ئەنجوومەنـــــی سەرکردایەتی ی شـــۆڕش جێگری سەرۆك وەزیـــرانو هەردوو ئەندامـــی ئەنجوومەنی سەرکردایەتـــی ی شۆڕش و ژمارەیەك لـــــە وەزیرانو سەرۆکانـــــی نێراوە دیبلۆماسی یەکانـــی ئەفریقیا بوون لە بەغدا .

پاش ئەوە بەڕێز سـەرۆك صدام حسین و میوانەکـــەی لە کەژاوەیەکی ڕەســـمی دا

بڕوانە : ل : ٧

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە کۆڕی کەلەپووری بیناسازیمان و عەرەبی دا دووپاتی دەکاتەوە

هەرشتێك ڕۆڵی سەرکردەیی مرۆڤی داهێنەر لە کاربخات کۆنە پەرستانە یە

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە کۆڕی کەلەپووری بیناسازیمان و بیناسازی ی عەرەبی دا دووپاتی دەکاتەوە : هەرشتێك ڕۆڵی سەرکردەیـی مرۆڤی داهێنەر لە کـــار بخات کۆنەپەرستانەیە ..

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ووتی هەرشتێك ڕۆڵی سەرکردەیی داهێنەرانەی مـــرۆڤ لـــە کار بخـــات کۆنەپەرستانەیـــە .. بـــەم چەشنەیش وەرگرتنی تیوری ی سیاسی و فیکری لـــە دەرەوە بە تەواوەتـــی کارێکـــی کۆنەپەرستانەیە .

سەرۆکی بەڕێـــز لـــە کۆڕی کەلەپووری داهێنەرانەی بیناسازی و بیناسازی ی هاوچەرخـــی عەرەبی دا کە لە ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانـــی دا ڕۆژی دووشەمەی ڕابوردوو ساز درا ووتی دەبێت تیوری گیانـــی نەتەوەو خواستەکانی بەرەو پێشـــەوە بە ڕۆڵێکـــی سەرکردەیی قوربانی بەخش و بە جەرگ و هۆشمەنـــدی ی مرۆڤەکەی دەربڕێت .

سەرۆکی بەڕێـــز لـــە ووتەکەیدا ووتی ئێمە بـــە کاری جم وجووڵ پێ خستنی ڕابوردوو دەمانەوێت پردێـــك لە نێوانیداو لە نێوان ئێستا پێـــك بهێنین لـــە گـــەڵ نووتەکەکان دا بەردەوام بین کـــە ئەتـــەوەی عەرەب لـــە گەلەپووەکەیدا خولقاندوونی نەك لە گەڵ باری سلبی دا .

هەروەها بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لـــە دانیشتنی ئێوارەی هەمـــان ڕۆژدا بەشداری ی کـــردو ووتەیەکی دا تیایدا دووپاتی

بڕوانە : ل : ٧

تێ ی بگەین و بگەینە ڕۆحەکەی و بگەینە ئەو ڕۆڵە سەرکردەیی ـ ی مرۆڤ تیایدا کە بەرهەمێکی ماددی و مەعنەوی ی ئەتەوەیە لە سەردەمێك لە سەردەمەکان دا بان چەند سەردەمێك .. لەبەر ئەوە وەك دەبینم ئێمە دژی وەرگرتنیـــن لـــــە هاوچەرخایەتی دا و ئێمە دژی وەرگرتنین لە کەلەپوورەوە .. ئێمە دژی گواستنەوەی ڕابوردوو و دژی گواســـتنەوەی ئێستاین .. تێکەڵاو بوونمان دەوێت لە گەڵ گیانـــی ڕابوردوودا و تێکەڵاو بوونی داهێنەرانەی سەرکردەیی کردن لە گەڵ هاوچەرخ دا .. لە گەڵ ئێستادا .. واتە لە گـــەڵ ژیان دا .. واتە ئێمە مرۆڤێکمان دەوێت باوەڕی بە خـــۆ هەبێت .. ڕۆڵی مرۆڤایەتی یانەو نەتەوایەتی یانەی نەتەوەکەی خۆ تێ بکات و تایبەتێتی ئیشتمانی ناوچەیی لە توونس و لـــە عیراق و لە سوریەو لە یەمەن و لە میسرو لە هەمـــوو جێگاکانی تری ئیشتمانی عەرەب تێ بکات .

● مامەلە کردنی مرۆڤ لە گەڵ کەلەپوورد!

لەبەر ئەوەیە ئیمپریالیزم دژی گەڕانەوە بەرەو کەلەپوور نی یە بەواتای گەڕانەوە بۆی وەك جۆن هەندێك لە براەران وا ناویان هێنا بەڵکوو ئەو لە گەڵ ئەمەدایە .. لە گـــەڵ گەڕانەوەدایە بەرەو کەلەپوور ... واتە گواســـتنەوەی .. گواستنەوەی شێوەکەی بەبێ گیان لەبەر ئەوەی داهێنـــان دەکوژێت .. کاری مامەلە کردنی مرۆڤ لە گەڵ ئێســـتادا بەم جۆنیەتە داهێنان دەکوژێت و تێگەیشتنی گیانی کەلەپوور دەکوژێت ئەمەیش ئەرکی ئیمپریالیـــزم ئاســـان دەکات .. ئیمپریالیزم دژی گەڕانەوەی مرۆڤی عەرەبە بە ڕۆڵـــی سەرکردەیی لە تێگەیشتنی گیانی کەلەپوور دا پاشانیـــش دیسانەوە تێکەڵاوبوون بە ڕۆڵێکی سەرکردەیی لە گـــەڵ ژیانی هاوچەرخ دا .. کاتێك بۆ ڕابوردوو دەگەڕێینـــەوەو بۆ بەرهەمی ماددی و ڕۆحی ی ڕابوردوو کە کەلـــەپوورە

بڕوانە : ل : ٥

ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی نوتونومی کوردستان

ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانـــی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی نوتونومی ی کوردســـتان ڕاگەیاندرا کە ڕۆژی هەینی ی ڕابـــوردوو ١٩-٩-١٩٨٠ بەڕێوەبرا ، بەمە بۆنەیـــەوە بەڕێز عزة ابراهیم جێگـــری سەرۆکی ئەنجوومەنـــی سەرکردایەتی ی شۆڕشـــی سەرۆکی دەستەی بـــالای سەرپەرشتی ی هەڵبژاردنەکان بەیاننامەیەکی سەبارەت بـــە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنـــە دەرکرد تیایدا دووپاتـــی کردەوە کە ئەم هەڵبژاردنـــە بەوپەڕی هۆشمەنـــدی و بەپیرەوەچوون حەماسەتێکی گەورەی جەمـــــاوەری بەڕێوەچوو کە گردبوونـــەوەی گەلی کوردمـــان لە دەوری سەرکردایەتی یە شۆڕشگێڕانە ـ گەیدا دووپات دەکاتـــەوەو نامادەبوونی بۆ بەخشیـــن و قوربانی دان لە ڕێگـــــەی بنیاتانی نیشتمـــــانو پێشکەوتن و پەرەسەندنـــی دا

بەڕێز عزة ابراهیم هیـوای سەرکەوتنی بۆ ئەندامـــــە هەڵبژێراوەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان خواستو هیـوای دەربڕی لە ڕادەی نـــــەم باوەڕپێ بوونەدا بن کە گەلمـان پێ ی بەخشیون لە لاپـــەڕو دوو دەقی بەیاننامەکـــــە بخوێنەرەوە .

● ووتەی هاوکاری ●
بە بۆنەی بڕیارە مێژوویەکـــەی
سەرکردایەتی شـــۆڕشـــەوە
دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی
ڕێکەوتنەکەی جەزایر

دەستدێژی خۆڕاگرتن و سەربەستی

ئەو بڕیارە مێژوویەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتـــی شۆڕش دایی و سەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین لـــە کۆبوونەوە کوتوپڕیەکەی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ڕای گەیاند ، دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکەی ٦ ی مارتـــی ١٩٧٥ لە جەزایر . جارێکی کە ، تواناو لێهاتویـــی شۆڕشی بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبـــی سۆشیالیست دووپات کردەوە لەسەر خۆڕاگرتنـــی باڵەوانانەو دەستەڵاتی سەربەست لەم وڵاتەدا کە گـەل بە سەرکردایەتی ڕابەری پێشڕەوی پاشەڕۆژی بەختەوەرو ڕووناکتر بنیات دەنێ . هەڵوەشاندنـــەوەی ئـــەم ڕێکەوتنەی کە لە ڕۆژگارێکی ناسکی ڕابوردودا لەگـەل ڕژێمی ئێرانی ڕەگەزپەرستدا بەسترابوو ، ئەنجامی ، هەڵوێستی بێوەفایی و دوژ منایەتی کاری ڕژێمـــی ڕەگەزپەرستی خومەینی کۆنەپەرستە ، کە لـــــەو ڕۆژەوە لە ئێران هاتۆتە سەر حوکم هەموو کاروباریکی بڕیەتی لە قینی ڕەش بەرامبەر عیراقی شۆڕشـــــو گەلەکەی . ئەمە لە کاتێکدا ، هەڵویستی عیراق هەمیشە مەوزوعی و دەرکەکردن بوە بە بەرپرسیاری لـــــە ڕووبەڕووبوونی باری وادا . بەڵام ڕژێمی کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرستی ئێران ، گەیاندیە ڕادەیەك کە ناگونجـــێ بەرامبەری دەست بەسترا و بوەستین بە تایبەتـــــی شۆڕشی عیراق خاوەنی دەستەڵاتی سەربەستی خۆیەتی لە هیچ مەودایەکدا مل کەچی دوژمن نەبوەو نابـــــی و مەبەستی چاوبرسیەتیشی بەرامبەر گەلان و وڵاتـــی دۆستو دراوسێ نەبووە ، بەڵام کاتێ ڕژێمـــــی ڕەگەزپەرستی ئێران ڕێز لە بچووکترین ئوسوڵـــی

بڕوانە : ل : ٧

فڕۆکەکانمان ئامێرەکانی فارسی دوژمن لە کەرتی سۆماری ئێرانی وێران دەکەن

سەر لە بەیانـــی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ٢٠-٩-٨٠ فڕۆکە جەنگی یەکانمـــان تەقەیان لە ئامێـــــرە کۆبووەوەکانی هێزەکانـــی ڕژێمی ڕەگەز پەرســـتی فارس کرد لە کەرتـــــی سۆماری ئێرانی و چەنـــد ژمارەیەکیان لێ تێـــــك شکاندن .

ئەمەو سەرچاوەیەك لـــــە وەزارەتی بەرگری ووتوویەتی ڕۆژی شەممەی ڕابـــوردوو ڕژێمی ڕەگەز پەرستی ئێران دەست درێژی ی کردووەتـــە سەر مەخفەرو مەوقیعەکانی پێشەوەمان .. ئەوەبوو تانکەو تۆپەکانیان تەقەیان لـــــە مەخفەری شێت لە کەرتـــی میسان کردووەو هێزەکانمان بەرەنگاریان بوونو تانکێکیـــان لێ تێك شکاندوونو هێزەکانی دوژمن گەڕاونەتەوە دواوە .

هەروەها فڕۆکەکانمـــان هێرشیان بردووەتە سەر ئەو ئامێرانەی دوژمن کە لـــــە ناوچەی سۆماری ئێرانـــی کۆبوونەتەوەو چـــــەنـــد ژمارەیەکیان لێ تێك شکاندوون سەرەڕای ئەوەی بۆ دووەمین جار فڕۆکەکانمان هەمـــــان شوێنیان بۆردمان کـــردووەو زیانێکی گەورەیان بە دوژمـــن گەیاندووە .

هەروەها هێزەکانی فارسی دوژمن بە توپ دوورگـــــەی ام الرصاص یان بۆردمـــــان کردووەو هێزەکانمان بـــــە تۆپ وەڵامیان داوەتەوە .

لە هەمان ڕۆژیشـــــدا لایەنی ئێرانی تەقەیان لـــــە بەلەمەکانمان کردووە لە شط العرب دا بەلەمەکانی ئێمەیشـــ بە هەمان شت وەڵامیـــــان داوەتەوە ، لەم لێك دانـــەدا دوو بەلەمی جەنگی ی دوژمـــن تێك شکێنراون .

ئەمەو هێزەکانی فارسـی دوژمن تەقەیان لە دامودەزگا ئابووری یەکانمان کردووە لـــە ناوچەی شط العرب .

سەرچاوەکە ئاگـــــاداری ڕژێمی ڕەگەز پەرستی فارسی کردووەتەوە ئەگەر ئەم کـــارە دووبارە بکاتەوەو تەقە لـــــە دامودەزگا ئابووری یەکانمان بکات ئەوا ئێمەیش بە هەمـــوو هێزێکەوە تەقە لە دامەودەزگا ئابووری یەکانی ڕژێمی ئەزانو گومان لێ کراوەکان دەکەین لە هەر کـــوێ ی زەوی وزاری ئێراندا هەبێت .

دەقی تەواوی نامەکە

ئەمەو هێزەکانی فارسی دوژمن بە تۆپ دوورگـــەی ام الرصاص بۆردمان کـــردووەو زیانێکی گەورەیان بە دوژمـــن گەیاندووە .

هەروەها هێزەکانی فارسی دوژمن بە تۆپ دوورگـــەی ام الرصاص بۆردمـــــان کردووەو هێزەکانمان بـــــە تۆپ وەڵامیان داوەتەوە .

لە هەمان ڕۆژیشـــــدا لایەنی ئێرانی تەقەیان لـــــە بەلەمەکانمان کردووە لە شط العرب دا بەلەمەکانی ئێمەیشـــ بە هەمان شت وەڵامیـــــان داوەتەوە ، لەم لێك دانـــەدا دوو بەلەمی جەنگی ی دوژمـــن تێك شکێنراون .

ئەمەو هێزەکانی فارسـی دوژمن تەقەیان لە دامودەزگا ئابووری یەکانمان کردووە لـــە ناوچەی شط العرب .

سەرچاوەکە ئاگـــــاداری ڕژێمی ڕەگەز پەرستی فارسی کردووەتەوە ئەگەر ئەم کـــارە دووبارە بکاتەوەو تەقە لـــــە دامودەزگا ئابووری یەکانی ڕژێمی ئەزانو گومان لێ کراوەکان دەکەین لە هەر کـــوێ ی زەوی وزاری ئێراندا هەبێت .

Institut Kurde de Paris

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری داسەربازە ڕاگرە دووەکان لە سزای ڕاکردن و ئامادە نەبوون و نەچوون و دواکەوتن و سەرپێچی کردن بەبەخشرێن

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری دا سەربازە موکەلەفەو موکەلەفە ئیحتیاتەکان لە سزای ڕاکردن وئامادە نەبوون و نەچوون و دواکەوتن و سەرپێچی کردن بەبەخشرێن ئەمەیش دەقی بڕیارەکەیە :-

ژمارەی بڕیار ١٤٨٦
ڕۆژی بڕیار ١٦-٩-١٩٨٠

بڕیار

بە پێی دەستەڵاتی بڕگە (ا) ی مادەی چل و دووی دەستووری کاتی ئەوا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٦-٩-١٩٨٠ دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا :

یەکەم - سەربازەکان و موکەلەفەو موکەلەفە ئیحتیاتەکان لە سزای ڕاکردن و ئامادە نەبوون و نەچوون و دواکەوتن و سەرپێچی کردن دەبەخشرێن و سزایانەی لە باسای سزاکانی سوپایی و یاسای خزمەت کردنی سوپایی و هەردوو یاسای هەڵوەشاوەی داکۆکی نیشتمانی و خزمەتی ئیحتیاتدا هاتوون .

دووهەم - دەستەڵاتی بڕگەی یەکەمی سەرەوە بە سەر ئەمانەدا جێبەجێ دەکرێت ..

١ - سەربازەکان و موکەلەفەو موکەلەفە ئیحتیاتەکان ئەوانەی لە ٤-٩-١٩٨٠وە خۆیان بە دەستەوە داوە یان لە ماوەی سێ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عیراق بوون سەردانی ئەوانەیش کە لە دەرەوەی عیراق دەخوێنن لە ڕێنەرایەتی‌یەکانی عیراق یان ئەوانەی لە شوێنی ئەوانەدان بۆ مەبەستی ئەم بڕیارە بە خۆ بەدەستەوەدان دەژمێررێت .

٢ - ئەوانەی خزمەتیان دوا خراوە ئەگەر لە ماوەی یازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەوە سەر لە تەجنیدە کانیان بدەن بە ڕێژەی ئەوانەی لە ناوخۆی عیراقدان ، سێ ڕۆژیش بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی عیراقدان ئەگەر لە هەمان ماوەدا سەریان لەنوێنەرایەتی‌یەکانی عیراق دا یان ئەوانەی لە شوێنی ئەوانەدان .

سێهەم - ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی‌دا جێبەجێ دەکرێت .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی‌ی شۆڕش

بانگ کردن لە دایك بوونی ١٩٥٧ بۆ ئەوەی سەرلە تەجنیدەکانیان بدەن

بەڕێوەبەرێتی خۆ ئامادە کردن و سەرژمێری لە وەزارەتی بەرگری داوای لە هەموو لە دایك بوونی ساڵی ١٩٥٧ کرد لە جێگری ئەفسەرو ئەفسەری ڕیزو سەربازی متطوع و مکلف و مفوض و ئەفسەری ڕیزو پۆلیس و هات و چۆ ئاسایش و زیدنامەو سنوورو موخابەراتی گشتی ئەوانەی کە سوپاو پۆلیس و هێزەکانی سنووریان تەواو کردووەو دەرچوون ، لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە ٢١-٩-١٩٨٠ وە سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن .

ئەمە لە بەیاننامەیەکی بەڕێوەبەرێتی‌ی ناوبراودا هاتووە هەفتەی ڕابوردوو دەری کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی :-

بە پێی بەندی (ج) ی بڕگە (١) و بڕگە (٣)ی مادەی یازدەی یاسای خزمەتکردنی سوپایی ژمارە (٦٥) ی ساڵی ١٩٦٩ ی چاککراو بڕیاری ئەمەی خوارەوە درا .

١ - بانگ کردنی هەموو لە دایك بوونی ١٩٥٧ لە جێگری ئەفسەرو ئەفسەری ڕیزو سەربازی متطوع و مکلف و مفوض و ئەفسەری ڕیزو پۆلیس و هات و چۆ ئاسایش و زێدنامەو سنوورو مخابراتی گشتی ئەوانەی سوپاو پۆلیس و هێزەکانی سنووریان تەواو کردووەو دەرچوون لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە ٢١-٩-١٩٨٠ وە تا لو کۆتایی دەوامی ڕەسمی‌ی ڕۆژی ٢٤-٩-١٩٨٠ بە ڕێژەی ئەوانەوە کە لە ناوخۆی وڵاتدان سەر نە تەجنیدەکانیان بدەن بۆ چەند کاروبارێك کە بەیوەندیان بە خزمەتی ئیحتیاتەوە هەیەو بە پێچەوانەشەوە بە دواکەوتوو دەسەپێنرێت .

٢ - ئەوانەی ئەم بەیاننامە دەیانگرێتەوە لەوانەی لە سەرەوە ناویان براو لە دەرەوەی وڵاتدان سەر لە باڵیۆزخانەو باشکۆ سوپایی‌یەکانی عیراقی بدەن ئەویش لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ٢١-٩-١٩٨٠ وە بۆ ئەوەی هەڵویستی خۆیان لەم بارەیەوە پیشان بدەن بە مەرجێك بەڵگەنامەی ڕەسمی‌یان پێبدرێت ئەوە دەربخات کە سەریان لەو شوێنانە داوە .

٣ - ئەم بەیاننامەیە دەرچوانی خوێندنی باڵاو کولێج و ئامۆزگا بەرزگان و ئەوانەی بەدەلیانیش ، دەگرێتەوە .

سوپا سالار
بەڕێوەبەری خۆ ئامادە کردن و سەر ژمێری
١٦ ئەیلوول ١٩٨٠

تەواو کردنی خستنە بازاڕی بەروبوومی زستانە لە دهۆك

یەکێتی ناوچەیی کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکانی جووتیاران لە پارێزگای دهۆك لەم دوایی‌یەدا توانی بە هاریکاری لە گەڵ دام و دەزگاکانی کەرتی کشت و کاڵی سۆشیالیستدا بەروبوومەکانی زستانە بخاتە بازاڕەوە .

ئەو بەروبوومە زستانی‌یانەی خراونەتە بازاڕەوە بریتین لە گەنم و جۆ و نۆك و نیسك ، گەنم ١٩ هەزارو ٦٠٨ تەن ، جۆ هەزارو ٦٠٨ تەن ، نۆك ٣١٥ تەن ، نیسك ١٤٧ تەن ، تەماتە سێ هەزارو ٢٢٤ تەن .

بەڕێز عزة ابراهیم سەرپەرشتی‌ی ڕەوتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان دەکات

هاوولاتیبانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژی هەینی‌ی ڕابوردوو لە کاتژمێری شەش و نیوی بەیانی‌دا ڕوویان کردە سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بۆ هەڵبژاردنی ٥٠- ئەندام بۆ یەکەمین ئەنجوومەنی یاسادانان لە ناوچەکەدا .

ئەوەبوو بەڕێز عزة ابراهیم جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش سەرۆکی دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان سەری لە ژمارەیەك لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن دا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش لە کاتی سەردانەکەیدا لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن گوێی لە ڕاڤەیەکی درێژ سەبارەت بە ڕەوتی هەڵبژاردن کرت لەم مەڵبەندانەدا کە ئەندامانی دەستەی سەرپەرشتی و سەرپەرشتی کارانی ئەم ناوچانەی هەڵبژاردن پێشکەشیان کرد .

جێگری بەڕێز داوای لە سەرپەرشتی کاران کرد هەڵبژێردەکان ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنی ژمارەی دیاری کراو لە باڵێراوەکان کە پێنج کەسن بە گوێرەی گەلالەی هەڵبژاردن .

هەروەها ووتی لە ئاشەڕۆژدا داوامان لێ کراوە بۆ هەلی نوێی تر ئامادەیان بکەین بۆ ئەوەی لەقوول کردنەوەی هەڵبژاردندا بەنداری بکەن کە دووەم لە ڕەوشت و خووی خێلایەتی بۆ تەرخان کردنی دەنگەکان لە چوارچێوەی چەند کەمەڵێکی دیاری کرودا .

هاوولاتیانی ناوچەکەیش کە بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد ڕێزی بەرزیان لە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش نا لە سەرووی هەموو شیانەوە

بەڕێز سەرۆکی نەمانده صدام حسین لە ئامادە کردنی باری دیموکراتی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە ئەنجوومەنی یاسادانان‌دا .

هەروەها لە پارێزگای دهۆك بەڕێز عبدالفتاح محمد امین ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش وەزیری فەرمانڕەوایی ناوخۆ ئەندامی دەستەی باڵای سەرپەرشتی پێخۆشحاڵی‌ی خۆی سەبارەت بە ڕەوتی کاروباری دەنگدانی هاوولاتیبان لە هەڵبژاردنی باڵێوراوەکانیان بۆ ئەنجوومەن ، دەربڕی .

وەزیری بەڕێز لەم سەردانەیدا ، سەری مەڵبەندەکانی یەکەمین و دووەمین ناوچەی هەڵبژاردنی د. لە مەڵبەندی پارێزگاکەو لە قەزای زاخۆو ناحیەی سندی‌ی سەرسنوورو لە ووردبوونەوە لە ئیستیمارەی هەڵبژێرەکان‌و بلیتی دەنگدانەکان‌دا بەشداری‌ی کرد

لە پارێزگای سلێمانیش هاوڕێ عبدالله فاضل ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش لە گەڵ بەڕێز ولید محموددا پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەتو سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی هەڵبژاردن لە پارێزگاکەدا لە گەڵ هاوڕێ عبدالرزاق فارس‌دا ئەمینداری نهێنی لقی حزب لە سلێمانی سەریان لە ژمارەیەك لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن داو تەماشای ڕەوتی کاروباری هەڵبژاردنیان تیدا کرد .

هەروەها بەڕێز ئەندامی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش سەری مەڵبەندەکانی هەڵبژاردنی دا لە ناحیەی سەید صادق و گوندی شانەدەری‌ی هاوچەرخ و قەزای دووکان‌و ژمارەیەك لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن لە یەکەمین ناوچەی هەڵبژاردن‌دا .

بەیاننامەی دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەیاننامە

بە پێی دەستەڵاتەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی ژمارە -٥٦- ی ساڵی ١٩٨٠و بە ئوێرەی ئەوەی لە مەرسوومی کۆماری ژمارە -٤٥٢- دا هاتووە کە لە ڕۆژی سێی تەمووزی ١٩٨٠دا دەرچووە بۆ دووپات کردنەوەی پەیڕەوی دیموکراتی‌و سۆشیالیستانەی شۆڕشی حەفدەی تەمووزی بیرۆزو پێ هەڵهێنان لە جەوهەری ڕەسەنو چەسپاوی بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبو پێشەنگە تێکۆشەرەکەی .. حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و .. بۆ خستنە بەرچاوی نەریتە مرۆڤایەتی‌یەکان‌و ڕووناك کردنەوەی ڕێڕەوی شۆڕشگێرانەی بەرەوپێشەوەچوو لە وولاتە تێکۆشەرەکەمان‌داو بۆ تەواوکردنی بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراتی‌یەکان‌و وەدی هێنانی بەشداری کردنی فراوانی میللی‌یانەی جەماوەری گەلی کوردمان لە هەرێمی عیراق‌دا لە تەواوکردنی ئەرکەکانی گۆڕانکاری شۆڕشگێرانەی سۆشیالیستی‌داو بەگیانێکی دیموکراتی‌یانەی میللی‌و لێپرسراوێتی‌یەکی بەرزی تێکۆشەرانەی شۆڕشگێرانەو بڕوایەکی مەزنەوە بە بەڕەوی سۆشیالیستی‌یانەی پێشەنگی شۆڕشەکەمان‌و لەبەر ڕووناکی‌ی ئامۆژگاری‌یەکانی سەرکردەی گەل‌و نەتەوەکەمان سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین‌و بۆ وەدی هێنانی ناوەڕۆکە بنەڕەتیەکانی ئەو بیروباوەی کە هەموو مافە نەتەوەیی‌و ڕۆشنبیری‌یەکان بە گەلی کوردمان بدرێت لە جوارچێوەی باسای ئۆتۆنۆمی‌دا نارچەی کوردستان‌داو بۆ جەسپاندنی ڕێڕەوی بنیاتنانی دام‌و دەزگاکانی یاسادانان‌و ڕابەڕاندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و وەفاداری سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش بۆ گەلی کوردمان ئەوەبوو لە ڕۆژی هەینی‌ی ڕێکەوتی ١٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠داو بە گوێرەی بنەڕەت‌و باساو ئامۆژگاری‌یەکان کە وەکوو باسا دەرکراون لە دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌ی هەڵبژاردنەکانەوە ئەوا هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوە برا بە هۆشیاری‌یەکی بەرز بە پیرەوچوون‌و حەماسەتێکی گەورەی جەماوەری گردبوونەوەی گەلی کوردمان لە دەوری سەرکردایەتی‌ی ڕۆژگار ، شۆڕشگێرانەی دووپات دەکاتەوەو دەخاتە بەرچاو لەگەڵ ئامادە بوونیدا بۆ بەخشین‌و قوربانی‌دان لە ڕێگەی بنیاتنانی نیشتمان‌و بێشکەوتن‌و پەرەسەندنی‌دا .

ڕەفتاری دیموکراتی‌یانەی ڕەسەن‌و ڕاستگۆ کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەخۆبەوەی دیت دەربڕینێکی هۆشمەندیانەی گەلانە بۆ لێپرسراوێتی‌یەی میژوویی‌یەکان‌و بەردەوام بوون لە شێوەو ناوەڕۆك‌و ڕەفتارو ئەنجامدا لە گەڵ ڕەفتاری دیموکراتیانەی ئایاب کە وڵاتەکەمان لە مانگی حوزەیرانی ڕابوردوودا بەخۆیەوەی دیت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی .. ئەوەی کە قوولی‌و چەسپاوی‌ی بیروباوەڕەکانی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌و توانای گەلان بۆ وەدی هێنانی توانا هەمیشەیی‌یەکان‌و گردبوونەوەی چەسپاو لە دەوری سەرکردایەتی‌یە شۆڕشگێرا- نەکەی دووپات دەکاتەوە ئەویش لەسەر ڕێگای تەواوکردنی ئەرکە دیموکراتی‌و سۆشیالیستیەکان لە وڵاتەکەمان‌دا .

ئەو وێنە ڕاستەوخۆیەی کە بواری ڕەفتارکردنی دیموکراتی‌یانەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا وەدی هات چی لە فۆناغی خۆ پالاوتن‌و پروباگەندەو کاری هەڵبژاردنی سەربەستی ڕاستەوخۆو دیموکراتی‌یانەدا لە ڕۆژی نوزدەی ئەیلوودا لە ڕاستی‌یدا ڕادەی پێشکەوتوو بەرەسەندووی هۆشمەندی‌ی گەلەکەمان دەردەبڕێ سەبارەت بە لێپرسراوێیەکانی‌و ئەنجامادەبوون بۆ وەرگرتنی ناوەڕۆکی دیموکراتیانەو کردنی بە ڕەفتارێکی هەمیشەیی لە هەموو بوارەکانی ژیان‌و کۆمەڵگەو بەرهەمهێنان‌دا بۆ ئەوەی بێتە ووزەیەکی هەمیشەیی‌و بچێتە نێو ڕێڕەوی شۆڕشگێری‌یەوە لە وڵاتەکەمان‌دا بەهێزێکی خستراوەسەر ئەویش بۆ وەدی هێنانی ئامانجە نێشتمانی‌و مرۆڤایەکان‌و بنیاتی بنکەیەکی ئارام بۆ هۆڕشی عەرەب .

. بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی لە لیژنەکانی سەربەرشتی‌یەوە لە ناوچەکانی هەڵبژاردن‌دا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا نیشدراون ئەوا بۆ گەلی سەربەرزی کوردمان ڕادەگەیەنین کە ئەم بەرێزانەی ناویان لە لیستەکانی خوارەوەدا هاتووە بە ئەندامیتی‌ی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵبژاربران کە دزای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین لە لێپرسراوێتی‌یەکانی مێژوویی‌یانەی داهاتوویان‌دا کە ئەندامیتی‌یان لە ئەم ئەنجوومەنەدا دەبانخاتە ئەستۆیانەوە هیوا خوازین لە شوێنی بڕوا پێ کردن‌دابن کە گەلەکەمان پێی بەخشیون‌و لە شوێنی بەتوانایی‌دابن بۆ وەفاداری‌ی بیروباوەڕەکانی حزبی سەرکردە .. حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و شۆڕشە پیرۆزەکەی شۆڕشی حەفدەی تەمووزو بەڕێوە دیموکراتی‌و سۆشیالیستی‌یەکەی‌و بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی یاسادانان بێتە بوارێکی نوێی تێکۆشان‌و قوربانی‌دانیان لە ڕێگەی پتەوکردنی ڕێڕەوی گەلەکەمان‌و بنیاتنانی نیشتمان بنیاتنانێکی شۆڕشگێرانەو شارستانیانە بۆ ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی‌و مرۆڤایەتی‌یانەی خۆی بگێڕێت ئیتر بۆ پێشەوە سەرکەوتنیش بۆ شۆڕشەکەمان‌و حزبە سەرکردەکەی .

عزة ابراهیم
جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش
سەرۆکی دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان

ئەمەیش لیستەی ناوی ئەو بەڕێزانەیە کە بە ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵبژێراون‌و بەپێی ناوچەکانی هەڵبژاردن ..

پارێزگای هەولێر ناوچەی یەکەم

احمد عبدالقادر عبدالله
نەقشبەندی ، برهان احمد وحید ، همزه عثمان یونس ، **رشید سعید حسن ، منیر هادی احمد ،**

ناوچەی دووهەم

علي عجاج عیاده ، محمد شاکر محمود جمعه ، اسماعیل دهام جمیل ، شهاب احمد خلف ، محمود محمد حمد ،

ناوچەی سێهەم

خلیل حمد مصطفی ، واحد حسن فرحان ، نذیر شیخ احمد محمد بارزانی ، فارس محمد قادر ، رفعت کوێخا عەولا عمر ،

ناوچەی چوارەم

داریل رشید خورشید ، جلال حاج خورشید عثمان ، شفیق احمد محمد صادق ، عثمان احمد بارزانی ،

پارێزگای سلێمانی
ناوچەی یەکەم

علي ابراهیم درویش ، رووف عبدالکریم حسین بەرزنجەیی ، محمد صدیق محمود ، غفور صالح محی‌الدین گەرمیانی ،

ناوچەی دووهەم

جمال حاجی شریف حسین ، حسن شێخ قادر شێخ حسام‌الدین عەولانی ، عمر محی‌الدین شریف ، عبدالواحد امین قادر ،

ناوچەی سێهەم

محمد صالح سلیم ، جمال جلال حمه ، کمال محمد مام رشید ، حسین سلیمان کامله ، حمه عطا حسن عبدالله ،

ناوچەی چوارەم

علي حسین عبدالکریم ، هوشمن مصطفی فتاح هەورامی ، محمد حمەکریم محمد ، حمەامین مصطفی محمد ،

ناوچەی پێنجەم

دلسۆز محمود فهمی ، سیروان محمد رشید عثمان، انور محمد علي هارونی ، محمد مەلا علي محمد ، عثمان شێخ محی‌الدین شێخ عزیز بەرزنجەیی ،

پارێزگای دهۆك
ناوچەی یەکەم

مصطفی موسی عبدالله ، احسان هیبەالله مفتی ، هابی رشید رشید ڕێکانی ، کمال‌الدین صنعةالله محمد صالح مفتی صالح علي عبدالرحمن ،

ناوچەی دووەم

حکمت حاجی سلیم ، زید محسن احمد بەرواری ، محمد عبدالرحمن صالح ، محمد خلیف رجب طائی ،

باڵاوکراوەی کۆمەڵەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بە ناوی ڕاپۆرت

سێ‌سەدو سی پرۆژەی گەشە سەندن لە پارێزگای دهۆك تەواو کراون

بۆ جێبەجێ کردنی ئامۆژگاری‌و ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش‌و نەخشەکانی بەرەپێدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە لایەنی شارستانیەت‌و کۆمەڵایەتی‌و گەشەسەندنەوە ئەوا دام‌ودەزگاکانی دەوڵەت سێ‌سەدو سی پرۆژەیان تەواو کردووە کە ٢٩ ملیۆن دیناریان تێچووە ئەمانەیش لە سەر ئەو هەزارو سێ پرۆژەیەن کە وا چاوەڕوان دەکرێت ١٨٠ ملیۆن دیناریان تێبچێت‌و ئێستا تیایاندا کارکردن بەردەوامە .

ئەوەبوو بەڕێوەبەرێتی‌ی فەرمانڕەوایی ناوخۆ لە ماوەی ئەم ساڵدا ٢٠٠ پرۆژەی تەواو کردووە ئەویش لە جوارچێوەی نەخشەدا بۆ تەراوکردنی ٥٢١ پرۆژەکە ٣٦ ملیۆن دیناریان تێدەچێت‌و بە سەر مەڵبەندو فەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەدا دابەش کراون‌و بریتین لە قوتابخانەو باخچەی منداڵان‌و خانووبەرە بۆ مووچەخۆران‌و مامۆستایان‌و بینایەی دەزگا خزمەتگوزاری‌و تەندروستی‌یەکان‌و بنکەی سوپای میللی‌و ڕێگاوبانی ناوخۆیی‌و لادێیی‌و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتیانی گوندە هاوچەرخەکان .

شارەوانی‌ی دهۆکیش ٥٤ پرۆژەی تەواو کردووە لە جوارچێوەی نەخشەکەیدا بۆ تەواو کردنی ١٠٤ پرۆژە کە بریتین لە قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناوەوەی شارو ئەوانە وەرگرتنی ئەندامێکی ئەندامیتی‌ی هونەرمەندانی تەشکیلی بۆ لیژنەی باڵای مەهرەجان‌و ئامادە کردنی پۆستەرێکی یەکڕەنگ لە گەڵ باجێکدا بۆ ئەم مەهرەجانەو بە چاپ گەیاندنی ٢٠٠ دانە پۆستەری ڕو ٢٠٠ باجی‌تر .. هەروەها پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە کە بریتین لە لیژنەکانی شانۆو پێشوازی‌و هۆڵ‌و ڕاگەیاندن . شایانی باسە هەر بۆ ئەم مەهرەجانە کە لە ژێر دروشمی لە پێناوی هێنانە دی هۆنەرێکی ڕەسەنی کوردی هاوچەرخ‌دا ساز دەکرێت لە لایەکی ترەوە نوێنەرانی تیپە هونەری‌یەکانی پارێزگای سلێمانی لە سەر هەمان شێوە کۆبونەوەیەکیان کردوەو دەربارەی زۆر لایەنی ئەم مەهرەجانە بە دوورودرێژی کۆلیۆنەتەوە ... ئەمەو بە ئەنجام گەیاندنی چەند بڕیارێك لە سێهەم کۆبونەوەی لیژنەی باڵای مەهرەجان‌دا لەوانە دەستنیشان کردنی ڕۆژی یەکەم‌و دووەمی مانگی تشرینی یەکەم بۆ سازدانی ئەم مەهرەجانە لە گەڵ ساز کردنی پێشانگەیەکی پۆستەر هەروەها ڕێز گرتن‌و خەڵات کردنی چەند هونەرمەندێك کە خزمەتێکی گەورەی بواری هونەری کوردیان لە پارێزگای سلێمانی‌دا کردوەو ئەوانیش بریتین لە مامۆستایان انوەر تۆخی‌و ئازاد شوقی‌و عبدالقادر مصطفی کوردی‌و عثمان خال .

فریا عبدالله
نوسینگەی سلێمانی

●●●●●● کورتە هەوال

ڕێکخراوی یەکێتی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر لە هەفتەی ڕابوردوودا یەك مەڵبەندی نوێ‌ی لە گوندی صەلاحیەی سەر بە قەزای مەخموور کردەوە .

بەمەوە یەکێتی لقی هەولێر جوارده مەڵبەندو سیازدە شوعبەی لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەدا هەیە .

لە لایەکی تریشەوە (٣٠) ئافرەتی ئەندامی یەکێتی جوونە ڕیزی دەورەیەکی دروومان کردنەوە یەکێتی لە مەڵبەندی زانیاری بۆی ڕێك خستوون ماوەی مانگێك بەردەوام دەبێت .

هەروەها یەکێتی لقی هەولێر لە هەفتەی ڕابوردوودا کۆبوونەوەیەکی گەورەی بۆ سەرۆك‌و ئەندامانی لیژنە ناوچەیی‌یەکانی سەر بە یەکێتی‌و هەردوو ڕێکخراوی پێشەنگ‌و نەوجەوانان سازکرد .

لەم کۆبوونەوەیەدا لە باری ڕێکخستنی لاوان کۆڵرایەوە بۆ ڕێ خۆش کردنی دانانی نەخشەی ماوەی داهاتوو .

● بەبۆنەی ئاهەنگەکانی ڕۆژی مۆسیقای جیهانی شەشەم لیژنەی باڵای مەهرەجان لە نەقابەی هونەرمەندان - لقی سلێمانی تا ئێستا (٣) کۆبونەوەی‌- یە ئامادە بونی سەرۆك‌و ئەندامانی نەقابە کردوەو دەربارەی سازدان‌و مەرجەکانی سەرکەوتن‌و پەرەپێدان‌و گیروگرفتی مەهرەجان قسەیان کردوەو لە ئەنجام‌دا گەیشتونەتە چەند بڕیارێك لە ئەوانە وەرگرتنی ئەندامێکی تری هونەرمەندانی تەشکیلی بۆ لیژنەی باڵای مەهرەجان‌و ئامادە کردنی پۆستەرێکی یەکڕەنگ لە گەڵ باجێك‌دا بۆ ئەم مەهرەجانەو بە چاپ گەیاندنی ٢٠٠ دانە پۆستەری ڕو ٢٠٠ باجی‌تر .. هەروەها پێك‌هێنانی چەند لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە کە بریتین لە لیژنەکانی شانۆو پێشوازی‌و هۆڵ‌و ڕاگەیاندن . شایانی باسە هەر بۆ ئەم مەهرەجانە کە لە ژێر دروشمی لە پێناوی هێنانە دی هۆنەرێکی ڕەسەنی کوردی هاوچەرخ‌دا ساز دەکرێت لە لایەکی ترەوە نوێنەرانی تیپە هونەری‌یەکانی پارێزگای سلێمانی لە سەر هەمان شێوە کۆبونەوەیەکیان کردوەو دەربارەی زۆر لایەنی ئەم مەهرەجانە بە دوورودرێژی کۆلیۆنەتەوە ... ئەمەو بە ئەنجام گەیاندنی چەند بڕیارێك لە سێهەم کۆبونەوەی لیژنەی باڵای مەهرەجان‌دا لەوانە دەستنیشان کردنی ڕۆژی یەکەم‌و دووەمی مانگی تشرینی یەکەم بۆ سازدانی ئەم مەهرەجانە لە گەڵ ساز کردنی پێشانگەیەکی پۆستەر هەروەها ڕێز گرتن‌و خەڵات کردنی چەند هونەرمەندێك کە خزمەتێکی گەورەی بواری هونەری کوردیان لە پارێزگای سلێمانی‌دا کردوەو ئەوانیش بریتین لە مامۆستایان انوەر تۆخی‌و ئازاد شوقی‌و عبدالقادر مصطفی کوردی‌و عثمان خال .

فریا عبدالله
نوسینگەی سلێمانی

Institut Kurde de Paris

ئەوەبش بوو ، بە دەستی خۆی چەقەنەو پەرەی ئاشی و بەرداشەکانی بێزار ئەکردو ئەی خستەگەڕ .. ئەویش بە ڕێك و پێکی ئاردێکی وردی بەرهەم ئەهێنا .. جگە لەوانەبش هەتا بلێنی بە وێژدان بوو .. چەند کەبوویەکی کەمی مزەئاش لە باراشەکان ئەگرت خەلکەکەبش سەریان تێکردبوو .. بار لە دەای بار لێیان خست و ئەبان ماڵیبەوە ..

ڕۆژێ بەلەهەورێکی ڕەش لە کەناری ئاسمانەوە دەرکەوت بەرە بەرە زیادی ئەکردو ناوچەوانی بە یەکا ئەدا .. دەستی بە گرم و هوڕکرد - ڕەهێلە دەستی پێ کرد . تەرزە وەك شوول تایمان ئەهاتە خواری .. لافاوێکی ڕەبش هێرشی هێنا گابەردو نیرگەی تل ئەداو ئەیدا بەم بەرو ئەو بەری چەمەکەداو وەك بۆمبا دەنگی ئەدایەوە .. گرمەی هەورەکە پش تێکەل بە گرمەی چەمەکە ئەبوو .. ئاژەی مرۆڤبان کەرئەکردو ئەبان خستە دەربای سەرسوڕمانەوە .. ئاسیاوەکە تلسایەوە .. کەرەسەکانی ئاو بردنی .. خەلکەکە دلخۆشی یادگاریان ئەدایەوە.

بەلایەکی گشتیبە ..

- من خەمی باراشی خەتکمە ..

لافاو نیشتەوە .. ڕوری کردە کورەکەی :

-بچین بۆ ناو ئەدەغەکە .. چەند باری دەستەك ببرین .. سەرلەنوێ ئاسیاوەکە دروست بکەینەوە .

- بۆ لافاوی دروست بکەینەوە ..!!

- خۆ لە هەموو هەوری باران نیبە .. ئەی نازانی ئەم ئاسیاوە مولکی باوو باپیرانمانەو لافاو پێمان بەجێ ناهێڵێ .. سەدجاری تریش بیرۆخێنێ هەر دروستی ئەئەمەوە .. هەر کەسێ بستێ زەوی ئەبێ بزنە گەرێك ناهێنێ ..

. . . . . .

- دیارە قسەکەت بە دل نییە. با چیرۆکێکی ڕاستە

قینەت لە بابەتی ئاسیاوەوە بۆ بکێڕمەوە .. ساڵێك ئەوەئەم زانی لە نیوە شەودا دوو زەلام بە هەلەداوان خۆیان بە ئاسیاوەکەدا کرد ، منیش بە خێرهاتنم کرن و کولێرە ئاشیم بۆ کردن ، پاش بشوودان پێم وتن :

- خێرە بەم شەوە .. عەردالی چین ..؟!

ڕێیوارین ..

-دیارە کارێکی گرنگتان هەیە ..

- کەس بە خۆڕایی شەو بە کۆلەوە ناگرێ .

- حەزئەکەم یارمەتیتان بدەم.

- ئەوە نیە جێت کردووینەتەوە .

-خۆ میوان دەرناکەێ .

یەکێکیان وتی :

-چیبێ لە تۆ نهێنی بێ . ئێمەبش بەراوو ئاسیاوێکمان هەبە ، بەلام تازە بیاو کەوتووبەك گەڕی تێ ئالاوین ئەبەوێ لێمان دەگیر کات .. ئێمە دەستمان لێ کردەوەو لە کۆڵمان کردەوە

-جا بەچی .. خۆ ئاشەکەتان بۆ ئەوان بەجێ هێشتووەو ڕاتان کردوە ..

- بۆیە لای ڕکەمان گرتووە ئەمانەوێ یەکە یەکە مەحفیان بکەینەوە ..

-لەسەر هەقن .. منیش ئامادەم لەم دارستانەدا بتان شارمەوە .

- جا کوڕم بە ڕیشی تۆ ڕەوایە لە ترسی لافاو ئاسیاوەکە بەجێ بهێڵین ..؟

ئەم چیرۆکە کاری کردە سەر کوڕەکەی و قەناعەتی پێکرد .. دەستەکیان هێنا .. گەلاو زەلیان خست بەردوو قوڕیان ئامادەکرد .. سەرلەنوێ دروستیان کردەوە. لەم لایشەوە چەقەنەو ڕەڕەی تاشی و بەرداشی بەیداکرد ، دۆڵبانەیەکی گەورەی بۆ کرد .. ئاشی کەوتەوەگەڕ ، خەلکەکەبش لە جاران گەرمتر ڕوویان تێ ئەکرد ..

بادگار بیاوێکی بە سەلیقەو وریابوو . سەری لە زۆر کار دەرئەچوو . بە تایبەتی ئاشەوانی و ئاشس وەستایی . هەر لە بەر

بزار

سەبارەت بە

بەکێك لەو هەلە باوانەی کە لەم دوایی یەدا هەستی پێ دەکرێ و بەکارهێنانی لەرستەدا هەندێ جار جێی خۆی ناگرێتەوە (سەبارەتە) ڕۆژجار بە مانای «لە بارەی. دەربارەی» یان -لەبابەت - یان -بەخووس- بەکارهاتووە کە بەلکە زۆرە بۆ ئەوەی بڵێین ئەمانە هەلەن . ڕاستی یەکەی وەکو لە (فولکلوردا) هاتووە مانای -لەبەر- و -بەهۆی- دەگەیەنێ ئەوەتا دەگوترێ :

سەبارەت بەر بەژنی تۆ کەنەق بن باری لۆما .

سەبارەت بە بالای بار ئاوەدان بێ دڕی کانی ..

یان -سێوەی کۆرلی بێژ لە بەندێکی ناوداریدا دەڵێ :

-ئەمن . سەبارەت بە بەژنەکی بڵندو دووچاوی ئەلەك بوویمەوە سەرگردان-.

هەر لەم کۆڕەشدا مامۆستا مسعود محمد دەستنیشانی ئەو باسەی کردووەو لەیەکێ لە نووسینەکانیدا ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کە -سەبارەت بە - مانای ووشەی -بسبب- عەرەبی دەگرێتەوە .

پێشینان

کوتراوە بەندی پێشینان و کاروکردوەی پێشینان . بەناوبانگترین بەرهەمی ئەدەبی حاجی تەوفیق پیردمیردیشس -بەندی پێشینان -ە . بەلام لەهەندێ جێدا بەبەرچاوم کەوتووە بە هەڵە نووسیوبانە -پێشووونیان - وەکو پەندی پێشوونیان و چیرۆك و مەتەلی پێشوونیان ... هتد . بۆیەش هەڵەیە چونکە پێشینان ناوی کۆی -پێشینە- نەك -پێشوون - هەتا بشێ بڵێین پێشوونیان . خۆ ئەگەر مەبەستمان ئەوەبێت لە ووشەی -پێشوو- ناوی کۆ دابڕێژین ئەوسا دەڵێین -پێشووان -.

مامۆستا -زەبیحی- لە قاموسی کوردیدا بەرگی یەکەم لاپەڕە -١٢٣- جێگەی داخە ئەویش -پێشوونیان -ی بە ئارهێناوەو بە زۆر وردبوونەوە ئەو ڕێچکەیەی- گرتووە . بەلام چاکترین بەڵگەش بۆ ئا ئارامی ی ڕابەکەی مامۆستای بەرێز ئەوە دیارە کە لە لاپەڕە -٦-ی قاموسەکەدا شێوەیەکی تری هەم ووشەیەی بەکارهێناوە کە گوتوویەتی -پێشینیانی کورد - . دیسان دووبارە لەم ووشەیەش هەر مایەی تێڕامانەو چاکترین شێوەو دارشتنیش پێشینانە :

بزار کۆل

ڕەخنەی ئەدەبی لە چیرۆك بۆ منالان

هەڵسوکەوتی گیانداران لە چیرۆکی «سروەی شەمال» دا

• ابراهیم قادر محمد •

هاوڵی و دژایەتی لە نێوان هەموو گیاندارو بێ گیانێکی گەم سروشتەدا بووەو هەر ئەبێتو بە ردەوامیشە ، چار جارەش دەگری و جار جارەش کز دەبێت ، جا ئەم مل ملانە لەکۆمەڵی ئادەمیزادا بێت یان لەگەڵ زمان و بێ گیانەکانداا ، ئەتوانین بۆ منالان کەلکی لێ وەربگرین بۆ ڕوون کردنەوەی چۆنیەتی مل ملانێکەو لابەلاکردنەوەی بەو ڕێگە زانستیانەی کە پێویستن ڕەچاو بکرێن لە کاتی پێویستدا !

ئەك تەنها بۆ منالان، بەڵکو ئەتوانین وا بینووسین کە گەورەکانیش بتوانن لە بلەبەکی باڵادا دوور لە ساکاری و بۆ منالان نووسین لە ئاستی بیری یاندا لێکی- بدەنەوەو شی بکەنەوە ، ئەك دارشتنەکە بە شێوەیەکی وا تەمو مژاوی بێت - ڕیش لە دەست بدەین وهەم سمێڵ- !

بۆیە لەسەر زمانی گیاندارانەوە ئەم جۆرە بابەتانە دەخرێنە ڕوو ، وەك وتم و بەلکە ئەویستە ئاکۆکی نێوان گیاندار زماندار و بێزمان - بخەینە قالبێکی ئەوتۆوە منال لەو ڕوانگەوە هەست بە بوونی خۆی بکات

لە کۆمەڵدا ؟ چونکە هەمان زۆرانبازی ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك تر و دەرس کراوو بەهێزتریش لە کۆمەڵی مرۆڤدا ڕوونەداتەوە هەر خۆیەتی ، جا لای ئەوان هەر بە شێوەی ڕێکەوت و کوێرانەو بەسەرهاتی لەناکاو ڕوو دەدات !-

بۆیە ئەرکی نووسەر بۆ منالان لێرەدا زۆر گرانو ناسك ئەبێتەوە وەك لەوەی بیەوێ بۆ گەوران بنووسێت!؟ بەتایبەتی ئەوانەی ئەبانەوێت نووسینەکانیان دوو فراق بێت ، هەم بۆ بچووکان و بۆ گەورانیش بێت ، لێرەدا مەبەست تەنها دروست کردنی ئێرەو کێشەکەو ڕێز کردنی وشەو ڕستەو پێك هێنانی جەنجاڵی نیە ! مەبەستمان ڕاکێشانی سەرنجو بیرو هۆشی منالە بۆ ئەو وردەکاریانەو بزواندنی بۆ بیر کردنەوە لە خۆی وەك بوونەوەرێکی دەوردار ، ئەك بخۆری جێگر ... ئەمەش لەخۆیدا پەیوەندی بە سنە دەروونی و ژیری یەکانی منالەوە هەیە کە لە تەمەنێکی دیاری کراودا مەیلی هەیە لاسایی دەنگ و کردەوەو هەڵسو کەوتی گیانداران بکاتەوەو تەنانەت لە تەکیشیاندا دەدوێ! جا نابێ ئێمە ئەم هەلە لە کیس خۆمان بدەین و ئەتوانین کە بەرهەمێك بۆ وردیلەکان بنووسین بەکەڵك بێت ، ئەوەشمان لەبیر نەچێت منال ئەوەنیە کە جاران دەیان ووت : (بەڕەیەکی سپیە ،

هەر چیت ویست لەسەری ئەنەخشێنی) ، ئەء ! ئەو جیهانە ناسك و بێ گەردە - جیهانی منال - ئەوە نیە ئێمە گەورە بە خواستی خۆمان پەنجەی تێ وەردەین ،چەندەها باو کو مامۆستا بە ڕێگەی ئالەبارو بڕوا بوون بە هەندێ ئەفسانەو بیرو ڕای تەسك مەزارەها کۆرپەیان خستە تاریکی و لادان و سەرلێشێواوەو ، هەر بەو خەباڵەی پەنجەی ئەمان نیگارکێشی سروشتەو دەتوانێت ئەم منالە ساکارانە بە مەیلی خۆیان بنەخشێنێ!! هەر بۆیەشە تکا ئەکەم لە هەر برایەك کە دەیەوێ چیرۆك بنووسێ منالان و گەورەش کەلکی لێ وەربگرێت بەتایبەتی لەسەر زمانی گیانداراەکانەوە ، با ئەوەی لە بیر نەچێ نابێت هێندە خۆی بداتە دەست تەم و مژو ڕەمز بەکارهێنان بۆ خستنە ڕووی کەسانی چیرۆکەکەی ، ئەوەکارێکی ئاسان نیە ، وەك لە ئاو ئەدەبەکەماندا بووە بە باو هەرکەس چیرۆکی یا شیعرێ بنووسێ و ڕەمزی تیا دانەنێ - ئەگەر ڕەمزەکەش لە جێگەی خۆیدانەبێ- ئەو نابێ شیعر بێت یا چیرۆك، با ئەو پاشاگەردانەش بە دەستی خۆمان نەهێنین بۆ ناو ئەدەبی کە بۆ منالان دەنووسرێت و کۆربشە !

بۆ سەلماندنی هەندێ لە ڕاستی یەکانی ئەم ڕابانەم وا لێرەدا چیرۆکێکی بۆ منالان نووسراوشی ئەکەینەوە کە لە هاوکاری ژمارە ٥٣٨ - دانووسراوەو کاك -جەمال نوری - نووسیویەتی . ئەگەر سەرتاپای چیرۆکەکە بخوێنیتەوە ، هەست بەوە دەکەیت کە ئەو خاڵانەی باسم کردن ، وەك خۆی جێگەی ئەگرتووە ، -سروە - لە فەرهەنگی زماندا بەکاردێت بۆ شنەی بایەکی خۆش و فێنك و هێمنی ، کە بوو ئەوەڕێك نیە لەسەر ڕووی زەوی لای خۆش نەبێت ! -سروە- تێك دەری ژیان نیەو دژ بە گەشەکردنی ژیان نیە ، هەروەك شەمال دژ بە ژیان نیە ! جا ئاخۆ ئەبێ (سروەی شەمال) چۆن بێتو چەند دڵگیر تر بێت!؟

نازانم نووسەر بۆ سروەی لێرەدا کردووە بەم دڕندەیە کە گەلایەکی سەوزی جوان لەدار -بەهێ- یەك بکەێتەوە جێگەی ڕەشەباو زریان بگرێتەوە !؟

وەك دیاردەیەکی سروشتی و مەوزوعی ، هەرگیز گەلای سەوزی دار بە سروەی شەمال نە دار ناکەندرێتەوە - تەنها نە پایزدا نەبێت ، کاتی خەزەلوەرو خەزان - ئەویش وەك باوەو بیستراوە بە بای پایز ناوترێت - سروەی شەمال - ، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە گەلای سەوزی دار ستەمە بە سروەیەکی ناسك بووورێت . جۆ ئەگەر سروە -ڕەمز - یش بۆ شتێکی دڕندە هەر وەك وتم ئەوە لە جێگەی خۆیدا نیەو سروە هەرگیز نابێتە هۆی گوڵو گەلا هەڵوەراندنو دڵی شاڵوورو بەپوولە شکاندن ! ئەگەر سروەش وەك هەموو شتە بەناو چاکەکانی تر هەڵگەرابێتەوەو بووبێت بە دوژمنی ڕاستی و گیانداران ، ئەوا ئەبێ «سروە »ئەبێت و ناوێکی تری لێ بنرێت !

گەلای سەوزو پڕ هێنرو تبین و بە باووڕیش نابێ دوای هەڵوەرینی ، هێندە لاواز بێ و بێ وەرەو بەزەیی بەخۆیدا بێتەوە ، ئەو گەلا سەوزە ئەبێ هێندە بزانێت وەستان لە ڕووی ڕەشەبادا خۆگرتنی دەوێت ، هەرچەندە لێرەدا سروەشەو ڕەشەباش نیە ! ئەبوا چیرۆك نووس پتر وردی بخستایەتە دڵی گەلاوەو ئەو پەندەی وەبیر خۆی بهاوردایەتەوە کە

بەرخی نێر هەر بۆ سەربڕینە - ئەك دوای وەرین و تێوەگلان فرمێسك ڕشتن و فینگی چاودان ..

چیرۆك نووس بۆیە پاڵەوان دروست دەکات ، کە پێشەواو ڕێ پیشاندەر یکی ڕاستەقینەو کارامەبێت ، -ئیجابی -بێت نەك -سەلبی - ، ئەگەر توانای بەرگەگرتنی نەبێت ئەوا نابێت بکرێت بە پاڵەوانیش ، لە هەر جێگەیەکدا بێت ، بە تایبەتی لە چیرۆکێك بۆ منالان نووسرابێت ! کە مەبەست لە نووسین بۆ منالان پەروەردە- کردنی ئەوەیەکی نوێ و لەخۆ- بوردوو قوربانی دەرە .

دوای ئەوەی سروەی شەمال بەر ناسکیەوە توانی گەلایەك هەڵوەرێنێ و بیخاتە سەر زەوی ، ئەبێ (گەلا) و ای چی هەبێت کە لە بەن ە لقەکەی خۆی بچڕا !؟چیرۆك نووس ئەبووا ئەم خۆگیر کردنەی پێش تر بخستایە ، هەر بە قەد دارەکەوە ئەم مل ملانەی دروست بکردایە - نەك لەسەر شارە مێروولەکە - ، کە زۆر لەبارتر بوو بۆ یارمەتی دان و هەرەوەز بۆ بەرهەڵستی کردنی (سروە) لەلایەن گەلاو لق و پۆپەکانی ترەوە ، چونکە تازە گەلا توانای هیچی نەماوەو وەك سروشتی . گەلار گەلای -بەهێ- ش نیتر توانای سەوزبوونەوەی نیە!

چیرۆك نووس لە دەشتێکی کانی بەکاکیدا تەنها گەلایەکی بەرداوەو هەموو شتەکانی کردووە بە دژ بۆی . بۆ هەر کوێ ئەروات دەرگا لە ڕووی بەستراوە .. هەر چەندە لای چیرۆك نووس هەر تەنها ئەم گەلایە وایە ،بەلام سەدەها گەلای تریش هەن لەو ژیانەدا دژین

یارمەتی دانی مێروولەکان بۆ ئەم گەلایەو یارمەتی نەدانیان لەم هەڵونیستەدا هەر وەك بە کە ، لەبەر ئەوەی

بروانە : ل : ٧

کۆچی ڕوایی مامۆستا عبدالعزیز خانەقا

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بە پەرۆشەوە هەواڵی مردنی مامۆستا عبدالعزیز خانەقا بە خوێنەرانی خۆی ڕادەگەیەنێ و بەو پەڕی ڕیزو قەدرزانی یەوە ڕابردووی ژیانی خاوێن و کردەوەی چاك و ڕەووشتی هێمنانەی دێنیتەوەیاد .

مامۆستا لە کۆڕی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا دەمێکە بە خزمەت کردنی لە خۆبردووانە ناسراوەو لە یەکێتی و کۆمەلە ئەدەبی و ڕۆشنبیری یەکاندا ئەندامێکی بەکاربووە ، هەروەکو چۆن لە کۆڕی ڕۆژنامەنووسیشدا جگە لە ووتاری هەمەجۆر بە کوردی و بە عەرەبی لە ڕۆژنامەو گۆڤاراندا ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «بەیان» و « ڕۆشنبیری نوێ» بوو .. یەکێك بوو لە کارگوزارانی « دەزگای ڕۆشنبیری کوردی »یش .

بە بۆنەی کۆچی دوایی یەوە سەرخۆشی لە کەسوکارو خێزانی خوالێ خۆشبوو دەکەین و هیواداریش تروسکەی شوێنەواری ڕۆشنبیری مامۆستا نەکوژێتەوەو یادی هەمیشەیی لە دڵی هەموواندا بێت .

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

کۆرتە چیرۆك

دوودڵ

بسکوڕنیەکا گەش ژلێفا باری. پاتە زڤرادە جهێ وی ئو لدور خوو زڤری کاجا چ تشتێ وی نەکەتیی یە وارا . بەری خوو ژناف سویکا تدارەکا وی یا وەسایە . چ جهێ لێ ڕاوستیا . خەلك لێ خربون . دەلنگێت شەلێ وی دجزمەکی دا دفەشارتینە . هچکێت ساکوی . بێت فەشکاندینە سەر زەندکا . جانتکەکێ کەفلی وەکی باربەندا بێ دبەر خو دانای، تزی پێڤە زرزڕکو مرمرکن دشوور . بێ یەکێ دسەر هاڤێتی لسەر تەختێ چایخانێ، جاڤێت وی بێت کویر دسۆر ددبارن برسبێت خەوتینە . هندە تۆلازێن ب ڕەخڤە دوومینێ دکەن ، ئێکی ژوان گووتێ :

-میرزو .. ئو میرزو .. ئەنقە بارو .. سەحکێ . دێ سەحکێ .. تەرازیا ڕوژێ ژی ڕاستبو ، هێژ نە ئەبفکرێ .. ئەفە دێ هۆسا ئاختی لێگەی ؟

-ئەختۆ !باوەربکە ب هەردوو ملا ئەزێ ژبەریکێت خەلکی تیمەدەر ... هەتا ئەو .. من هەقێ ستڤانکی ئەفەجەماندیە !

چاوا مروڤەك هات بەرەخ میرزوی ڤە ڕونیشت ، وی دبن مزویلانکا ڤە چاپ پنکڤە بادانو زڤراندنەڤە !پاش ڕابو ئو ژوان دورا غەوارەبو . کولاڤێ خوو -میرزوی - ب تیەکی ئێخستو خوو بەردا ئاف سویکا .

«خووش دەلیڤەیە ، تو چ جارا هۆسا ناکەڤی یە لەبێ من ، مەرگێ تە سێ جا میرزو»، ئێکی ژدوو یرڤە دیت ، ئینا ئەف ئاخفتە ددڵێ خوودا ب هەلینیت ، ئەشیا ئەڤا ددڵێ خوودا ڕێت ، بدەنگەکێ بلند :

- تو نابێژی یە من تە چ دڤێت ؟ وەکی هەستێ ماری چوویە بنێ پێ من ، من دنیاسی .. تە دنیاسم !! کوڕێ من تۆلازێت وەکی تە ، مرادا وان ئەوە ئەز بیستەکێ سوحبەتێ ل گەل بکەم ، ناوازا ژێرا بخوینم .

هێ ... ێ .. تە نەڤێت ئەڤەژی من ل ڕێزا دینا ببینیت !! پا هەکە هەمی دین وەکی من بن ، هما ئەز ژی ئێك ژوان .. دین .. دین !!

لەسەر لێڤا جاهدەکێ ، باژێری ، برەکا تۆلازا ل دور بونە تانو بلێڤێڤە نویسیان :

- دێ پفکێ .. پفکێ میرزو .. ب شارینە .. تو کوڤانێت دلی ڤەرەڤینە .

میرزوی چ ڕێ نەبرنێ ، هەر ما .... هزرێت خوو کرن « نەچاڤێ هندێ یە لێ بێ دلی یا ئەڤان لاوان ، چاوان بکەم .. ئەز میرزوبم چاوان ؟ . »

ڕابو دەستێ خوو جارەکا دی بەردا دپاخلێدا ، پاتە هلکێشا .. دوودك ڕویس کرو پیك برنەبەر هلانده لێڤێت خوو ئەهلاندو ئاواز مینا تاڤی یەکا بهارێ هاتن خارێ ، ئەڤێن لوا دورا مەستبون کەتنە دیلانێ .. تەڤدا هندەکا بدەنگەکێ بلند کرنەگازی : شاباش .. شاباش .. شاباش هەر وەکی سەوکا ب تەنویرێ ڤەددەن ، وەسا بچویکێ دەرهەما تفاددەن و تێخنە ئەنیا میرزوی ، ئەوێ دبەر دوودکێ ڕا ب دەستەکی ژێڤە دکەت و دڕاقوتینە بەریکێ . های ژبابێ دنیایێ ئەمایە ژدوودکێ پێڤەتر خوە وەیا ڤێدا تێتەخار بو ئاڤ و لولاڤ . مینا سویکا سەفارایە کەس ئەزمانێ کەسێ نزانیت. وا هند دیت قەرەبالغ شەقابو، ئێك لهندڤ سەرێ میرزوی چکلی و دەنگێ دوودکێ خەندقاند ، خوو لدوودکێ دا شیق شیقەکا ژێ دچیت . ژوی کێشو ژوی کێش . . ئەهەرێ ب مرنا میرزویە ئەو لدویف بەردەت !! دیارە ئەئروکە کولاڤی مروڤی میرزویە .. تڤیا کیناخوو ب ڕێژیت .. کەسیرەبو هند پێما ، وی دەستێ خوو دا باش ... چم زڕ !! چریسك ژچاڤێت میرزوی پەسین .. هەر دوێ گاڤێدا ئەڤێ دا ئەڤێن لوان دورا .. ڤەرەڤین

.. دێ بێژی حەلیان !! مینا پەری بربون ، لێ میرزو شقانەکێ ڕەهوانە .. لسەر گرەکی ، بەرامبەر ڕوبارێ بازێری ، ئەڤێ سینگ لودغەرێ ، میرزو بەڤالقە لێك خربونەڤە ، وان دەرێ هزێلکێت دلێ خوو ژهەڤرا ئەکرن . ڕۆژێ پەرێت دهێلاینە هێلینێ .. مینا بزۆتەکی یا تێتە پێش چاڤان. سوحبەتا سوحبەتێ دکێشیت، میرزوژی دزگدا یێ دکەلیت .

سوحبەت کەتە بەروکێ وی ، گرنژی گرنژینەکا سار ددانێت وی تەیسین دناف لێڤێت قەشاق گرتی ڕا .. پاشی گووت : « داوەت .. چ داوەت .. . ئیشەڵلا خودێ کارێ بێ بەختا راست نەئینیت ما تێلن !!

پا ب پیرێ حەلانا ئەز هینگێ دکەمە داوەت ، ڤێ تولێ بو تە نەهێلم تو کی بی!»

تلا خو ئەڤا دهەژاند لهنداف کولاڤی ، دبەر ئاخفتنێ ڕا ، ئینا خارو کەڕبو هەیامەکا کێم ... سترانەك ددڵێ خوودا دگووت ، های ژخوو نەما دەنگێ خوو بەردا :

ڕێ دوبرو میرزو .. بارێ کولانو .. پاژو دێ پاژو کەسەر کویرو میرزو .. ڕۆژاتە ئیرو ئاڤابو پاژو هەڤالیت وی هەمیا ب دەنگەکی خەمگین : تاوو .. تاو .. تاو میرزو .

نزار محمد سعید



ئەشقی

ئەشقم ، ئەشقم ..
خورپەیەکی ڕوومەت سوورم
هاتووی کات و ڕێگەیەکی
بێ سنوورم
دەڕۆم ، دەڕۆم ..
ملی ڕێگای جوانی دەگرم
ئوقرە ناگرم ..
لە کوێ دل بوو ،
لە کوێ گول بوو ،
ئالای گەشی ئەوینداری
ماچو بزەی وەفاداری
تیا دەڕوێنم !
تابلۆی خۆشی و کامەرانی
وێنەی هیواو شادمانی ،
لەسەر پەڕەی فراوانی
ژیانی گەش .. دەنەخشێنم !
لە ڕووباری بێ کەناری
دڵداریدا .. دڵی سۆزو
هەستم دەشۆم ..!
هەر دەڕۆم و بەستە دەڵێم
ئەشقم ، ئەشقم
ئەشقی خاوێن ،
دڵم پڕە لە قولپەی خوێن ..!
ڕاناوەستم ،
بە تەووژم و ووزەو هەستم!
سواری پشتی کەشتی ی
هیوام ..
بە تێو دەریای ڕازو نیازدا..
هەر بە ڕێوەم ..
دەڕۆم ، دەڕۆم
لە قووڵایی گشت دڵێکدا ..
دڵی گورجی ئەمڕۆ سبەی
ڕەگو ڕیشەی
خۆشەویستی و
وەفاداری
دەچەسپێنم ..
دەچەسپێنم !!

شیعری : مکرم رشید

Institut Kurde de Paris

باسیکی زانیاری :ـ
پێشەکی :ـ

ئامادەکردنی
الدکتور عبدالکریم محمد علی

هەستەکانی سەگ

ئەوەی روون و ئاشکرایە. هەر لەکۆنەوە ئادەمیزاد پەیوەندیکی بەتینی هەبووە لەگەڵ گیانلەبەران بەتایبەتی گیان‌لەبەری «سەگ» کە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە پاراستنی ماڵ و ماڵاتی خاوەنەکەی لە دزو درۆزن. ئابێ لەوەشمان لە یاد بچێ کە سەگ هەمیشە جێگای سەرنج بووەو بە وەفاداری ناسراوە.

جا بۆ ئەوەی لە هەستەکانی ئەم گیان‌لەبەرە تێبگەین. ئەبێ بەراوردێ لە نێوان هەستەکانی ئەوو هەستەکانی مرۆڤدا بکرێت.

١ـ هەستی بینین :ـ

هەندی لەم گیان‌لەبەرانە، هەرچەندە کە هەستی بینینیان وون ئەکەن «واتە کوێر ئەبن» لە کاتی مەشق کردنا، بەڵام ئەتوانن بەباشی بەردەوام بن لەسەر ژیان ئەمەش بەبەکار هێنانی هەستەکانی تر وەك بۆنکردن، بیستن. تائێستا هیچ بەڵگەیەك ڕوونی نەکردۆتەوە لە شیردەرەکان Mammales توانای ئەوەیان هەیە ڕەنگەکان Colouves لەیەك جیابکەنەوە. بەس بە تەنها ئادەمیزادو مەیمونەبێت، چونکە لەم گیان‌لەبەرانەدا گرۆڵەی هەستیاری تایبەتی ئی‌یە لەسەر تۆڕەی چاو Retind کە جاوتیزی بە ئێمە ئەبەخشێت.

[illegible] گیان‌لەبەرە ئاتوانن [illegible] کانی بەم لاو بەولادا [illegible] بەخۆ بسووڕێنن لە چێی خۆیا. هەروەها چونکە جاوەکانی گەوتوونەتە لای چەپ و ڕاستی کەللەسەر ئەوا وای لێ دەکات کە نەتوانێ بە تەواوی جەستەکەی ببینێتە پێش چاو Loss of stereoscopic بەڵام لە جیاتی ئەمانە ملێکی درێژی هەیە کە دەتوانێت بیجووڵێنێت بۆ ڕاست لایە ك لە ئێمە زیاتر شێوەو قەبارەی چاو کارێکی واناکاتە سەر بینین، هەروەها ڕەنگی -چاو- پش پەیوەندی بە چاوتیژی یەوە نیە، چونکە تاکو ئێستا هیچ بەڵگەیەك ئەمەی نەسەلماندوە، هەرچەند کە زۆر کەس سەگی چاورەش پەسەند ئەکەن زیاتر نە وانی تر. لەم گیان‌لەبەرانەدا ئەوانەی کە هەڵبژێرراوون بۆ ڕاو کردن، بینایی چاویان بەتینە - بۆئەوەی بچووکترین جوولانەوە لە شوێنێکی دوورەوە سەرنجیان ڕابکێشێ لە کاتێکدا کە ئێمە هیچ هەستی پێ ناکەین.

هەستی تام کردن :ـ

شتێکی زۆر کەم لەبابەت هەستی تام کردنی سەگ کەچی هیچیان بۆ ڕوون نەبۆوە لەم بارەیەوە تەنها ئەوەنەبێت دەرکەوت کە هەستی تام کردن پەیوەندیکی توندی لەگەڵ هەستی بۆن کردندا هەیە.

[illegible] کردنەوە کۆمەڵێك [illegible] ڕاوکراوەتەوە. زاناکان بۆ جواردەمەنی‌ی تام و چێژ خۆراوچۆریان بە سەگێك‌دا

هەستی بیستن «گوێ لێبوون» :ـ

گوێچکەی ئەم گیان‌لەبەرە نەتوانێ دەنگێ ببیسێت کە رادەی لەرەلەری ـالتردد- زۆر بەرز بێت - ئەو دەنگەی کە خاوەنەکەی نایبیسێت بەڵام ئەو بە ئاسانی هەستی پێ‌ئەکات -

ئادەمیزادی باڵق ئەتوانێ گوێی لە دەنگێك بێت کە رادەی لەرەلەری لە نێوان ٢٠ـ ٢٠٫٠٠٠ سایکل چر بێت، منال ئەتوانێ هەست بەدەنگی بکات کە رادەی لەرەلەری بگاتە ٤٠٫٠٠٠ یان ٥٠٫٠٠٠ سایکل چر، بەڵام سەگ ئەتوانێ گوێی لە دەنگێ بێت کە رادەی لەرەلەری ٨٠٫٠٠٠ـ٩٠٫٠٠٠ سایکل چر کە بێت. ئەم گیان‌لە بەرە هەر لە دوورەوە هەست بە دەنگی ئۆتۆمبیلی خیزانەکە ئەکات بێ ئەوەی کەسێك لە ئەندامی ئەم خێزانە هەست پێ دەنگە بکەن.

هەروەها گیان‌لەبەری چاودێر ئەك بە تەنها ئەتوانێ هەست بە خشپەو جولەبکات پێش خاوەنەکەی بەڵکو ئەتوانێت ئەوە دەربێت کە خشپەکە خشپەی دۆست و هاوڕێیە یان دووژمن وپاو خەراپە.

٤ ـ هەستی لێ کەوتن :ـ

ئەم چەشنە هەستە زۆر گرنگە لەو گیان‌لەبەرانەی کە مەشق پێ‌کراوون بۆ کارێکی تایبەتی. هەستی لێ‌کەوتن یان هەستیاریی لەش جیاوازە لەم گیان‌لەبەرانە، بۆیە ئەو گیانەوەرەی هەستیاریی لەشی کەم بێت ئەوا کەمتر شانی خۆی لائەدات لەو شتانەی کە لێی ئاکەون، بەڵام ئەوانەی کە هەستیاریی لەشیان زۆرە ئەوا هەر لە دوورەوە خۆیان لائەدەن لەشتی سەر ڕێیان. بۆیە ئەم گیانەوەرانەئەوانەی هەستیاریی لەشیان زۆرە بەکاری ئەوە نایەن کە فێر بکرێت وببنە یارمەتیدەرو ڕێ‌پیشاندەر بۆ ئادەمیزادی کوێر، هەروەها ناتوانن خزمەتی خاوەنەکانیان بکەن، چونکە ئەگەر خۆی لە شتو ـ مەك دوور خستەوە ئەوا بێ‌گومان ئەوەش لە یاد ئەکات کە خاوەنەکەی داوای چی لێ‌کردووە بۆی ببات.

٥ـ هەستی بۆن کردن :ـ

هەستی بۆن کردن لەم گیان‌لەبەرانەدا زۆر بەهێزە، وەچێی سەرسورمان نیە ئەگەر وادەرکەوتبێت کە ئەتوانێ ٨ر٩٧٪ بۆنی تایبەتی بناسێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو بەشەی مێشك کە لێ‌پرسراوی بۆن کردنە بێ‌گومان گەورە ترە لە هی ئادەمیزاد، بۆیە ئەبینین، کە ئەو سەگانەی ڕاهێنراون بۆ پشکنین، یەك سەر خۆیان ئەدەن بەسەر ئەو شتانەی کە ئەیدۆزنەوە. ئەگەر سەرنجێکی توێ‌کاری ـعلم التشریح- لووتی ئەم گیانەوەرەبدەین، دەرئەکەوێت کە بۆشایی لووت دابەشی کراوە لە سەرەوە تاکو خوارەوە بە پەرژینێکی ئێسکی، والەم گیان‌لەبەرە ئەکات کە دوو لووتی هەبێت وەك چۆن دوو گوێ و دوو چاوی هەیە لەبەر ئەوەی کە دوو گوێچکە وای لێ‌دەکەن کە بزانێت سەرچاوەی دەنگەکە لە کوێوە دێت، ئەوا دوو کونە لووتیش بەکار دێت کە بتوانێت بزانێت سەرچاوەی بۆنەکە لە کوێوە هاتووە وچ بۆنێکە.

بۆشایی‌یەکانی لووت، بەهۆی ئێسکێکی ئەسفەنجی ئەرم و ناسکەوە دابەش کراوە بۆ چەندەها بۆشایی بچوکتر، تاکو باری ئەو هەوایە بگۆڕێت کە بەرەو لووت دێت، هەروەها ئەم ئێسکەش بە پەردەیەکی تەنکی تایبەتی بۆن کردن داپۆشراوە ئەم پەردە تەنکە بە چرچ‌ولۆچی ڕووی لولی ئەم ئێسکە دانەپۆشێت، بۆیە ئەگەر ڕووبەری ئەم پەردە تەنکە ژمارە بکرێت ئەوا لە ڕووبەری پێسنەی لەشی ئەم گیان‌لەبەرە زیاتر دەرئەچێت. کاتێك کە ئەم گیان‌لەبەرە لەکەوێتە پشکنین، گەرمایی لەشی بەرز ئەبێتەوە، ئەو هەواڵانەی کە پێ‌ی ئەدرێت، بەزۆری لە هەستی بۆن کردنیا کۆنەبنەوە، بۆیە کەرێ‌ی پشکینی گرت بەکەسەر خۆی ئەدا بەمەسەلەی کە بۆی ئەگەڕا، پێش ئەوەی جاوەکانی هەستی پێ بکەن.

سك‌چوونی منداڵان حاڵەتێکە بەوە دەناسرێ کە منداڵەکە بە شێوەیەکی زۆرو شل و یەك‌بەدوای‌یەکتردا پیسایی‌دەکات وەپەیوەندی زیاتری بە جووڵەی پێچاوپێچی ڕێخۆڵەکانەوە هەیە لە گەڵ زیاتر فڕێدان و وون‌کردنی توێژی داپۆشەری ناوەوەی ڕیخۆڵەکانەوە لە کاتێکدا کە ڕیخۆڵەکان تووشی ئاووسان infection بووبن.

هەر لەم کاتەشدا گۆڕان بە سەر پیسایی نەخۆشدا دێت لە بارەی شێوەو دەنگ و بۆن و پێ‌ئەهاتنەوە، ژمارەی جارەکانی چوونە سەرپێشاو زیاد دەکات و حاڵەتەکە پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت.

هۆیەکانی تووش‌بوونی ئەم نەخۆشی‌یە:

هەموو کەسێك بە گەورەو بچووکەوە ئامادەیە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بێت ئەگەر هاتوو پارێزگاری تەندروستی خۆی نەبێت، ئەم هۆیانەش گرنگەکانیانن کە بریتین لە ئاووهەوای شوێنە گەرمەکان. سەردەرنەکردنی دایك لە بارەی چۆنیەتی خواردن‌دانە منداڵ و کەمی‌ی ڕۆشنبیری تەندروستی و هۆیەکۆمەڵایەتیەکان کەمتر تێیدا ڕەچاو دەکرێن منداڵ بە زۆری لە ساڵی یەکەمی ژیانیدا تورشی دەبێ چونکە دەزگای هەزمی بە تەواوی پێنەگەیشتووەو کەمتر بەرگەی خۆراك هەزم‌کردن دەگرێ. هەروەها ئاوسای ڕیخۆڵەکانیش بە هۆی بەکتریاو فایروسەکانەوە (وەکو ئی‌کۆلای ستافیلۆکۆکس و ستربتۆکۆکس ..) و چێتیسەکان «طفیلیات» Parasites وە دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشی‌یە، بەدخۆراکی Mulnutrition وەکو زۆر خۆری‌کردن لە ڕۆن و خواردنی چەورو شیری دەستکردو کەمتر خواردنی سەوزەو کەم سیلۆزمی، زۆر خواردنیش دەبێتە هۆی دروست بوونی گازو ورگ‌هاتن distention و ژانە سك، لەشی منداڵی دەردەدار زیاتر ئامادەیە بۆ گرتنی ئەم نەخۆشی‌یە بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشی‌ی ڕشانەوەو colera و گرانەتا TYPhoid fever و دیزانتری و خراپ‌مژین Malabsorption تێك‌چوونی ئیشی ریخۆڵەکان و بریندار بوونیان بە هۆی هەر شتێکی ڕوشێنەرەوە بێت لەم کاتەدایە کە پیسایی سوورەدەبێ و خوێنی تێدا دەبینرێ. هەروەها ئادەزوونەکردنی خواردن هەموو کەسێك بە هۆی ئەوەی کە ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی زۆرو شل و یەك‌بەدوای‌یەکتردا پیسایی‌دەکات وەپەیوەندی زیاتری بە جووڵەی پێچاوپێچی ڕیخۆڵەکانەوە هەیە لە گەڵ زیاتر فڕێدان و وون‌کردنی توێژی داپۆشەری ناوەوەی ڕیخۆڵەکانەوە لە کاتێکدا کە ڕیخۆڵەکان تووشی ئاووسان infection بووبن.

هەر لەم کاتەشدا گۆڕان بە سەر پیسایی نەخۆشدا دێت لە بارەی شێوەو دەنگ و بۆن و پێ‌ئەهاتنەوە، ژمارەی جارەکانی چوونە سەرپێشاو زیاد دەکات و حاڵەتەکە پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت.

هۆیەکانی تووش‌بوونی ئەم نەخۆشی‌یە:

هەموو کەسێك بە گەورەو بچووکەوە ئامادەیە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بێت ئەگەر هاتوو پارێزگاری تەندروستی خۆی نەبێت، ئەم هۆیانەش گرنگەکانیانن کە بریتین لە ئاووهەوای شوێنە گەرمەکان. سەردەرنەکردنی دایك لە بارەی چۆنیەتی خواردن‌دانە منداڵ و کەمی‌ی ڕۆشنبیری تەندروستی و هۆیەکۆمەڵایەتیەکان کەمتر تێیدا ڕەچاو دەکرێن منداڵ بە زۆری لە ساڵی یەکەمی ژیانیدا تورشی دەبێ چونکە دەزگای هەزمی بە تەواوی پێنەگەیشتووەو کەمتر بەرگەی خۆراك هەزم‌کردن دەگرێ. هەروەها ئاوسای ڕیخۆڵەکانیش بە هۆی بەکتریاو فایروسەکانەوە (وەکو ئی‌کۆلای ستافیلۆکۆکس و ستربتۆکۆکس ..) و چێتیسەکان «طفیلیات» Parasites وە دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشی‌یە، بەدخۆراکی Mulnutrition وەکو زۆر خۆری‌کردن لە ڕۆن و خواردنی چەورو شیری دەستکردو کەمتر خواردنی سەوزەو کەم سیلۆزمی، زۆر خواردنیش دەبێتە هۆی دروست بوونی گازو ورگ‌هاتن distention و ژانە سك، لەشی منداڵی دەردەدار زیاتر ئامادەیە بۆ گرتنی ئەم نەخۆشی‌یە بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشی‌ی ڕشانەوەو colera و گرانەتا TYPhoid fever و دیزانتری و خراپ‌مژین Malabsorption تێك‌چوونی ئیشی ریخۆڵەکان و بریندار بوونیان بە هۆی هەر شتێکی ڕوشێنەرەوە بێت لەم کاتەدایە کە پیسایی سوورەدەبێ و خوێنی تێدا دەبینرێ. هەروەها ئادەزوونەکردنی خواردن هەموو کەسێك بە هۆی ئەوەی کە ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی زۆرو شل و یەك‌بەدوای‌یەکتردا پیسایی‌دەکات وەپەیوەندی زیاتری بە جووڵەی پێچاوپێچی ڕیخۆڵەکانەوە هەیە لە گەڵ زیاتر فڕێدان و وون‌کردنی توێژی داپۆشەری ناوەوەی ڕیخۆڵەکانەوە لە کاتێکدا کە ڕیخۆڵەکان تووشی ئاووسان infection بووبن.

هەر لەم کاتەشدا گۆڕان بە سەر پیسایی نەخۆشدا دێت لە بارەی شێوەو دەنگ و بۆن و پێ‌ئەهاتنەوە، ژمارەی جارەکانی چوونە سەرپێشاو زیاد دەکات و حاڵەتەکە پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت.

هۆیەکانی تووش‌بوونی ئەم نەخۆشی‌یە:

هەموو کەسێك بە گەورەو بچووکەوە ئامادەیە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بێت ئەگەر هاتوو پارێزگاری تەندروستی خۆی نەبێت، ئەم هۆیانەش گرنگەکانیانن کە بریتین لە ئاووهەوای شوێنە گەرمەکان. سەردەرنەکردنی دایك لە بارەی چۆنیەتی خواردن‌دانە منداڵ و کەمی‌ی ڕۆشنبیری تەندروستی و هۆیەکۆمەڵایەتیەکان کەمتر تێیدا ڕەچاو دەکرێن منداڵ بە زۆری لە ساڵی یەکەمی ژیانیدا تورشی دەبێ چونکە دەزگای هەزمی بە تەواوی پێنەگەیشتووەو کەمتر بەرگەی خۆراك هەزم‌کردن دەگرێ. هەروەها ئاوسای ڕیخۆڵەکانیش بە هۆی بەکتریاو فایروسەکانەوە (وەکو ئی‌کۆلای ستافیلۆکۆکس و ستربتۆکۆکس ..) و چێتیسەکان «طفیلیات» Parasites وە دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشی‌یە، بەدخۆراکی Mulnutrition وەکو زۆر خۆری‌کردن لە ڕۆن و خواردنی چەورو شیری دەستکردو کەمتر خواردنی سەوزەو کەم سیلۆزمی، زۆر خواردنیش دەبێتە هۆی دروست بوونی گازو ورگ‌هاتن distention و ژانە سك، لەشی منداڵی دەردەدار زیاتر ئامادەیە بۆ گرتنی ئەم نەخۆشی‌یە بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشی‌ی ڕشانەوەو colera و گرانەتا TYPhoid fever و دیزانتری و خراپ‌مژین Malabsorption تێك‌چوونی ئیشی ریخۆڵەکان و بریندار بوونیان بە هۆی هەر شتێکی ڕوشێنەرەوە بێت لەم کاتەدایە کە پیسایی سوورەدەبێ و خوێنی تێدا دەبینرێ. هەروەها ئادەزوونەکردنی خواردن

سك‌چوونی منداڵان

گەورەبوونی ڕیخۆڵەکان و ماسولکەکانیان خاوەکاتەوەو دەوری خۆیان بە باشی ناگێڕن منداڵەکە تووشی سك‌چوون دەکەن هەروەها بە ژاراوی بوون Posions و خواردنی هەندێ دەرمان لە مانە دژەزیندەکان Antibiotic و دەرمانەکانی‌دەردی دڵ و حاڵەتی Megacolon پش‌کار لە جووڵەی ڕیخۆڵەکان دەکات و خاویان دەکاتەوە..

نیشانەکانی نەخۆشی‌یەکە:

نیشانەکانی سك‌چوون بە گۆڕەی جۆرەکانی دەگۆڕێت لە جۆری بەکەمیانداواتە جۆرەسوکەکەیان Mild هەروەك بە ناوەکەیشیدا دیارە بەسووکی دەست‌پێ‌دەکات لە ئەنجامی کارتێکردنی هەندێ ڕوشێنەر لەسەر ڕیخۆڵەکان تووشی ئاوسان و کێم‌کردنی دەکات کەمتر کار لە باری گشتی لەش دەکات پیسایی شلە دێتەدەرەوەو مادەی کێم و ئەفی کەم تێدایە لەسەر شێوەی پارچەی بچووك، کارکردنی ترشیەتیە یەکەمجار ڕەنگی زەردەو دوایی سەوز دەبێ وەکەم سکی ئەستوور دەبێ چونکە گازی کەمتر تێدا کۆبوتەوە وەژانێکی کەمو بەرزبوونەوەیەکی کەم لە پلەی گەرمیدا (کەنارێکە) و ڕشانەوە ڕوودەدات بەڵام زۆر ناخایەنێ ئەگەر زووچارە سەرکرا بەتەواوی، بەڵام لەیشانەکانی جۆرەتوونەد (Severe) کەیان ووردە ووردە توندتر دەبێ یان کتوپڕ دەست پێ‌دەکات کەبریتی‌یە بەفیڕۆدانی بڕێکی زۆر لە شلەو خوێ‌یەکانی ناولەش لە ڕێگەی پیسایی و ڕشانەوە کەدەبێتە مایەی کەم خاوێنی و جل‌گۆڕین، پاك کردنەوەی دەمی ئەخۆشەکەو بوونەوەی dehydration لێوو ناودەم وپێست وزەردەهەڵگەڕانی وسك‌ئەستوور بوون و ژانەسك و سەر یەشان و ئارەزوی خواردنی کەم دەبێتەوە Anorexia میزکەم کردن و زۆر چوونە سەر پێشاو پیسایی ڕەنگی سەوزی زەردیاوی دەبێ و خوێن و کێمیشی تێدا دەبینرێ زیندە نیشانە کاتیش Vital signs واتە پلەی گەرمایی دەگاتە (٤٠ـ٤١س) هەناسە دان قوڵ و خێرادەبێ، دڵ لێدان کەم یازۆر دەبێ (جێ‌گیرنیە) ڕادەی میز کردن کەم دەبێتەوە چونکە گورچیلە کاری خۆی بەباشی ناکات منداڵەکە دەڕێژێتەوە، نیشانەکانی ژەهراوی بوون toxic symptoms دەردەکەوت دوودڵی وترسان Irritable ماندوویی، بوورانەوە، ڕەنگ زەردەهەڵگەڕان Pale پەیدا دەبێ بەزووترین کات نەخۆش بگەیەنرێتە نەخۆشخانە.

بۆدەست نیشان کردنیش diagnosis دەبێ بەنابیرێتە بەر زانینی کاتی تووش‌بوون و سەرنج دانە نیشانەکانی و تاقیکردنەوە کردن بۆپیسایی ومیزو گورچیلەو کردنی Rectal Swab لەگەڵ پێوانی ڕادەی ترش و تفتەکان و خوێ‌یەکانی نارخوخوێ‌و زانینی PH میزو پیایی و خوێن..

چارەسەر کردنو ئاگاداری کردنی نەخۆش.

لەبەرئەوەی نەخۆش زوو لەشی پیس‌دەکات ئنجا دەبێ گرنگی بدرێ بە پاك ئاگاداری کردنی پێستی وپێوانی کێش و زینەدە نیشانەکانو چاودێری‌کردنی پیسایی ومیزو ڕشانەوە لەبارەی ڕەنگ و بۆنو بڕەکانیانەوە، دڵدانەوەو بشوودانو بەرگری کردن لە التهابات. خواردن پێدانی باش (کالۆری‌وبروتینو فیتامین زۆرتیادابێت) لەگەڵ ئارەزووو تەمەندا بگونجێ وەلەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی‌گەرما بەکارهێنانی پارچەقوماشی پاکی‌تەڕکراو لەسەر ناوچەوان ویشتی دەستی‌و هەناسەدانی قوڵ ونۆکسجین پێدان وەکاتی دانی فیتامین دەبێ ئاگاداری بکرێت‌وە ئەگەرهات‌و چارەکردن بەشێوەیەکی گشتی وەربگیرێ بە دوو جۆر چارە دابەش دەکرێ یەکەمیان چارەی خۆراکی کەوا خواردن پێدان ڕادەگیرێ بۆماوەی ٢٤ـ٤٨ سەعات وەلەم کاتەدا شلەو گیراوەی گلوکۆن و چای کۆڵاوو شۆربای برنجی لەڕێگەی دەمەوە دەدرێتێ دوایی وردە وردە خۆراکە ئاسایەکەی خۆی پێ‌دەدرێتەوە بەڵام دەبێ پارێزی بۆدابنرێ لەبارەی جەورایی‌و دوایی ماستو شیری دەدرێتێ‌و چاك دەبێتەوە.

جۆری دووەمی چارەکردن کاتێکە کە دەرمان بەکار دەهێنرێ لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ شلەو گیراوەی گلوزی بدرێتێ لەڕێگەی دەماری خوێن هێنەرەوە intravenous، تاکو ئەو شلەیەی وەی‌کردوە جێگەی بگیرێتەوە، هەندێ جاریش لەڕێگەی دەمەوە پێ‌ی دەدرێ بۆ جێ‌گرتنەوەی خوێ‌و مادەکانی ڕی ون بوو. وە نارێکی نێوات ترشەکان‌و تفتەکان چارەدەکرێ بە لاکتەیت Lactate یان بایکاربۆنەیت Bicarbonate یان کائۆمایسین دانە نەخۆشەکە، وەئاوبشی بەڕێکی زۆر- لەڕێگەی دەمەوە دەدرێتێ بەڵام‌ئاکرێ دەرمانەکان بەکار بهێنرێت تەنها ئادوای دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە وە گرنگی‌دان بە باك‌کردنەوەی دەست‌و دەم‌و

بڕوانە : ل : ٧

مندال و خووی پەنجەمژین

● بنیامین یوخنا ●

مژین خوویەکی سروشتی‌یە مژین نەبوایە، شیروان بس نەدەبوو. چونکە شیردان مژینێك، کە ساوا بە هۆیەوە خواردنی پێویستی دەست دەکەوێت.

ڕۆڵی‌یەی ئەو منداڵانەی کە خووی بەنجە مژینیان لەلا نەبینرێ بە شیردانی دەستکرد. یان بە شیردانی تنکەڵاو ـواتە بە بەکارهێنانی هەردوو جۆری شیردان ـ کەورە کراون .. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە هەست بە کەم‌وکوڕی‌و بێ بەری‌یەك بکا. ئەم کەم‌وکوڕی‌یە دەروونی‌یەش. کە بریتیە لە کەم‌وکوڕی‌یەك لە کەسایەتی‌ی ـمنداڵەکە بە هۆی بەنجە مژینەوە دەری‌دەبڕێ ... لەوەوە بزمان دەردەکەوێ کەوا شیردانی سروشتی سوودی دەروونیشی هەیە، چونکە لە کاتێکدا کە دایك ساواکەی بە ناوەشیەوە دەگرێ‌و مەمکەکەی دەخاتە دەمیەوە، ساواکە هەست بە دڵنەوایی‌و دڵ‌بایی‌و بایەخ‌پێ‌دان‌و ئاگاداری دەکا .. بە پێچەوانەی ئەو منداڵەی کە بە شیردانی دەستکرد گەورە دەکرێ، کە هەمیشە هەست بە بێ‌بەدی‌و بایەخ‌پێ‌نەدان‌و دووکەوتنەوەی دایکەکەی دەکا ـ١ـ..

دەرکەوتووە کەوا خووی بەنجە مژین لە منداڵیتکەوە بۆ منداڵیکی‌تر دەگوڕێ .. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەردەکەوی ـواتە پاش لە مەمك بڕینەوەی منداڵ و بۆماوەی چەند مانگێك منداڵەکە هەر وازی لێ‌ناهێنێ ـ جاری وا دەبێ بۆ ماوەی ساڵێك ـ ـ٢ـلەم حالەتەدا. خووی بەنجە مژین بە شتێکی ئاسایی تەماشای دەکرێ‌و بە هیچ شێوەیەك جێگای دوو دڵی نابێ .. بەڵام ئەگەر هاتوو منداڵی چوار ساڵی لەسەری بەردەوام بوو، ئەوە لەو کاتەدا دەبێتە هۆی تێك‌دانی شێوەی سروشتی دداناکانی ..وەك هەڵ گەڕانەوەی دداناکانی شەویلکەی خوارو بۆ ناو دەمەوە و هاتنی دداناکانی سەویلکەی سەروو بەرەو دبوی پێشەوە. بەڵام بەردەوام بوونی منداڵی پێنج ساڵی‌و شەش ساڵی‌و حەوت ساڵی لە سەر ئەم خووە .. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە منداڵەکە هەست بە دوو دڵنیایی دەکاو دڵنیایی نەبوون، حەز لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەکات .. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە ـ٣ـ:ـ

یەکەم: بێ‌بەش بوون لە سۆزو نازی دایك‌و باوك.

دووەم: هەست کردن بەکەم‌وکوڕی.

سێیەم: عەیبێکی جەستەیی باشترین‌و پەسند نزین شت بۆ نەهێشتنی خووی پەنجە مژین

لەم حالەتەدا، خۆشەویستیی‌یەکی زیادو بەزەیی‌یەکی لەئەندازە بەدەرو لە یەك گەیشتنێکی تەواوە، لە دایك‌و باوکەوە بەرامبەر منداڵەکەیان.

پەراوێزەکان :ـ

١ ـ بنیامین یوخنا. شیردانی دەستکردو خووی پەنجە مژین. هاوکاری ژ ١٩٧٧ـ٤٤٥.

٢ـ دیاردەی پەنجە مژین. بدیان ژ ٤٤ـ١٩٧٧.

٣ ـ هیوا عمر احمد. ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی .ل ٣٦.

کۆلنج و شێلان

نوسینی :
هیوا عمر احمد

لە سپیدەی مێژووەوە، لەو کاتەوە مرۆڤ کۆلنجی کردووە، فێری شێلانیش بووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کۆلنجە. تاکو ئەمڕۆڤ شێلان جێگایەکی باشی بۆ خۆی لە پزیشکیدا گرتووە. بە تایبەتی لەو نەخۆشی‌یانەدا کە کۆلنج بە ئێسکە ماسولکە ئەکەن.

کولنج، لە ئەنجامی کرژ بوونی ئێسکە ماسولکەکانەوە چەند پاشەڕۆیەکی وەك (پایرۆڤەیت و لاکتەیت) دروست ئەبێ. لە باری ئاسایی‌دا، سووڕی خوێنی ماسولکە شانە ئەم پاشە ڕۆانە بە خێرایی دائەشۆرێ بەڵام گەر ماسولکە بۆ ماوەیەکی درێژ بە بەردەوامی کرژ بوو، یان لەبەر هەر هۆیەك بێ سووڕی خوێنی ماسولکە شانە سست بوو. ئەوا ئەو پاشە ڕۆانە بە خێرایی داناشۆرێن‌و لە ماسولکە شانەدا کۆئەبنەوەو ئەبنە هۆی چالاك کردنەوەی هۆکاری (لویس ـپ ـ)، کە هەستە دەمارەکان ئەهەژێنێ‌و هەست بە ئازار کردن= کۆلنج = دروست ئەکات (بڕوانە وێنەی ـ١ـ). هێشتا بە تەواوی ئەم هۆکاری (لویس ـپ ـ) یە نەناسراوە بەڵام بڕوا وایە مادەی (کنین) یان ئایۆنی (پۆتاسیۆم) بێ. شێلان، شێلانی ئێسکە ماسولکەی کۆلنج کردوو، ئەبێتە هۆی چالاك کردنەوەی سووڕی خوێن لەو ماسولکە شانەیەدا. بەمە هێندێکی زۆرتر خوێن ئەگاتە ماسولکەکەو پاشەڕۆکان دائەشۆرێ بەمە چالاك کردنەوەی هۆکاری (لویس ـپ ـ) ئەوەستێنێ‌و هەست بە کۆلنجەکە لائەبات (بڕوانە وێنەی ـ٢ـ). کاری شێلان لە کاری هەندێ کاری مادەی (برادی کنین) ئەوەستێنێ. کە بڕوا وایە یەکێك بێ لە هۆکارەکانی (لویس ـپ ـ). هەروەها ئەسپرین ناهێڵی مادەی (پرۆستو گلاندین) دروست‌ببی. بەمە ئەو کارەی پرۆستوگلاندین ئەوەستێنێ کە بریتی‌یە لە فرە هەستیارکردنی هەستە دەمار بۆ کاری (لویس ـپ ـ). لە ئەنجامدا هەست بە ئازارکردن = کۆلنج ـ دەکە ناهێڵی تاکو وردەوردە خوێن باشەڕۆکان‌دا ئەشۆرێ.





Institut kurde de Paris

سەردانێکی تایبەتی لە ئۆرزدی سلێمانی

فریا عبدالله

پ. هاوکاری لە سلێمانی

کەرتەکانی بازرگانی لە ولاتەکەماندا و لە دەرەوەیدا دەورێکی گا ریگێر دەبینێ بۆ بووژاندنەوەی باری ئابوری ولاتەکەمان چونکە بۆخۆی لایەنێکی لێپرسراوە بەرامبەر بەوانەی لە دەرەوەی ولاتەوە دەهێنرێن لەلایەکی ترەوە .. لەم روەشەوە بازاڕ چاکترین ناقی‌گەیەو جەماوەرانیش ئامێرەکانێتی کە تیایدا هەڤیقەتو روی چاکەو خراپەی تیادا دەرئەکەوێ و بەهۆیەوە دەست نیشانی گرفتەکانی دەکرێ و لەگەلیشیا چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە .

ئەمڕۆ سەر لەپێشانگەی بەکێک لەم کەرتە بازرگانیانە دەدەین کە چالاکی یەک و بزوتنەوەیەکی ئەوتۆی تیدایە کە شایەنی بەسەرکردنەوەیە ئەویش کۆمپانیای ئۆرزدی‌پاکی جارانە کە ئێستا پێی دەوترێ (شرکة المخازن العراقیة) .

سەرەتا بەڕێوەبەری لقی سلێمانی ئەم کۆمپانیایە کاک جمال محمد امین سەبارەت بە خۆ ئامادەکردنیان بۆ هەر وەرزێک دەڵێ : بۆ گومان ئێمە لەلایەن خۆمانەوە پێش نزیک بونەوەی هەر وەرزێک بەپێی شارەزای خۆمان لەو وەرزەدا کە چ جۆرە شتومەکو کەل‌و پەلێک بەکار دەهێنرێت ئێمە خۆمانی بۆ ئامادەدەکەین کە ئەمانەش دوو جۆرن :

١ ـ بەرهەمی نیشتمانی (الانتاج الوطنی) .

٢ ـ بەرهەمی دەرەوەی ولات (الاستیراد الخارجی) .

جا بۆ ئەم دوو خاڵە پێویستی بە رون‌کردنەوەیەک هەیە ئەویش سەبارەت بە خاڵی دوەمیانە کە پێویستە بڵێین ئەو بەرهەمانە لە راستیدا بۆ تەواوکردنی خاڵی یەکەمیانە نەک بۆ بەربەرەکانیان . شایانی باسە ئەو شتانەی بۆ نموونە لە وەرزی هاوینەدا ئامادەدەکرێن تەنها جل‌وبەرگ نی‌یە بەڵکو زۆر شتی تر دەگرێتەوە کە لە ناومالدا بە زۆری بەکاردێت هەروەها ئامێری یاری کردنی منالانە ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەک ووتمان هاوینەو کاتی پشوودانی قوتابیانە .

پاشان کاک جمال سەبارەت بە چۆنیەتی کەل‌وپەل بەیداکردن بۆ شاری سلێمانی دەڵێ : شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ئاشکرا بەچەند خاڵێک جیاوازی‌یەکی لەگەل شارەکانی تردا هەیە وەک جۆری ئاووهەوا کە هەمیشە پالمان پێوە دەنێ بۆ ئامادەکردنی کەل‌وپەلێکی خوری زۆر لە وەرزی زستان‌داو بۆ ئەمەش لە سەرەتای هەموو مانگێکی تشرینی یەکەم‌دا دەست دەکەین بە خستنە رووی کەل‌وپەلی زستانە ، وەئەگەر لە حاڵەتێکا وەک دەڵێی هەندێ کەل‌و پەلی زستانە یان هاوینە دوادەکەوێ ئەوە بەبوەندی بەئێمەوە نی‌یە چونکە درەنگ دەگاتە ولات بەڵام وەک بۆمان رون بوەتەوە ئەو شتانەی لای ئێمە چنگ دەکەون لە شارەکانی کەدا بەم شێوەیە دەستناکەون ئەمەشمان لە ئاکامی پەیوەندی کردنمانەوە بە میوانەکانی بازێزگاگەوە بۆ روون‌بۆتەوە ئەمەو راژەی فرۆشتنی شتومەک لە پێشانگەی ئێمەدا سێچوار جار زیاترە لەوشتانە بهێنن کە شارەکەیان پێویستی پێی هەیە .

هەروەها سەبارەت بە سەرچنارو هەلەبجەو پێنجوێن‌و قەلادزێ هەوڵی فرۆشتنی راستەوخۆ دەدەین لەناو گوندە هاوچەرخەکان‌دا کە لەراستی‌دا لەرووی نرخەوە هیچ جیاوازی‌یەکی نی‌یە بە چاو ئێرەوە بەڵام بەلای دانیشتوانی ئەو گوندانە هات‌و چۆکەیان بۆ دەگەڕێتەوە کە وابزانم شتێکی کەم نی‌یە بۆیان چونکە زۆر پێویستی هەیە کە ناچاریان دەکات بەتایبەتی بێن بۆی‌و بگەڕێنەوە کە وەک ووتمان بەلای کەمەوە کرێی هات‌و چۆی خۆیان‌و هەقی گواستنەوەی شتەکان‌و ماندوبونەکەشیان بۆ دەگەڕێتەوە .

دیاردەیەکی تر کە دیسانەوە رەچاودەکرێت کە ئەویش بریتی‌یە لەو شتانەی کە دێتە ئۆرزدی بەتایبەتی جل‌وبەرگ‌و یاری منالان‌و جگەرە کە بەزووی تەواودەبن‌و پاش ماوەیەکی کەم لەسەر شەقامەکان لەلایەن منالانەوە بە دووقات دەفرۆشرێتەوە کاک جمال دەڵێ : لەراستی‌دا لەکاتی فرۆشتنی ئەم‌جۆرە شتانەدا وەک بۆمان دەرکەوتوە کەس‌و کاری ئەو منالانە بە کۆمەڵ شالاو دەهێننە پێشەنگەکەمان بۆ کڕینی ئەم شتانە ... هەروەها ئەو منالانە لەبەر دەرگای ئۆرزدی‌دا یەکێک‌و دوان‌و سیان دەگرن‌و بە کزی‌یەکەوە پێیان دەڵێین باوک‌و دایکی نەماوەو برای‌نی‌یە ... یان لە خەستەخانە کەوتوون بەشکم هەندێ شتم بۆ وەربگری .. جا ئێمە ـ تکامان لە هاوولاتیان ئەوەیە کە گوێ نەدەنە ئەم چەشنە داواکاریانەو لێی دور بکەونەوەو بە گوێیان نەکەن

هەر وەها ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە لێپرسراوانی بەشەکان‌و چاودێرەکانی بەر دەرگامان راسپاردوە کە نە ئەم شتانەیان پێ بفرۆشنەوە نە بهێڵن بیان‌بەنە دەرەوە بۆ ئەوەی راستەو خۆ ئەم چەشنە کەل‌وپەلانە بگاتە دەستی ئەو هاوولاتیانەی کە لەراستی‌دا پێویستیان پێی‌یەتی هەروەها داواش لە برا وەکیلەکان دەکەین کە ئەو شتانەی لێرە وەری‌دەگرن نەبدەنە دەست منالان‌و بەکۆمەڵ نەیفرۆشن بەلکو هەوڵبدەن کە دیسانەوە ئەوانیش بە دانە دانە بە هاوولاتیانی بفرۆشنەوە .

پاشان کاک جمال سەبارەت بە هەندێ چالاکی لقەکەیان کە راستەوخۆ لە خزمەتی جەماوەران‌دایە بەتایبەتی دانیشتوانی گوندە هاوچەرخەکان دەڵێ ئێمە لەرۆژانی شەممەو یەکشەممەو دووشەممەو چوار شەممەدا بە هاریکاری لقی قەزاو ناحیەکانمان وەک بەرپێوەبەری لقی سلێمانی ئەم کۆمپانیایە کاک جمال محمد امین سەبارەت بە خۆ ئامادەکردنیان بۆ هەر وەرزێک دەڵێ : بۆ گومان ئێمە لەلایەن خۆمانەوە پێش نزیک بونەوەی هەر وەرزێک بەپێی شارەزای خۆمان لەو وەرزەدا کە چ جۆرە شتومەکو کەل‌و پەلێک‌بەکار دەهێنرێت ئێمە خۆمانی بۆ ئامادەدەکەین کە ئەمانەش دوو جۆرن :

١ ـ بەرهەمی نیشتمانی (الانتاج الوطنی) .

٢ ـ بەرهەمی دەرەوەی ولات (الاستیراد الخارجی) .

جا بۆ ئەم دوو خاڵە پێویستی بە رون‌کردنەوەیەک هەیە ئەویش سەبارەت بە خاڵی دوەمیانە کە پێویستە بڵێین ئەو بەرهەمانە لە راستیدا بۆ تەواوکردنی خاڵی یەکەمیانە نەک بۆ بەربەرەکانیان . شایانی باسە ئەو شتانەی بۆ نموونە لە وەرزی هاوین‌دا ئامادەدەکرێن تەنها جل‌وبەرگ نی‌یە بەڵکو زۆر شتی تر دەگرێتەوە کە لە ناومالدا بە زۆری بەکاردێت هەروەها ئامێری یاری کردنی منالانە ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەک ووتمان هاوینەو کاتی پشوودانی قوتابیانە .

پاشان کاک جمال سەبارەت بە چۆنیەتی کەل‌وپەل بەیداکردن بۆ شاری سلێمانی دەڵێ : شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ئاشکرا بەچەند خاڵێک جیاوازی‌یەکی لەگەل شارەکانی تردا هەیە وەک جۆری ئاووهەوا کە هەمیشە پالمان پێوە دەنێ بۆ ئامادەکردنی کەل‌وپەلێکی خوری زۆر لە وەرزی زستان‌داو بۆ ئەمەش لە سەرەتای هەموو مانگێکی تشرینی یەکەم‌دا دەست دەکەین بە خستنە رووی کەل‌وپەلی زستانە ، وەئەگەر لە حاڵەتێکا وەک دەڵێی هەندێ کەل‌و پەلی زستانە یان هاوینە دوادەکەوێ ئەوە بەبوەندی بەئێمەوە نی‌یە چونکە درەنگ دەگاتە ولات بەڵام وەک بۆمان رون بوەتەوە ئەو شتانەی لای ئێمە چنگ دەکەون لە شارەکانی کەدا بەم شێوەیە دەستناکەون ئەمەشمان لە ئاکامی پەیوەندی کردنمانەوە بە میوانەکانی بازێزگاگەوە بۆ روون‌بۆتەوە ئەمەو راژەی فرۆشتنی شتومەک لە پێشانگەی ئێمەدا سێچوار جار زیاترە لەوشتانە بهێنن کە شارەکەیان پێویستی پێی هەیە .

هەروەها سەبارەت بە سەرچنارو هەلەبجەو پێنجوێن‌و قەلادزێ هەوڵی فرۆشتنی راستەوخۆ دەدەین لەناو گوندە هاوچەرخەکان‌دا کە لەراستی‌دا لەرووی نرخەوە هیچ جیاوازی‌یەکی نی‌یە بە چاو ئێرەوە بەڵام بەلای دانیشتوانی ئەو گوندانە هات‌و چۆکەیان بۆ دەگەڕێتەوە کە وابزانم شتێکی کەم نی‌یە بۆیان چونکە زۆر پێویستی هەیە کە ناچاریان دەکات بەتایبەتی بێن بۆی‌و بگەڕێنەوە کە وەک ووتمان بەلای کەمەوە کرێی هات‌و چۆی خۆیان‌و هەقی گواستنەوەی شتەکان‌و ماندوبونەکەشیان بۆ دەگەڕێتەوە .

بەرپێوەبەرێتی ریگاوبانی سلێمانی و هەوڵی دلسۆزانە بۆ تەواو کردنی ئیش‌وکارەکانیان



پ. هاوکاری لە سلێمانی

حمە سعید حمە کریم

● هەروەک دیاردەیەکی ناشکرای ئەم سەردەمەو ئیشوکاری هەموو لایەنەکانی تر لە شاری سلێمانیدا بەرپێوەبەرێتی ریگاوبانی سلێمانیش چالاکانە لە هەوڵی جێبەجێ‌کردن‌و تەواوکردنی‌ئەو ئیشوکارو پرۆژانەدان کە لە ئەستۆی ئەواتە‌و تاکوئێستا توانیویانە بە گوێرەی توانا‌و ماوەی ئیش‌کردنیان باشترین ئیشوکاری ریگاوبان تەواوبکەن .

بەشی‌زۆری ریگا سەرەکیەکانی نێوان شارو دیهاتەکان‌و شارو قەزاو ناحیەکان قیرتاو بکەن‌و هاتوچۆی هاوڵاتیان ئاسان بکەن‌و ئەم مەسەلەیەشیان یەکێکە لەدیاردەکانی پێش‌کەوتنی ولات‌و ئاسان کردن‌و خۆش‌گوزەرانی ژیانی کۆمەڵ .

● لەچاو پێ‌کەوتنێکی رۆژنامە نووسیدا بەرێز ئەندازیار محمود سلمان احمد بەرپێوەبەری ریگاوبانی سلێمانی بۆ هاوکاری دوواو هەندێ لەچالاکی‌و ئیشوکارە گرنگەکانیانی روون کردەوەو کە پرسیارمان دەربارەی گرنگترین پرۆژەی تەواوبوویان لێ‌کرد ووتی :ـ

× بەرپێوەبەرێتی‌مان وەکو ئەرکێکی سەرشانی توانیویەتی تاکوئێستا گەلێ پرۆژەی گرنگ لەسەرانسەری پارێزگای سلێمانیدا تەواوبکات کە ئەتوانم بڵێم زیاتر بوون لە توانا‌و ماوەی تایبەتی بەرپێوەبەرێتی‌مان‌و تیکرا ئەو پرۆژانە بریتی‌بوون لە درێژایی ٣٦٧ کم قیرتاوی ریگا لەنێوان هەموو شارو دیهاتەکانی پارێزگاکەدا کە هەمووی بایی نزیکەی ٣٠ ملیون‌و ٤٠ هەزار دینار بوون ئەم ریگایانە گەلێ دیهات‌و قەزاو ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی بەستوە بە یەکەوەو هاتوچۆی هەموو جۆرە هێزیەکی گواستنەوەیان ئاسان کردووەو کارێکی باشیان کردۆتە سەر باری ئابوری‌و کشتوکالی ناوچەکان‌و وابزانم نزیکەی ١٨ ریگابوون‌و هەموویان بەقیرتاوی تازەبابەت‌و هونەری ئەسفەلتی کونکریتی کراوون .

● کاک محمود ئەتوانین بزانین ئەوپرۆژانە کە ئێستا نیشیان لێ‌ئەکەن‌و لە جێبەجێ کردندان کامانەن ؟

× ئێمە گەلێ پرۆژەی گەورەی ریگاوبانمان هەیە کە ئێستا بە هەموو توانا‌و هێزێکی دابەرەکەمانەوە خەریکی جێبەجێ‌کردنیانین‌و قۆناغێکی باشمان لێ تەواوکردوون‌و وا بەتەمایین لە هەمووبیان ٧٠٪ تەواو بکەین‌و ئەو پرۆژانەش لە سەرانسەری پارێزگاکەدا بلاوبوونەتەوەو نزیکەی (٤٩٢)کم درێژن‌و هەموویان بایی (٣٥) ملیۆن‌و «٨٦٠ » هەزار دینارن‌و بریتین لە پانزە ریگای نێوان قەزاو ناحیەو دیهاتەکان کە بەشی زۆریان لە ناوچە شاخاویەکان‌دان‌و زۆریان پردی گەورەو گرنگیان دێتە سەرو ئەم ریگایانەش هەر بەجۆری ئەسفەلتی کونکریتی هونەری تازە ئەکرێن‌و سودو کەلکی فراوان‌و چاکیان ئەبێت بۆ هاوولاتیان‌و ئاسان کردنی هۆی هاتوچۆکردنیان‌و گواستنەوەی بەرهەمەکانی جوتیاران لە هەموو ناوچەکاندا .

● کاک محمود ئەتوانین بزانین کە ئەم جادە گەورەیە کە بریتیە لە جادەیەکی بازنەیی بە هەر چوار دەوری شاری سلێمانیدا کە لە لای بەنزینخانەی تازەوە دەستپێ‌ئەکاو درێژی‌یەکەی (٣٥) کم جادەی قیرتاوی هونەری تازەیەو نزیکەی (٩) ملیۆن‌و (٩٠٠) هەزار دیناری تی‌ئەچێت‌و خۆمان بە ریگای جێبەجێ‌کردن راستەوخۆ تەواوی‌ئەکەین‌و گەلێ شەقامی بچکۆلەی ناوشاریشی لەگەڵدایەو تاکو ئێستاکە نزیکەی ٥٠٪ی ئیشوکاری سەرەتایی خۆڵ‌کاری‌و کوتانەوەمان تەواو کردووەو نزیکەی ٧٠٪ی پردەکانمان تەواوکردووە .

● ئەتوانین گرنگی ئەم شەقامە بازنەییە بزانین ؟ .

× ئەم شەقامە گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە بۆ شاری سلێمانی کە لەگەڵی رووەوە کارئەکاتە سەر لایەنی جوانی‌و ریک‌وپێکی هاتوچۆی ناو شارو دوورخستنەوەی لۆری گەورەو ئۆتومبێلی بار لەناو شارو کۆلانەکان‌و هەروەها قەرەباڵغی‌و زۆری ئوتومبێلی ناوشارکەم ئەکاتەوەو هاتوچۆ نزیک ئەکاتەوە بۆ هەموو گەرەکەکانی ناوشاری سلێمانی‌و هەربەهۆی ئەم ریگایەوە باشترین خزمەت گوزاری گشتی ئەگاتە هەر چوار لای سلێمانی‌و دیمەنێکی سروشتی جوانیشر ئەدات بەشارەکە ، ئەمانەو گەلێ گرنگی تری ئابوری‌و لایەنەکانی تری خزمەت گوزاری گشتی .

● ئەی گیروگرفتەکان چی‌یە ؟ .

× لە دایەرەکەی خۆماندا هیچ جۆرە گیروگرفت‌و تەنگوچەڵەمەی وامان نی‌یە کە شایانی باس بێت ، بەڵام بەهۆی کەمی‌و نەبوونی جیمەنتۆوە هەندێ لە بشەکانمان دووانەکەون‌و هەندێ جاریش شیشی ئاسن کەمە هەر ئەبێتە گیروگرفت بۆمان .

«هاوکاری »و کۆمەڵانی خەڵک

«لە لەگەڵ «بەیامنێرەکانەوە»

لە نێوان هەولێرو دیبەگە گوندێکی رازاوە خۆی دەنوێنێ کە « پیرداود »ەو نزیکەی ١٠٠ ماڵی تیدا دەژی‌و زۆربەیان جوتیارن ..

لە ئەنجامی نەبوونی بیری ئیرتیوازی ، هەموو خەڵک دێنەیەک سەرچاوە جل‌وبەرگ‌و کەل‌وپەلیان دەشۆن‌و لە ئەنجامدا گۆماوێکی گەورە دروستدەکاو بە درێژایی سالیش ئەم گۆماوە دەمێنیتەوەو کەس نیە بیر لەوەبکاتەوە چ زیانێکی گەورەی بۆ تێک‌دانی زەوقی هاوولاتیان‌و تەندروستی گشتی‌ی هەیە ... تۆ بڵێی لێ‌پرسراوان لە دام‌و دەزگای تەندروستی‌دا بەزەیی‌یان بەم وێنە تاڵانەدا بێتەوە ؟

لە سەردانێکی رۆژنامەنووسی‌دا بۆ گوندی مەلاقەرە کە دەکەوێتە نێوان دیبەگە ـ گوێر چاومان بە هاوولاتیان کەوت‌و گیروگرفتەکانیانمان بەسەر کردەوە .

• گوندەکە ژمارەیان زیاتر لە (١٥٠) ماڵەو نەخۆشخانەیەکی هەیە ، بەڵام تاقە دوکتۆرێکی تیدانیە !.

ریگاکەی قیرتاو نیەو بە تایبەتی لە زستاندا خەلکی ئەو ناوچەیە دووچاری مەینەتی‌ی دێن .

ئاوەکەی تفت‌و تاڵەو دەتوانن چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیە بەوەبکەن کە بۆری لە گوندی « سیدۆکە » راکێشن‌و ئەوەش هیچ زیانێک ناگەیەنێ ، چونکە ئەو گوندەکە تەنیا چەند ماڵێکن‌و دەتوانرێ پرۆژەی ئاوی فراوانتر بکرێ .

شێرزاد عبدالرحمن
پ. هاوکاری لە هەولێر

بۆ برادەر خ.ع.ر لە قەلادزێ

کاکی برا ئەو گلەیانەی دەربارەی ئۆرزدی‌و باخچەی گشتی قەلادزی ناردووتە شتێکی بەجێیە .. بەڵام لە کاتی خۆیدا بڵاومان کردۆتەوە کە هەر کەسێ گلەیی‌و گازندەی هەبێ‌و بۆ ئێمە دەنێرێ دەبێ ناوی تەواوی خۆی‌و ئەدرێسەکەی بۆمان بنێرێ ئەگینا داواکاریەکەی پشتگوێ دەخەین . جاتکا دەکەین ناونیشانی تەواوی خۆت بە زووترین کات بۆمانی بنێری بۆ ئەوەی گلەییەکانت بڵاوبکەینەوە .. لەگەڵ ریزو سوپاسمانەوە .

بۆ کاربەدەستانی کتێبخانەی گشتی چەمچەمال

برادەر عمر محمد نامەیەکی بۆ ناردووین لە بارەی کتێبخانەکەتانەوە تیدا دەڵێت: هۆڵەکەی پانکەی تیدا نی‌یەو موبەریدەکەش لەبەر بێ ئاوی لە کارکەوتوە . هەروەها دەڵێ کوپە ئاوەکەی پیسەو قەوزە گرتوویەتی‌و ئاوەکەی گەرمەو لە چلەی هاوینەدا سەهۆڵی تێ ناکرێ . مەکینەیەکی ئاو ساردکردنەوەشی تیدایە بەڵام دیسان ئەویش ئاوی نی‌یە . کاک عمر لە همان نامەیدا دەڵێ ئەم کتێبخانەیە کتێبی کوردی زۆرکەمەو ئەمانەی لەم دوایەشدا کەوتوونەتە بازار هیچی بۆ نەهاتوە .

جا نازانم وەڵامی کتێبخانەکە چی دەبێت ؟

Institut kurde de Paris

چیرۆك

لە دایك بووندوە

محمد موکری

هەتا قەبتانی قۆنەرەکانیشم شل نەکردەوە ، چەترەکەیشم نەپتچایەوە هەر بەکراوەیی وسەرەوژێری لە پەناییکی ژورەکەمدا فڕێمدا .. وەکو دیوارێکی کۆن هەرەسم هێنایە سەر قەرەوێلەکەم وڕاکشام، بەنجەکانم هەلپێکا، هەردوو دەستم نایە ژێر سەرمەوە ... بیێیەکانیشم نایە سەر یەك، چاوم چەقاندە سەر نەو گومەت ومنارە بەرزەی ناو تابلۆ هەلواسراوەکەی بەرانبەرم وردە وردە سەرنجم بیرمی پەلەکێش کرد ، تا وەکو پەتە هەورێکی جێماوو رێ لێ ونبوو لە ئاسمانی مزگەوتە بچکۆلانەکەی گەرەکەمانەدا دایگرتم ، ئەوەندەی تەمەنی چەخماغەیێکی تووڕە ، ئێشی یادێکی بزەدار ختوکەی دامو دامی باران .

(کە هیلاك بووم هەناسە بڕکێ ڕێ لە قەکانم تەنی . حەبەسان لکابە دەمو چاومەوە تەنها - پاش ئەوەی دوگمەی پانتۆلەکەم هەلپێکاپەنجەکانی دەستم داچۆریە گیرفانەوە، چەن دەقلسێکم دەرکرد وحستمە ناو لەپیەوە . . . ئەویش حەپەسابوو بەتی دەنگیەوە دەرگای ئاودەسخانەکەی کردەوە سپاردمیە خۆمو دنیای دورشمە رێك و ئارێکە نووسراوەکانی ئاودەسخانەکەوە ... نیوە جگەرە کوژاوەکەم داگیرساند - کە پێش ئەوەی بە بەکەوە بلکێین - ئابوومە بناگوێمەوە . بین بین مژی فوولم پێوە دەنا لە ناو دووکەلدا ون بووم . بەئوندی دەرگاکەم کردەوە هاتمە دەرەوە کەچی تازە ئوێژکەرەکان ئوێژی تەراویحیان تەواو کردبوو خۆشم تێکەڵ بەوان کرد، بەرەو دەرگاکەی دەرەوە ملمنا . . ئانرەتەکە لەبەر دەرگاکەدا لەپی پانەوە کردبوو ودەبوت (- هەتیوبارم موسڵمانەکان.)

لاسایی هەندێ لەو خێرومەندانەم کردەوە دەفلسم پێدا ... هەمان دۆعاشی بۆ من کرد ..)

ئەم یادە وێنەی منارەکەی ناو تابلۆکەی لەبەر چاومدا گۆڕی وەکو تووتی کارگەیێکی مرۆڤ سووتێن کەوتە بەرچاوم ... وام هەست دەکرد دووکەڵی منیش لە دەمیەوە دێتە دەرێ ... هێدی هێدی چاوم لەسەر تابلۆکە هەڵگرت وخزامە نێو بەفری چیاکەی ناو تابلۆکەی تەنیشتیەوە .

زانی هاورێیەکەم بیری شوکردنی لە سەر دەر کردووە .. لە یەك ون بووین ....)

چاوم لە سەر نەم تابلۆیەش گواستەوە ... بیێیەکانم لە سەر بەکتر جیا کردەوە « ئێوانی هەردوو تابلۆکەی بەرانبەرم ئەوەندەی تەڵە موویێك دەبوو » لەو ئێوانەوە هێڵێکی نادیاری وەکو شمشێرێکی تیژ لە تەوتی سەرمەوە دەکشایە پەنجەکانی پێمەوە ... پەنجەکانی دەستم شل کردەوە لە ژێر سەرما دەرم هێنا... وبستم سەرم بەرز کەمەوە سەرینەکەم ببووبە مکناتیس ولکابووە سەرمەوە ... هێڵە نادیارییەکە لە تەوتی سەرمەوە کردمی بە دوو بەشەوە دەستێکم لە ژێر پشتوێنی پانتۆلەکەمەوە شۆڕ کردەوە لاستیکی دەرپێ کورتەکەم بەرز کردەوە .. .. حەپەسام !!!!

دەستەکەی ترم بە سەر وچاومدا هێنا ... لایێکی رووم زبریەکەی نەمابوو ، شۆڕم کردەوە بۆ سەر سنگم یەکی لە مەمکەکانم بەرزو خڕبو ... گۆپکەکەیم گوشی ، پەنجەکانم شێتانەتر ئارەزووی هەلدەمژی . . . وەکو هەرزکارێك بە تامەزرۆیەوە هەلم دەگلۆفی ... موچرکە لە گۆپکەی مەمکمەوە دەڕژایە نێو لەبمەوە ... شێوەی ڕاکشانەکەم لە سەر پشتەوە گۆڕیە سەر لا ... هەموو شتێك لەبەر چاومدا بەیەکا دەهات ودەچوو ...

جنێوو پارانەوە ... نانو خەلوز .. تن وبزە ... تیلاو گوشت .. خوێن وخۆل ئەمانە لە بۆتەی ئارزوویێکی مەستانەدا تووانەوە بووە شەهوەتی بەشە نێرینەکەی جەستەم وڕژایە نێو سەنگەری منالدانی بەشە مێینەکەی جەستەمەوە ... دیسانەوە شێوەی ڕاکشانەکەم گۆڕیەوە بۆ سەر پشت ... دەستم بۆ ئاوێنەی سەر مێزەکەی تەنیشتم برد ، سەیری خۆم کرد ڕەنگی بەشێ لەدەم وچاوم بەلەك بەلەك ببو ... ورگی بەشێکی جەستەم هێڵنجی دەدا ... ئەوەندەی ئازارەکانی دایکم کە لە سکی دابووم - ژان لە بەشە مێینەکەی لەشمدا مێرووڵەی دەکرد ... زیقەی منالێك بێدەنگی ژوورەکەمی هەژاند ... بەشە نێرینەکەی لەشم ناوکی منالە تازە زاوکەی بڕی .. تاقە مەمکەکەم ئاخنیە دەمیەوە ، منالەکە بین بین مژی پێوە دەنا وشك وبرنگی کرد ... مەمکەکەم سیس بووەوە منالەکە لەگەڵ هەموو چرکەیێکی سەعاتەکەدا چەن سانتیمەترێ باڵای دەکرد .. ئەورە بوو .. گومانم پەیدا کرد وام دەزانی لە ئاوێنەدا خۆم دەبینم ...

چاوم .. چاوی .. لووتم .. لووتی .. باڵام .. باڵای ڕەنگم ... ڕەنگی ئەوەندەی تەڵە مۆیێك جیاوازیان نەبوو ... هەلسا هەردوو تابلۆکەی لە دیوارەکە کردەوە . . گیرفانەکانمی پشکنی نامەکانو ناسنامەکەمی دەرکرد .. .

بەرگەکانی لە بەرم کردەوە.. کردیە بەری خۆیەوە جانتاکەمی کردەوە ، نەو تابلۆیەی کەوینەی بەفر وچیای تیادا نەخشێنرابوو لە سووچێکی جانتاکەدا دانینا. تابلۆکەی تری شکاند لە ناوینەی سەر مێزەکەدا سەیری خۆی کرد .. تووڕە بوو .. ناوینەکەی شکاند ... شووشەکانی چەقاندە سەر دڵمەوە .. وەکو بورکانێکی بەلەسە ، لەسەر سنگمەوە خوێن هەلدەچوو..

سەرتاپا زەوی ژوورەکەم سوور هەلگەڕا .. چەترە کراوەکەی سووچی ژوورەکەمی لەخوێن وەردا .. ڕەنگە ڕەشەکەی گۆڕی .. . بەرەو دەرگاکە دای نا ...

هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو .. وتی

- ئەڕۆم ...

ئەم ئوتێلە بەجێ دێلێم ..

ئەم گەرماو بارانە خۆلاویە .. ئەم شارە بەجێ دێلم ..

ئەڕۆم بە دایکت دەڵێم .

« من ...

کوڕێ ...

راستەقینەی ..

تۆم ..

من محمد - »

ت ١- ٩٧٥

کرکوك

سالی زێڕینی کتێبی کوردی

حیدر عبدالرحمن

ئیمڕۆ ڕۆژشنبیری کوردی زیاتر لە هەرکاتێك بە حوکمی پێشکەوتنی مێژووی سەردەم تەقەللاکەدات بوونی خۆی بسەلێنێو لەسەر ڕێرەوێکی پێشکەوتنخوازانە شان بە شانی هەر جوولانەوەیەکی فیکری و هونەری و سیاسی بێت ، ئەگەرچی لە دایکبوونی ئەو سەرەتا نوێیە شتێکی ئەوەندە ئاسایی نیە بۆ مێژوویەکی تاریك و پڕ لە گێژلوکە .

ئەوەی ئیمڕۆ لە کۆڕی ڕۆژشنبیری کوردیدا چەکەرەکات نموونەی ڕاستەقینەی هەموو توانایەك نیە چونکە ئەو نەوە چاوپشکووە زۆر لەوەندە زۆرتری لەبارەو لەوەندەش زیاتر هەڵئەگرێ ئەگەر هەندێ مەسەلەی زاتی و مەوزوعی تەگمرە نەخاتە بەر ڕێرەوی پێشکەوتنی ..

سا ئەو جوولانەوە فیکریەی لەو نێوانەدا هەیە زیاتر پشتمان بە پاشەڕۆژ ئەستوورنەکات و چاوی هیوامان گەشترئەکاتەوە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بەخشش دڵسۆزانەیە کە هاندێ لە دەزگا ڕۆژشنبیریەکان ئەبدەن بۆ دەستگرتن و یارمەتیدانی هەندێ لە ڕۆژشنبیرەکانمان بە چاپکردنی بەرهەمەکانیان یان بە یارمەتی دانیان . ئەم هەلوێستە پاکەش کارێکی زۆری کردۆتە سەر جوولانەوەی ڕۆژشنبیری کوردی چ بە هاندانی نووسەرەکان بۆ بەکارخستنی خامەکانیان بەبێ ترسی ئەوەی کە بەرهەمەکانیان لە دەلاقەکانا تۆزو گەردی بێ دەرامەتی لێ هەڵنیشێنو ئەو ڕەنج و ئارەقە ڕشتن و شەونخونی کردنە مۆرانە هەلیپوکێنێ ، چ بە گەشانەوەی ڕۆژشنبیری کوردی بەو ڕەنگە سەوزە بووکینیەو شکاندنی تێنوویەتی ئەو جەماوەرە کە ساڵێ جارێ چاوی بە دوو بەرهەمی قەشەنگی وا ئەگەشایەوە.. ئیمڕۆ کتێبەکان سەرەیان بۆ ئەگیرێ ، کتێب بە نهێنی ئەفرۆشرێ لە ترسی شاڵاوی خەلکی و عەشقی باکیان بۆ خوێندنەوەو ڕازانەوەی کتێبخانەکانیان بەو بەرهەمە کوردیەیە قەشەنگانە .

ئیمڕۆ نە نووسەر بۆ کتێب چاپکردن سلفەکات ، نە کتێبەکانیش لە کتێبخانەکاندا تۆزو گەردیان لەسەر ئەنیشێ ...

ئەم دوو ڕوالەتە دڵخۆشکەرە ، دوو دباردەی واقیعی و ئاشکران هەم لە بەرزبوونەوەی ئاستی وەعی و فیکری خوێنەری زیرەکی کوردو هەست بە خۆلێپرسینەوەی ، هەم لەبارەی هاندانی دەزگا کوردیەکانەوە .

ئێستا نووسەر لە هەموو کاتێکدا زیاتر بەرپرسیاریەتی خۆی ئەبارێزێ لە گەباندنی ئەو نامە پیرۆزەی لەسەر شانیەتی ، هەروەها خۆبەستنەوە بە تۆناغەوەو تێڕوانین بەرامبەر بە مەسەلەی شارستانیەت و پێشکەوتن تێڕوانینێکی ڕاستەقینەو نیگایەکی تیرو تەسەلی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی و ئەو بەرهەمەش کە لەم ڕوانگەوە لەدایك ئەبێت و لەم پێودانگەوە ئەکەوێتە بازاڕ ، حسابێکی ئەتەوایەتی بۆ ئەکرێ نەك زاتی .

پیانۆ

چیرۆکی : ولیەم سارۆیان
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە : شێرزاد حەسەن

- هەر جارێك کە پیانۆیەك دەبینم .. چاك گر دەگرم . بێن ووتی :

- بەڕاستیە.. لە بەرچی؟ ئیما پرسی .

- نازانم ... تۆ پێت ئەوك نیە بەرەو ئەو کۆگایە بڕۆین و سەیرێکی ئەو پیانۆ بجووکە بکەین کە لە توزبنەکەدایە ؟

- چی لێدەزانی ؟ ئیما پرسی .

- ئەوەی من دەیزانم گەر تۆ ناوی بنێی پیانۆ لێدان .

- چۆن .. چ دەکەی ؟

- هەر ئێستا دەمبینی ؟

گەیشتنە کۆگاکەو بەرەو پیانۆ بجووکەکەی توزبنەکە خشان. ئیما سەیرێکی کردو زەردەخەنەیەك گرتی ، سەیری پەهات ئاخو ڕۆژێك لەم کوڕەی چاك ناسیوە . ماوەیەك بوو وای هەست دەکرد چاك ناسیویەتی و کەچی ئێستا لە پڕ وا هەست دەکا .... هەر تێی نەگەیشتووە . (بێن) لەسەر پیانۆکە وەستاو سەری بۆ خوارکردەوە . (ئیما) خەیالی بۆ ئەوە چوو کە دەشێ جارێکیان ئەم کوڕە گوێی لە سازو ئاوازی پیانۆیەك بووەو عەشقی ئەم جۆرە خرۆشە لێی داوە . . هەر جارێکیش کە بۆردی موسیقاو پیانۆیەك ببینێ ئەو موسیقایەی بیر دێتەوەو .. واهەست دەکا ئەویش دەبێ بیزانێ !

- ئا .. بزانم چۆن یاری پێ دەکەی ؟ کچەکە پرسی .

بێن سەیرێکی دەورو بەری خۆی کرد . وا دیار بوو فرۆشیارەکانی کۆگاکە لەگەڵ حەشاماتەکەدا خەریك بوون .

- نازانم .. نازانم یاری پێ بکەم . بێن ووتی .

کچەکە بینی دەستو پەنجەکانی هاوڕێیەکەی بە هێمنیەوە لەسەر دوگمەو کلیلە ڕەشوسپیەکانی پیانۆکە دەهاتن و دەچوون ، وەکو پیانۆ زانێکی بلیمەت ، ئەوەی بیری لێ دەکردەوەو ئا لەم ساتەدا لەبەر چاوی ڕووی‌دا شتێکی نائاسایی بوو . هەستی کرد ئەم ئەم کوڕە کەسێکە زۆری ماوە تا لە خۆی دەگاو کەسێکی تریش زۆر لەو بەرۆشترە کە تێی بگا . دەبێ ئەم کەسێك بێ و پوخت لەم پیانۆیە بزانێ !

بێن ئاوازێکی هێمنی لە پیانۆکە بەرز کردەوە . کەس بە لایانا نەهات شتێکیان پێ بفرۆشێ ، جا بۆیە هەر وەستابوو .. خەریکی ئەوە بوو کە بە پیانۆ لێدان ناوی نەدەبرد .

باشە .. کچەکە هەستی پێکرد ئەمەیان پارچە موسیقایەکی مەزن بوو . نیو دەقیقەیەك خەریك بوو . سەیرێکی کچەکەی کردو ووتی : « خۆشە » .

- زۆریش پڕ خرۆشە . ئیما ووتی .

- مەبەستم لێدانەکە نییە. بێن ووتی . مەبەستم پیانۆکەیە .. پیانۆکە خۆی ئاوازێکی خۆشی هەیە .. بە تایبەتیش بۆ ئەم پیانۆیە کە بجووکە .

دەستە پیاوێك کە خرمەتکاری کۆگاکە بوو لێیان نزیك کەوتەوەو ووتی : ئێوە چۆنن هەلاو

- بێن وەڵامی دایەوە . ئەم پیانۆیە گەنجینەیە .

- ئامێرێکە زۆر لەبەر دڵانە .. بە تایبەت لە کۆشکە قەشەنگەکانا . تا ئێستاش زۆرمان لێ فرۆشتوون .

- نرخی چەندە ؟ بێن پرسی .

- دوو سەدو چل‌ونۆ ... پەنجا . بێ گومان بە مەرجیش دەبیەی .

- لە کوێ دروستی دەکەن؟ بێن پرسی .

- لە ڕاستیدا نازانم .. وا بزانم لە - فلادلفیا - دروست دەکرێ .. کوا بوەستە ئێستا دەیدۆزمەوە .

- نا خۆت سەخلەت مەکە. بێن ووتی : تۆ هیچی لێ دەزانی ؟

خزمەتکارەکە وەڵامی دایەوە « نا .. نەخێر »

کابرا هەستی پێکرد بێن حەز دەکا هێشتا کەمێکی تر خۆی تاقی بکاتەوە .

- بەردەوام بە .. تۆزێکی تریش خۆت تاقی بکەرەوە . کابرا ووتی :

- بەس من خۆم گوێم بۆ گرتبووی . کابرا ووتی :

- ئەمە موسیقا لێدان نییە .. من یەك تۆتە نازانم بخوێنمەوە .

- بەس من لەززەتم لێ‌بینی . کابرا ووتی :

- هەروەها منیش .. یەکەم ئابوونەی چەندە ؟ کچەکە ووتی و پرسی .

- تۆو .. چل پەنجا دۆلارێك .. دەی بەردەوام بە .. حەز دەکەم گوێت بۆ بگرم . کابرا ووتی :

- ئەگەر ئەمە ژوورێکی ئاسایی بووایە .. دەمتوانی بۆ چەند سەعاتێك لەسەر ئەم پیانۆیە دانیشم . بێن ووتی :

- کەمێکی تر یاری پێبکە .. کەس هەقی بە سەرتەوە نییە . کابرا ووتی :

کابرایەکە مێزێکی بۆ بێن ڕاکێشاو لەسەری دانیشت دەستی کرد بەوەی کە بە پیانۆ لێدان ناوی نەدەبرد. بۆ پانزە بیست چرکەیەك خۆی سەر شێتی پیانۆیەکە کردو تا کەوتە سەر ئەوەی ئاوازێکی بۆ خۆی دۆزیەوەو دوو سێ دەقیقە هەر لەسەر ئەم ئاوازە ژەنی .

هەر بەردەوام بوو تا ئاوازەکە هێمنیو ماتیەکی بەخشیو (بێن) یش زیادو زیاتر لەگەڵ پیانۆکە نەشئەی وەر دەگرت . پاشان وەستاو هەستابەوە سەر پێ .

- سوپاس .. زۆرم حەز دەکرد بیکڕم .

- دەی .. گوێی مەدەرێ . کابرا ووتی :

کوڕو کچەکە لەکۆگاکە چوونە دەرەوە . لەسەر شەقامەکە کچەکە پێی ووت « بێن من ئەوەم لە تۆ نەدەزانی » .

- دەربارەی چی ؟

- دەربارە تۆ !

- من چیمە ؟

- ئا بەم شێوەیت . ئیما ووتی :

- ئێستا نیوەڕۆیە .. من بەشەو زۆر پەرۆشی پیانۆ دەبم .. بێن ووتی :

- هەردووکیان چوونە ناو چێشتخانەیەکی چکۆلانەو لەسەر مێزێك دانیشتنو داوای سەندەویچو قاوەیان کرد .

- لە کوێ فێرە موسیقا بووی ؟ ئیما پرسی .

- من لە هیچ شوێنێك فێر نەبووم .. لەهەر شوێنێ پیانۆیەك ببینم دەچمە گژی .. هەر لە منالیمەوە بەرگەکانی لە بەرم کردەوە.. کردیە بەری خۆیەوە جانتاکەمی کردەوە ، نەو تابلۆیەی کەوینەی بەفر وچیای تیادا نەخشێنرابوو لە سووچێکی جانتاکەدا دانینا. تابلۆکەی تری شکاند لە ناوینەی سەر مێزەکەدا سەیری خۆی کرد .. تووڕە بوو .. ناوینەکەی شکاند ... شووشەکانی چەقاندە سەر دڵمەوە .. وەکو بورکانێکی بەلەسە ، لەسەر سنگمەوە خوێن هەلدەچوو..

سەرتاپا زەوی ژوورەکەم سوور هەلگەڕا .. چەترە کراوەکەی سووچی ژوورەکەمی لەخوێن وەردا .. ڕەنگە ڕەشەکەی گۆڕی .. . بەرەو دەرگاکە دای نا ...

هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو .. وتی

- ئەڕۆم ...

ئەم ئوتێلە بەجێ دێلێم ..

ئەم گەرماو بارانە خۆلاویە .. ئەم شارە بەجێ دێلم ..

ئەڕۆم بە دایکت دەڵێم .

« من ...

کوڕێ ...

راستەقینەی ..

تۆم ..

من محمد - »

ت ١- ٩٧٥

کرکوك

کورتە چیرۆك

ل ئورتا رویدانی وگەلهشتنی

صدیق شرو

بەشی دووەم

- ئەگەرێت سەرکەفتنا جیفانوکێ لسەدێ بیستێ - هەلبەت بازارا جیفانوکێ توند تەرە و ردواجترە ژ جیروکێ لسەدێ ٢٠ زبەر دوو بێکهاتیا .

١ - روخسارو ناڤەروك و شێوە و دەم .

٢ - بێکهاتنێت دەرڤە .

خالانێکی

گەلەك گەنجا خو پێ ئینا دەر و لسەر نقیس زیلی زەحمەتیا وێ جنکو ئەڤ تایە بدەست هەمیا ڤە ناهێت و بسپوری پێ دەڤێت وزانیا بەر ڤەرە و دگەل هندێ ٧٠٪ ش نقیسانا کەتن ..

خالا دووێ

ئەڤە سەدەی لەزێ و بەزێ بە و ئامیرەتی‌یە . هەر روژێ ب هزارا گوفار و ڕۆژنامە تێنە دەر ونەوژی هەو جەی نقیسانا نە ش هەمی ڕەنگا دا بەر بەرێت خو تزی کەن .. هەلبەت ئەڤ ڕۆژنامە و گوفارە نەشێن جیروکێت درێژ بەلاڤەکەن لسەر بەر بەرێت ڤەبری . ئەڤجا جیفانوکێ جهێ خو دیت .

هەتا ش لایێ ئابوریڤە مەرەڤ لێ زێدە بو چنکو مروڤ بو خودان کەسپو کار بەشێت دەمێ خو هەمی ب دویف جیروکە کادرێز ڤە بەت هەڤت هەشت ساعاتا روینیتە خارێ لسەر جیروکەکێ هەدە جارا ب هەفتیەکێ خلاس ناکەت نەو مو پێتڤی درافیە هەمو جەی وەختێ خۆیە هەر ودسا کارو کەسب مشەبو مروڤیش ب خو مەدەڤا دان کەتە سەر لەرو بەزێ وسفکیێ کی دشێت روژێ شەش هەڤت سەساعاتا روینیتە بەر جیروکەکێ . ؟

وبشتی ئامیرەت شیای دەنگێ مروڤی بگەهینیتە هەمی جیهانێ دەنگ و باسێت خوش و ئەڤ گوهورینە وپێشکەفتنە هەمی بونە ئاستەنگ درێکا مانا جیروکێدا

هەر وەسا رادیو سەرپشکا وان تشتانە رادیو نەشێت جیروکەکێ پەلافکەت جنکو وەخت دەست نادەت کو قسەکەر پێتر ش ١/٤ ساعاتێ باخڤینن . وتڤیا زبیر نەکەین کەسەرێت مروڤانێ روژ بو روژ مشەدبن ونەم دزانین ودختەکێ درێژو مێژبەکێ ڕەلال پێ دڤێت دا لسەر بیرا جیروکێ دا نەدەرچیت وب چی تشتێ دبڤە مژیل نەبیت ودا لسەر هوش و بیرێت خو بیت ڤیا پێتەنابیت دا ت جیروکێ بگەهیست وبشك‌دارین دگەل کەسێت وێ بکەت ب هەمی گیانێ خو ڤە ..

دیسا هندە نەگەرێت ئومەلاتی پێ دەهین .

ئەو کەسێ پارێت وی مشەبوین شیا ژبانا خو خوش بکەت دەرکەڤیت جهێت خوش و شاد دا خوزبیر ڤە کەت نە هەوجهێ وەختێ خو ب جیروکەکێ ڤەبەت .

هەر وەساتیکەلیا کومەلی و پێوەندیێت کومەلانی روژ بو روژ پێش دکەڤن کچێ تێکە لا کوری کر وگەل دەرکەڤت پشتی کو گرێدایا چار دیوارا بو بەریشانا فیلێت کومەلی بو ئەفرو شیا دگەل دەست گرێ خو دەرکەڤیت بەرێ کو خو ب جیروکەکێ ڤە مژیل‌دکر ..

ئامیرەت هاتە پەیدا کرن کار سڤك بو و درێژبو کرێکار بتەمە دەخسی‌بو ژبەر روتینا کاری وەختێ دزڤریتە ڤە نقیت خو دەخس بکەتەڤە ب خاندنا جیروکەکێ ..

هەمجا مشەبونا مروڤا لجیهان وگرفتاریا ئاکنجی و گەلەك تشتێدی مەیدانا شولی‌و ژ جهێ کاری دویرکەت شی جهێ مالێ ڤیا وەختێ خو ش خو نەکەت دەست هاڤێنە روژنامەکێ یان گوفارەکێ و خاند درێکا شولێ خودا دەنك و باس و کورتە جیروکا دخوینت تا دگەهنە بنەگەهێت کارێ خو نەگەرەکادیا بەرچاف وسود « روژنامە » .

روژنامێ نوکە دەست هاڤێتە گەرا خۆ یا گرنك دژیانا مروڤیدا ونخاصمە پشتی رژیما تەخا و قاتا دەرکەڤتی‌و وشەرنیخ کەتیە ناڤ بەرا مروڤی ومروف یە پارتیت رمیاری هەر قاتەکێ یان دەنگێ خو ڤێت دیارکەت و روژنامێت وان گەلەك تایێت دەنك و باس و تورەی پەلاف دکەت بو خزمەتا وان لرویف ئێ‌تڤیت جیهانێ برەنگەکێ کورت و وەربانەی جهێ خو لسەر پەرێت روژنامێ رکو فارێ هەبیت .

تلەفزیونیش هاتە مەیدانێ وێ گەلەك مروڤ بخوکێشان نەمازە گەنجیت گردار و نازك .. لێ ب دیتنا من تلفزیون دوژمنێ زانینێ‌یە چنکو جهێ هزرێت فرە .. . مروڤی لال دکەت .

جیفانوك گەلەك بکێر دەستوداری تێت - بەرێ پتلا زانینێ بلندتربوبو شی نوکە چنکو بسپوری ب تشتەکی ب تنێ نەبو نوکە خاصماتی وبسپور کەتە زانینێ هەر ئێك سەبداین تشتەکی‌یە، فیجا ئێ ئینگلیزیێ شول ب ئەدبێ عەرەبی نینە ئووسا .

جیروکێ ناخوینیت چنکو چ پێڤەندیی دگەل نینە . ئەڤێ چەندێ زانین کیم کر بەسکا دێ شکاند بەرێ بالدانەکا خۆی هەبو بوخاندنێ ..

ئەڤەنە ئانکو جیروکێ کەسێ خونەمایە ... نەء هەر ئێکێ خودانێ خو یێ هەی مەرەڤ لێ تێت .

تەڤنێ کومەلی ئالوزیا داخازێت وی مشەبون گرفتاربو . خەما وی بو بارێ نانی ژیانی رەنج و کربار ژی دڤێن دا بژیت کل‌وگوڤان زوربون بەلێ هندە مروڤ بێ‌دماین دل‌خوش و تەنا چ ئارونك لێ نینن دشێن مەلەڤانا د جیروکێدا بکەن .

هەر وەسا هندە مەژیکەرێت زانینێ زقرینە جیروکێ ڤە دڤێت زانینا خو ب‌پارێزن و جیروك باهەژی وژێ‌هاتیە بۆزانینا وان و بیرو دیتنێت وان وجودابی لناڤ بەرا ڤێ وێ هەرئێکی دوست و هەڤالێت خو بێ‌دەهین .

- بنگەهێت پێتڤی بو نفیسینا جیفانوکێ -

بروانە ل : ٧

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی رەنێوهێنان ئەمینداریێتی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی ..

قۆنتەراتی نهێنی‌ی ژمارە ٨٠/٤٩ دروست کردنی هۆلێکی داخراو لە دهۆك ..

بەمە ڕای دەگەیەنین کە ئەم قۆنتەراتە نهێنی‌یەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - دەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبردنە یان لە بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری پارێزگای دهۆك بەرانبەر بە (١٥) دینار کە نادرێتەوە وەربگیرێت بە مەرجێك قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچوو مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت .

٢ - دواماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یان پێش کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ - ٩ - ١٩٨٠ دەبێت‌و پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەکرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا .

٣ - دەبێت ئەمانە لە گەڵ تەندەرەکاندا بن :-

ا - بارمتەی سەرەتایی‌یە (٦) شەش هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانقدا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بە کاربێت یان چەکێکی مۆرکراو .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لە گەڵ بەڵگەنامەیەکدا کە لە بەڕێوەبەرێتی‌ی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .

ج - ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی دیاری کردنی قۆنتەراتچی‌یەکان پلەی نۆیەم بەوەی بتوانێت بە پلەیەك لە پلەی خۆی بەرزتر بێت بەشداری بکات .

٤ - هەر تەندەرێك لە کاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە پابەندی ئەوە نی‌یە نزمترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەرتەندەرێکی دیکە وەربگرێت .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواخستنی کار تەنیا (٣٥) سی‌و پێنج دینار سزا دەدرێت‌و بە درێژایی ماوەی دواخستنەکە بەردەوام دەبێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

٨ - پێویستە قۆنتەراتچی‌یەکان لە گەڵ تەندەرەکانیاندا نەخشەکان بگێڕنە دواوە نەخشەکانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچی‌یە دەدرێت کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچێت .

٩ - دەبێت قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ - تەندەرەکە بە خەتێکی خۆش‌و بە پاندان یان جاف‌و بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك پڕ بکرێتەوە‌و قۆنتەراتچی (یان قۆنتەراتچی‌یەکان) هەموو لاپەڕەیەکی تەندەرەکەو خولاسەکەی مۆر بکەن بە پێچەوانەشەوە تەندەرەکە پشت گوێ دەخرێت .

١١ - هەر تەندەرێك لە ناو زەرفێکی داخراودا نەبێت ڕەت دەکرێتەوە .

١٢ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتکاری‌ی کاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەم‌و چاککراوەکانی دەبەسترێت .

١٣ - هەر سڵ کردنەوەیەك قۆنتەراتچی لە تەندەرەکەدا بینووسێت ڕەت دەکرێتەوە .

١٤ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی کەوتە ئەستۆوە ئەندازیارێکی سەرپەرشتی‌کەر دامەزرێنێت ڕۆژانە سەر لە کار بدات .

١٥ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی کەوتە ئەستۆوە عەمبارێك یان پتر بۆ پاراستنی چیمەنتۆ ئامادە بکات .

کمال رشید فتاح
ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی ڕەنێوهێنان

ئەمینداریەتی گشتی‌ی کارو خانەسازی

قۆنتەراتی نهێنی‌ی ژمارە ٣٧-٨٠ دروستکردنی یانەو تیبخانەی کرێکاران لەسلێمانی

بەمە ڕای دەگەیەنین کە ئەم قۆنتەراتە نهێنی‌یەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - دەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە یان لە بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری پارێزگای سلێمانی بەرانبەر بە (٣٠) سی دینار کە نادرێتەوە وەربگیرێت بە مەرجێك قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچوو مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەری‌یەکان بکرێت .

٢ - دواماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یان پێش کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧-٩-١٩٨٠ دەبێت‌و پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەکرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا .

٣ - دەبێت ئەمانە لە گەڵ تەندەرەکاندا بن :-

ا - بارمتەی سەرەتایی‌یە -١٦٥٠٠- شازدە هەزارو پێنج سەد دینار لە شێوەی کەفالەتی بانقدا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت یان چەکێکی مۆرکراو .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لە گەڵ بەڵگەنامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی‌ی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .

ج - ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی پلەی قۆنتەراتچی‌یەکان پلەی حەوتەم بەوەی بتوانێت بەپلەیەك لە پلەکەی خۆی بەرزتر بەشداری بکات .

٤ - هەر تەندەرێك لە کاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە پابەندی ئەوە نی‌یە نزمترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەرتەندەرێکی دیکە وەربگرێت .

٦- هەر ڕۆژێکی دواخستنی کار تەنیا -٥٠٠- پەنجا دینار سزا دەدرێت‌و بە درێژایی ماوەی دواخستنەکە بەردەوام دەبێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

٨ - دەبێت قۆنتەراتچی‌یەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا نەخشەکان بگێڕنە دواوە نەخشەکانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچی‌یە دەدرێت کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچێت .

٩ - دەبێت قۆنتەراتچی پوولێکی -٢٥٠- فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ - تەندەرەکە بە خەتێکی خۆش‌و بە پاندان یان جاف‌و بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك پڕ بکرێتەوە‌و قۆنتەراتچی -یان قۆنتەراتچی‌یەکان- هەموو لاپەڕەیەکی تەندەرەکەو خولاسەکەی مۆربکات بە پێچەوانەشەوە تەندەرەکە پشت گوێ دەخرێت .

١١ - هەر تەندەرێك لەناو زەرفێکی داخراودا نەبێت ڕەتدەکرێتەوە .

١٢ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتکاری‌ی کاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەم‌و چاککراوەکانی دەبەسترێت .

١٣- هەر سڵ کردنەوەیەك قۆنتەراتچی لە تەندەرەکەدا بینووسێت پشت گوێ دەخرێت .

١٤ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچوو ئەندازیارێکی موقیم بە دەوامی تەواو دامەزرێنێت لەگەڵ ئەوەی دەبێت شارەزایی‌یەکانی تری هەبێت هەرکە پێویستی پێکرا .

١٥ - دەبێت قۆنتەراتچی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچوو عەمبارێك یان زۆرتر بۆ پاراستنی چیمەنتۆ ئامادەبکات .

کمال رشید فتاح
ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازی

نازایانە ئامادەی - پاشماوە -

ووتی هەموو ڕەفتارەکانی فەرمانڕەوایانی ئێران لەو کاتەوە هاتوونەتە سەر حوکم تاکوو ئەمڕۆ دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە پەیوەندی‌یەکانی دراوسێیان تێك داوەو خۆبان پابەندی ڕێککەوتنامەکەی جەزایر نەکردووە .. لەبەر ئەوە لێپرسراوێتی باسایی تەواوەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە بەوەی کە ئەم ڕێککەوتنامەیە بە هەڵوەشراو دادەنرێت .

سەرۆکی بەڕێز دووپاتی کردەوە کە عیراق لە بەیوەندییەکانیدا لە گەڵ جیهاندا ئەوەی چەسپاندووە لابەنگیری‌ی بە شەرەفانەی هاموو پەیمانەکانی خۆی کردووەو هەروەها چەسپاندووەتی بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی هەڕەشە لێکردن‌و دەستدرێژی‌و پێشێل کردنی دەستەڵات‌و سەربڵندی‌ی قایل نابێت .

بەڕێزی ووتی گەلی عیراق‌و سوپای عیراق بە تەواوەتی ئامادەن بچنە نێو هاموو جەنگە بە جەرگەکانەوە هەرچەندەش قوربانی‌ی تێدا گران بوو لە پێناوی پاراستنی شکۆمەندی‌و دەستەڵاتدا .

هەروەها بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ووتی بڕیاری مێژوویمان دا بە کێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان بە سەر خاك‌و ئاومان‌داو ڕەفتاری بەهێزو پڕ لە توانایی دژی هەر کەسێك بەکار دەهێنین هەڕەشە ئاڕاستەی ئەم بڕیارە ڕەوایە بکات .

بەڕێزی دووپاتی کردەوە ئێمە هیوامان ئەوەیە بەیوەندی‌ی باشی دراوسێی لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەرماندا پێك بهێنین لەوانەیش ئێران عیراقیش هیچ تەماحێکی بە زەوی‌وزاری ئێران نی‌یەو هیچ کاتێك نامانەوێت جەنگ دژی ئێران هەڵبگیرسێنین یان بازنەی بەربەرەکانێ کردن لە گەڵیدا ، لە دەرەوەی داکۆکی لێکردنی مافەکان‌و دەستەڵاتەکانماندا. فراوان بکەبنەوە .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده داوای لە دەستەڵاتدارانی ئێران کرد سوود لە بەندەکانی ڕۆژانی ڕابوردوو وەربگرن کاتێك سوپای نەبەزمان زەین القوس‌و سیف سعدو مەخفەرەکانی سنوورمانیان وەجنگ هێنایەوە ودجنگ هێنانەوەیەکی مەردانەی ئازایانەی بە بڕوا هەروەها داوای لێکردن گوێ لە دەنگی ماف‌و ئەقلی هۆشیار بگرن بۆ پاراستنی بەیوەندیەکانی دراوسێیەتی لە گەڵ عیراق‌و ئەتەوەی عەرەب‌داو واز هێنان‌و دەرچوون لە هەر بستەزەوی‌یەك کە لە عیراق‌و ئەتەوەی عەرەب داگیریان کردووە .

ووتەی هاوکاری - پاشماوە -

دراوسێیەتی نانێ‌و زۆر ناپاوانە دەیەوێ دەست بخاتە کاروباری عیراقەوە . دەبێ عیراقی ئەو دەستەوا داهێبکات کە هەتا هەتایە لەبیری نەچێتەوەو بزانێ لەمەودوا چۆن ڕێزی عیراقی شۆڕش‌و دەستەڵاتی گەلەکەی دەگرێ . جا بۆیە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش بە سەندنەوەی [illegible] بە بستی خاکی عیراق‌و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەک[illegible]ی جەزائیر دووپات‌کردنەوەی ئەو هەڵوەستە شۆڕشگێڕیە بوو سەرکردایەتی عیراقی پێ ئاسراودو لێدانی تەمێ کردە بۆ ڕژیمی ردەگەڵپەرستی ئێران‌و هەموو گەلی عیراق بە کوردو عەرەب‌و هەموو کەمایەتیەکانیەوە لە پشت سەرکردایەتی مەزنی شۆڕشەودر سوورن لە سەر چەسپاندنی هەڵوێستی سەربەرزی عیراقی شۆڕش‌و بۆ پێشەوەو ... هەرگیز گەڕانەوەنیە .

تورتە چیرۆك -پاشماوە -

١ - یەك‌گرتبا هونەری داکو چیروکا وەرباندی بیت و بێهنا هونەرێ ژێ بێت تفیا ئێك‌گرتبا هونەری تبداهەبیت ئانکو نفیسفان فیا ردجا خو خرێ بدەتە لێکدانا هرێ وکاکلا چیڤانوکێ . حو لدوروشوپێت وێ نەهەلافێت بەس تاکا فەپەرژنیت .. حلەی‌و تیل‌کەت پێتە ب روخساری بکەت لسەر کیستێ نافەروکێ تفیا هەفساری بابەتی بگریت وەکی هەسپی بەهلەوانا . دا چ لوقیت بێ تافەت نەهاڤیت ئانکو دەستێ حو لسەر بابەتی توندکەت نەسست‌کەت .

٢ - تفیا زوی مەبەستا خو وانا ئاشکەرانەکەت خو ل خاندەڤانی بگریت کریار ب‌خو نێهن وشێوێ « التلمیح » تێدا بیت چنکو نفیسفان نابیت بابەتی شروڤەکەت ومروڤا ڕریسبکەت ئانکو بوخاندەڤانی بهێلیت . هەر وەسا خاندەڤانێ خو نەئێختە هندە کولانیت تەنگ کوچو ش نە بەتە دەرێ .

٣ - ئەندامێت چیروکا خو بێختە جهێ دانا نەب کەیفا خو بینیت‌و ببەت هەر ئێکی ئاخفتنا وی بدەتێ هەر وەسا پێچەکێ شرۆڤانا بابەرزە دبارکەت دابزانین کونفیسفان پێ بسەرنە چوبە چنکو تورەگان نەهێت خو شش هزرووبیرێت خو قورتال کەت نوچنکو (مەنەلوژا نافخو) یاکرنکە « الحوار الداخلی » هەر دەسا نابیت کەسانێت وی زرنا بن چەوا ب‌فێت پێ بێژیت هەر دەسا مەزن بونا کریاری دگەل لف لفینا مردڤا بیت نەیا دویربیت شش لفینا وان .

٤ - هەر چیروکەکێ واتەیەکێ هەی چنکو نفیسفان ژیانێ وەلدگریتن لرویف گیروکرفتاریت دەستوداری یان ژی کەقنەبیرا ژبەر هندێ تفیا چیروکا وی ڕەهو ریشالیت خو داهێلیتە ناڤ دلێ ژیارێ ئانکو یاڤەکوشتی نەبیت .

٥ - تفیا چیڤانوك نەبیتە بێلا شیرەتا و بانگێ گوتارا یانکو یا ریالزمی بیت ومەبەستا چیڤانوکێ ب‌خو تێنن نابیت نفیسفان بێژیت فلان پێ فەقیر بو فلان یێ هەیی بو هەروەسا دەم تفیا دەم بخو بهێت ..

سك‌چوونی مندال -پاشماوە-

لووت باش‌و پێش خواردن لەگەڵ پاك‌کردنەوەی سەوزە ومیوەو گۆشت‌و باشش کولاندنی بڕوابوون بەوەی کە **خۆپاراستن لەچارەکردن باشترە** هەروەها جیاکردنەوەی کەڵ‌و پەلی تایبەتی نەخۆشش بۆپاراستنی گیانی کەسانی‌تر. بۆ نووسینی ئەم ووتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

٤ - امراض الاطفال
(طب الاطفال العلاجی)

ڕەخنەی ئەدەبی -پاشماوە

وئمان ئەگەر مێروولەش ڕەمز بێت ، ئەبێ حسابی خۆیانیان تازە ئەم گەڵا وەریوە ، هیوای هیچی لێ ناکرێت ، ئەگەر بۆ دەرخستنی بەهاوارنەهاتنی مێروولەشەوە بێت بۆی‌و -مێروولەش ڕەمز بێت - ئەوا هەر لە جێگەی خۆیدا نە ،وەك زانراوەو ڕاستی‌یەکی سروشتیە مێروولە لە ناوخۆیدا یەك گرتوو لە خۆبوردووترین‌و جالاك‌ترین کۆمەڵەن لە ناو مێروووەکاندا ، جا ئەگەر بەکێك گیانی لە خۆبوردنی تێدا بێت بۆ خۆی‌و کۆمەڵەکەی ، وانازانم بۆ کەسان‌و کۆمەڵانی تریش ئەم گیانەی تێدا نەبێت ! وەك لەگەڵ بکەین نەء - گەورەو میر -یك کە توانای هەبێت ئەوانیش لەو بارمەتی‌یە بکومێنێتەوە .

مەبەستم تەنها نەگونجانی مێروولەو ڕەوشتی‌یەتی لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا . خۆ ئەگەر - بارمەتیش - بوو بێت بەو دەستە تورانی‌یە لە هەموو کاتێکدا خەڵك ڕزگار بکات ، گۆڕەوشار بدرێت‌و زیندە بە چاڵ بکرێت !

ئەوا ئیتر خەڵك‌وکۆمەڵانی حەڵکی بۆ هەر هاوار نەبەن و فریاد نەگەیەتنە کەسانی تر بۆ ڕزگار بوون لە کێشەو گێرەی ژیانیان ! ئەگەر یەکێك نەتوانێت بەهۆی بیرو هۆش‌و لێکدانەوەوە خۆی بگونجێنێ لە تەك شەپۆلی ژیانی ناهەواردا کەس ناتوانێت ڕێکەی بۆ دانێ‌و بارمەتیشی هیچی لێ ناکات !

جیرۆك نووس هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستەکانی وا هێناوە ، کە لە کۆتاییشدا بە لەوان بە لەوان سەبرتر لە بواری ئەدەب بۆ منالانانەدا کرتابی پێ هێناوە ! ئەوەتا باڵی تاوە بەم گەڵایەوە کە خۆی لە خۆیدا ژیانی تیا نەماوە ، ئەم مروو شەماڵەش لە تاو گێژەنەی ئاودا زنجێکێنێ . کە هەوا وەك لایەنە سروشتی‌و زانستی‌یەکەی لە تاو ئاودا ناخنکێ ، چونکە بە توواوەیی هەیە . لەبەر ئەوە سروە لەتەك گەڵادا ناخنکێ‌و گەڵا هەر خۆی تیادەچێت ! ئەم بیرۆکە تاریك‌ترین خاڵە لە چیرۆکەکەدا - کە خۆکوشتنەوەو ڕەش‌بینی یەکجاری‌یە لە ژیان !رووخان‌و ورەبەردان بەم شێوەیە نابێت هەرگیز لەناو ئەدەبی منالاندا زەنگی لێ بدات پێویستە -ڕخنەی ئەدەبی لە چیرۆك بۆمنالاندا -

هەڵسوکەوتی گیانداران لە چیرۆکی - سروەی شەمال- دا

لێرەدا ئەوە ئەگەیەنێت ، کە هەر منالێك ئاواتێکی کاتی‌و ڕۆ ژانەی ئەهاتەدی ، یا لەفوتابخانە دەرنەچوو ، یا بارك‌و دایکی خواستیان بەدی نەهێنا ، بکەوێتە ئەم‌جۆرە گێژداوانەوەو خۆی‌و بەرانبەرەکانی تێدا بچوێنێ ، کە هەر خۆشی تێدا دەچێت!؟

نووسەر وەك لە شێوەی بۆچوون‌و ناودرۆك‌و ڕووە زانستی‌و پەروەردەیی‌و مەوزوعیەکانەوە ئەی‌پێکاوە، هەروەها لە شێوەی دووان‌و بزواندنی کەسانی چیرۆکەشەوە هەر ئەی‌پێکاوە ! هیچ بابەخێکی نەداوە بە گفتوکردنی کەسانی چیرۆکەکەو وشك‌و ڕەق ڕای‌گرتوو و خۆی جڵەوی گێڕانەوەی گرتووەتە دەست ! ئەك ئەمە کەلکی نیە ، بەڵکو منال وەرز دەکات‌و شێوەی ئاخاوتن‌و وتوویژ لەبارترو سەرکەوتوو ترە لە ئەدەب بۆ منالاندا تا وەکو گێڕانەوەی وشك‌و برنك! هەروەها نیشانەی (-) و(x) داناوە بۆ سەرەتای هەر (پەرەگرافێك) . کە ئەواتە نیشانەی گفتوگۆن تا دەست پێ کردنی پرەگرافێکی‌نوێ !!

سەرۆك صدام حسین لە گۆڕی - پاشماوە -

کردەوە کە شارستانیەت عەرەب مرۆڤایەتی‌یان بە پێز دەکردو هەروەها سودیان نە بەرهەمی مرۆڤایەتی‌و فیکری‌و پراکتیکی لە چالاکی‌و لە ڕێکخستن‌دا وەردەگرت .

لە سەرەتای یەکەمین دانیشتنی کۆڕەکەدا بەڕێز طە یاسین ڕمضان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش یەکەمین جێگری سەرەك وەزیران دوواو دووپاتی کردەوە کە سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بایەخێکی گەورە بە کەلەپووری بیناسازی‌ی عەرەب‌و پێداویستی‌یە هاوچەرخەکانی مرۆڤ دەدەن‌و کاریش دەکەن بۆ وەدی هێنانی ڕۆڵی سەرکردەیی مرۆڤ لەم بوارەدا هەروەها بە تەواوەتی دوورکەوتنەوە لە پاشماوەو گواستنەوەی گواستنەوەیەکی وەك خۆیی‌و ووشك .

سەرۆك سامۆزا - پاشماوە -

بەرەو کۆشکی کۆماری ڕێشتن .

لە کۆشکی کۆماریش‌دا کجۆلەیەك لە منداڵانی بەغدا خۆرماو دۆی پێشکەشی بەڕێز سەرۆك صدام حسین‌و میوانەکەی سەرۆکی کۆماری مۆزەمبیق کرد .

لە پاش ووچانێکی کورت بەڕێز سەرۆك صدام حسین‌و میوانەکەی سەرۆکی مۆزەمبیق کۆبوونەوەیەکی داحراویان سازدا .

واش زانراوە کۆبوونەوەکە باسی گرنگترین ڕووداوەکانی جیهان‌و ئاسۆکانی هاریکاری درو قۆڵی‌ی نێوان هەردوولاو بوارەکانی پتەو کردنی تێدا کراوە .. سەرەڕای باس کردنی بواری هاریکاری کردن لە چوارچێوەی بزووتنەوەی بێلایەنی‌دا بە چەشنێك ڕۆڵی لە سەرجەمی ڕووداوەکانی جیهان‌دا بتەو تر بکات .

پیانۆ - پاشماوە -

بێن . ئێما ووتی .

کوڕەکە بە شەقامەکەدا سۆڕ بۆوەو کچەکەش چۆوە ناو کۆگاکە . بە شێوەیەك یان شێوەیەکی تر کچەکە هەستی کرد ڕۆژێك دێ‌و ئەم کوڕە پیانۆیەکی چەنك بکەوێ ... هەر وەها هەموو شتێکی تریش .

بێ سەدو سی پرۆژە-پاشماوە-

دروست کردنی چەند مەڵبەندێکی ئاگر کوژاندنەوەو بازاڕی هاوچەرخ‌و فرنی سەموون‌و کارگەی بەفرو خانوو‌بەرە بۆ مووچەخۆران‌و گازینۆو ئوتێل‌و قەسابخانەو بینایە بۆ بەشەکانی شارەوانی‌و سەیرانگەو گەراج‌و باریگای منداڵان‌و عەمبارو سینەمایەك.

پرۆژە کشتی‌وکاڵی‌یەکان کە بیستیان لە پارێزگاکەدا تەواو کراون لە سەرجەمی ٨٧ پرۆژە کە ئێستای کارکردن تیایاندا بەردەوامەو ٢٠ ملیۆن‌و ٤٨ هەزار دیناریان تێدەچێت بریتین لە بینایە بۆ دەزگاکانی کشت‌وکاڵ‌و خانوو‌بەرە بۆ کارگێڕان لە کەرتی کشت‌وکاڵی‌داو گەراج بۆ ئامێڕەکانی کشت‌وکاڵی‌و نەخۆشخانەو بەیتاڵخانەو گەوورو بینایە بۆ چاودێری هەرەوەزی‌و ناوچەیی‌و مەڵبەندی ڕێنوێنی‌و ئێستگەی زانینی باری ئاووهەوای کشت‌وکاڵی‌و هی‌ی‌تر بۆ پەروەردە کردنی مەڕو مالات‌و مریشك‌و عەمباری تووتن‌و ئالفی مەڕو مالات‌و چەند دەزگایە بۆ ئێستانەوانی .

Institut Kurde de Paris

لەسیبەری وشەدا

لەگەڵ پیربال محمود دا

پ : شاعیر لەکام لاوە دەستپێبکات لەروداوەوە بۆ شیعریا لە شیعرەوە بۆ رووداو

و: هیچ گومانێکی تێدانیە کە چاوگەی هەر شیعرێکی گرینگ رووداوێکی گرینگە .. هەر بەهرەتکی گرینگت رووداوێکی گرینگ دەیتە- فێنیتەوەو دەیخاتەروو . . هەر چ جۆرە رووداوێك بێ .. ئەو جوردێ تەباتەت بەیوەندی یەك سەر بە ژیانی تایبەتی بەهرەمەندەکە بێ . یاخود پەیوەیتکی تەواوو فراوانی بەدەوروپشتی بێ .. بەگەڵو خاکەکەی .. هەرچۆنێك بێ ئەبێ زەبری راستەقینەی خۆی بخاتە سەر بەهرەمەندەکە بیهەژینیتەوە لەناخەوە .. تاکو بەهرەکەی هەڵقوڵێو بێتە تەقانەوە .. بێتە رووبارێکی روونو ساف بۆ ڕووانلدنی نەمامی خۆشیو بەختیاری بۆ نادمیزاد .

بەڵام سەردرای ئەوەش ئابێ ئەمە لە بیربکەمو نەڵیم: بێش ئەوەی ئەم چاوگەیە . ئەم رووداوە »هەبێ یاخود خولقابێ ، ئەبێ شاعیرێك و بەهرەیکی ئەوتۆ هەبێ یاخولقابێ کەبەهرەوکەرەستەی هەستی بەتەواوی بگونجێ لەگەڵ زروف و ناوەڕۆك و ڕواڵەتی ئەم رووداوە گرینگەی کە گەمارۆی داوە یا گەماروی دەوروپشتی دابێت بۆ ئەوەی موعاناتێکی راستی لەگەڵ بکات .

چونکە ئەگەر کەرەستەو بەهرەی راستەقینەو تەواو نەبێ لە دەست سنعتکار شیعری راستو تەواویش قابارەی خۆی ناگرێ لەرەگو موچرك و دەروونیدا . هەر وەهاش شاعیری راستو تەواو ناخولقێ لە نێو دەروونی کومەڵدا . رووداویش وەکو خۆی ئەمینیتەوە . بێ ئەوەی ڕەنگو ڕواڵەتو سەروسیمای بگوڕدرێ . بەڵکو لەوانەیە زیاتر بەرەبستێ .. واتە شیعر لە لای رووداوەوە دەست پێبکات باشە ، بەڵام بەهەستو نەستو خامەوپەنجەی- شاعیرێکی بەهرەمەندو راستگۆ کە شیعرەکەی لەرەگەوە ئاوێنەی راستیبێتو لەناو میترخوزاری راستیدا بڵەوەڕی و . هەروەها شیعریش بێ رووداوی گرینگ هەراش ئابێو ناخولقێ ، هەر چەند کەرەستەو بەهرەی شیعریش لەگۆڕێ دابێ . هەر جۆرە بەهرەیکی هونەری نەك تەنیا شیعر بەساوایی لە دایکی خۆی دەبێو رووداوەکانە دنیای هونەر بەڵام بەزاخی رووداو هەراش ئەبێ ، رووداو ئەخواو رووداویش ئەگۆڕێ بەڵام خۆی لە لوتکەی ئەمریدا ئەمێنیتەوە .

سعدالله پەرۆش
نامادەی کردوە

جێگای شادیە ئەمڕۆ ئافرەتی کورد ، هەنگاوەکانی بەرەوپێشکەوتنیو لەسەر رێگای سەلماندنی بوونی مرۆڤایەتیخۆیدا ، تەنیا لە سنووری باری کۆمەڵایەتیدا راگیرنەبوە ، بەڵکو بە بۆوەرەوە ، لەمەیدانەکانی زانستیو رۆشنبیریو زیاتر هوشیاری پەروەردەییدا دەوری خۆی بە چاکی دەگێڕێو ئیستا ئەگەرچی کەمێ - بەڵام ئەوەندە ئافرەتمان هەن کە لە مەیدانی زانستیدا بڕوانامەی بەرزیان وەرگرتوەو شایانی ئەوەیە وامانلێبکا بە هیواوە سەیری پاشەڕۆژ بکەین .

-« خوشکە خەولەرەووف » یەکێکە لەو کچانەی بڕوانامەی ماستەری لە زانستی زماندا لە لەندن بە پلەیەکی باش وەرگرتوەو لەم دواییەدا گەرایەوە بۆ وولات بەم

خوشکە خەولە لە زانستی زمانناو ئافرەتی خۆمان دەدوێت

سەرکۆل تیمور ئامادەی کردوە

بۆنەیەوە هاوکاری ئەم گفتوگۆیەی لە گەڵ کرد

- پێش هەموو شتێك هەزنەکەین شتیك دەربارەی بڕوانامەکەت رونبکەیتەوە چیو لەچیدا وەرتگرتوە ؟

بڕواتامەکەم دەربارەی زانستی زمانە ، دوای ئەوەی بەشی ئنگلیزی کولیجی ئادابی زانکۆی بەغدام تەواوکرد بو ماوەی دوو ساڵ خۆیندنی تر ماستەرم زانکۆی کاردیف لە بەریتانیا وەرگرت .

زانستی زمان خۆی لە خۆیدا شتێکی تازەیەو ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵ دەبێ بە شیوەیەکی سەربەخۆ لە زانکۆکانی ئەورووپادا دەست بەخوێندنی کراوەو لەساڵی ١٩٧٤ لە کۆرسێکم لێخوێندو ئەوە هانیدام بۆ بەردەوامی خوێندنی ئەم زانستیە چونکە ئەم زانستیە تەنیا زمانێکی تایبەتی ناگرێتەوە خوێندنی زمان بەو مانایەی کە چۆن زمان هۆی لەیەك گەیشتنەو گەیاندنی بیروڕاو پەیوەندی لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکیتر ، من لە باسەکەی خۆمدا ئەم بۆچونەوە هەوڵمداوە زمانی کوردی بخەمە ژێر تیشکی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە زانستیا . هەر چۆنێك بێت هەنگاوێکە لەم رووەوە لە زمانی کوردیداو مەودای لێکۆڵینەوەو قوڵبونەوشی تیایدا فراوانە . تا ئیستا شارەزایانی زمانی کوردی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا متمانەیان بە زمانی عەرەبی یان زمانێکی ئەورووپی کردوە کە ئەمە بۆتە هۆی سەپاندێ هەندێ پەیوەندی بەسەر زمانەکدا کە لەزمانی کوردیدا نیە .

لەبەر ئەوە ئیستا زانستی زمان لە هەر زمانێك بە شێوەیەکی سەربە خۆ دەکۆڵێتەوەو وەك جاران متمانە بە شتی گشتی ناکات کە بۆ هەموو زمانێك دەست بداتیان جۆری بەکارهێنانی -فعل- و -فاعل- لە زمانیکا چۆنە بەسەر ئەوی تردا بسەپێ ئەگەر واگرابێت لەوەوپێش ئیستا لێکۆڵینەوەی نوێ دەری‌خستوە کە دەبێ هەر زمانێك بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێ بکۆڵرێتەوەو تایبەتێتی زمانەکە بگەیەنێ وەك رادەی فۆنۆ تیك (فونۆلوجی) مۆرفۆلۆجی (سینتاکس (ئەم رادەیان کەمتر لە گەڵ تکرت)

- باشە نیازی ئەوەت هەیە بڕوانامەکەت چاپبکەی ؟

بڕوانامەکەم بە شکلیە لەبەر ئەوە بیرم لەکردوەتەوە لە چاپی بدەم ئەوەی کردومە تەفەللایەکی بچوکە ئەگەر گونجا دەمەوێ باسێکی لەوە فراوانتر بەچاپ بگەیەنم .

-تا چ رادەیەك سوود لە بڕوانامەکەت وەرگیراوەو ئایا ئیستا لە شوێن شارەزایی خۆتا کاردەکەی ؟

تاکو ئیستا هیچ سوودێکی وای لێوەرتەگیراوە چونکە لە شوێنی کارناکەم پەیوەندی بە بڕوانامەکەمەوە هەبێ بەڵام لەمەو دوا ئەوە دەبێ

- بازمانو بڕوانامەکەت بەچیبیلین توژێك باسی هۆنە تایبەتیەکانی ژیان بکەین بە تایبەت وەك ئافرەتێك لەم رۆژەدا کە لە دەرەوی سنوور بە تەنها خوێندبیتی .

خۆشەویستی خوێندن هەموو کەسێکی لە بیربردبومەوە هەروەها گویم نەدەدایە قسەی خەڵكو بە متمانەکردنە سەرخۆم نەم هێشت تەنیایی و زەحمەتی ژیانو ناخۆشی کاربکەنە سەر خوێندنەکەم .

-ئەگەر شتێکی گشتی بە ئافرەتی کورد بڵێی چی دەڵێی ؟

شارەزابوونو هوشیاری بە سوودترین رێگایە کە بە کاری هەموو کەس دێ چ کچو چ کور لینجا هەموو کەس خۆیو بیروڕای خۆی هوشیاریو شارەزایی چۆن دەبینێ جۆن هەڵبان دەژێرێو بە باوەڕی من تەواوکردنی زانکۆو وەرگرتنی باوەڕنامە هەموو شت نیە ئەگەر هوشیاری خۆ پێگەیاندنی لەگەڵ نەبێ .

- ئەو ماوەیەی لە دەروەی وولات بووی چ شێوازێکی بەراوردی ئافرەتی خۆمانو دەرەوەیلا دروستکردی ؟

ئافرەتی خۆمان زۆر مەغدورەو هەڵی زۆر کەمی بۆ هەڵکەوتوە ، لەو ماوەیەدا گەیشتمە ئەو راستیە ئافرەتی ئێمە هەڵی بۆ هەڵکەوی و ماوەی سەلماندنی توانای مرۆڤایەتی لە بەردەما بۆ هیچی لە ئافرەتی تر کەمترنیە .

- ئەوەندە لە مەسەلەی ئافرەتو رۆشنبیری دەکولینەوە وەك ئافرەتێکی خوێنەواری کورد بیرورات چیە بە چاپکراوە کوردیەکان.؟

بە راستی حەزم ئەکرد ئۆزی زیاتر بایەخ بە واقعی خۆمان بدرێ بە تایبەتی مەسەلەی ئافرەت کە هێشتا لەو چاپکراوانەدا شوێنی خۆی نەدراوەتێ .

---

* هەڵبژاردە

گریانی منداڵ

لەو هەموو تۆژینەو لێکۆڵینەوانەی زاناپانی دەروونناسی کردوویانە وای بۆ دەچن کە گریانی منداڵ لە وون‌کردنی یاریەکانی یاخود نەمانی یەکێك لە دایك‌و باوکیەوە یاخور هەردووکیان دەستپێدەکات .

هەرچۆنی بێت ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو بابەتە دەوێن بەردەوام دروپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێویستە منداڵ لەو حاڵەتە دەروونیە دەربهێنرێتەوەو ساتێکی دڵخۆشکەرو خۆشتر ببرێت . لە ئەگەڵیدا هەست بە سۆزو خۆشەویستی بکات وەك ئەوەی دایکەکەی لە ئامێزی بکاتو داخوازیە کەی جێبەجێبکرێت بەڵام بە مەرجێك کە ئەو نازو فیزە بەرەو هەڵدێری نەبات .

● محمود درویش شاعر راوێژکاری رۆشنبیری ●

لەم دوایەدا شاعیری ناسراوی فەلەستین محمود دەرۆیش کراوە بە راوێژکاری رۆشنبیری ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی دەولەتە عەرەبەکان هەروەها ئەمانەتی گشتی بەکێتی ئەدیبانو رۆژنامەنووسانی فەلەستین بریارێك دەرکردوە بە پێی ئەم بریارە دەرۆیش دەبێتە سەرنووسەری گوفاری بەکێتی - کە ناوەکەی دەگۆڕی بە -الاقواس- بۆ ئەوەی فراوانتربێتو ببێتە پەنجەرەیەك بۆ ووشەی پێشکەوتنخوازی دیموکراتیانە بۆ هەموو نووسەرێکی عەرەبیو بێگانە .

● ئەلکترۆنو رۆژنامەنووسی

رۆژنامەنووسی ئەمەریکی لەگەڵ سەرەتای دەرچوونی رۆژنامەی -ماتین ریدەر - و -کۆلۆمبوس دیسباتش -یەکەم دوو رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە پشت بە مێشکی ئەکیلترۆنی دەبەستن وەك ئامرازێك بۆ گواستنەوەی دەنگوباس بۆ جەماوەری خوێندەواران لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکادا رروبەرووی گێرمەو کێشەیەکی حەقیقی دەبێت

بەڵام چۆنیەتی کارکردنی رۆژنامەی ئەلیکترونی - ئەوە مێشکێکی مەرکەزیی ئەلیکترونی هەیە دابەشدەبێت بۆ چەند لقێکی بچووکی ئەلیکترۆنی کە لە خانووی هەموو پەشدارانی رۆژنامەکە هەیەو .. مێشکە مەرکەزیەکە لە رێگەی تەلەفۆنەوە باخود لەرێگەی کێبلاتی دیارکرواوەو کە دەگەیەندرێتە خوێندەوارانەوە بەلقە مێشکە بچووکە ئەلیکترۆنیەکانەوە دەبەسترێت .

خوێندەوار پەرەکانی رۆژنامەکە هەڵدەداتەوەو هەربابەتێك کە سەرنجی راکێشا دەداتە مێشکی ئەلیکترۆنیو مێشکە ئەلیکترۆنیەکەش بە شێوەیەکی دوورودرێژ بەرانبەر بە پێنج دۆلار لە سەعاتێکدا بۆی لێکدەداتەوە.

● دوکتۆری گەرۆکی دان ●

سوبسرا لە سەرووی لیستەی دەولەتانی جیهانە لەرووی حزنیەتی پاراستنی ساغو سەلامەتی ددانەوە سەبریشی یە .. ئەم وێنەیە بەڵگەی شایەتیە . چونکە ئەر پاسە گەرۆکە کە بە وێنەی جوانو رەنگاورەنگ خەملێنراوەو ، سەرنجی منداڵە وردیلەکان رادەکێشێ .. چەندەها دوکتۆری ددانسازی تێدایە لە گوندێکەوە دەچنە گوندێکی دیکەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆیە پێویستیەکانی پاراستنی ددانی منداڵانلە ناوچووندا .

جیهانی منداڵان

بووکە شووشە و باوك

کەمنداك بووم زۆر جار حەزم ئەکرد هەرچی بووکە شووشەی بازارەکەمان هەیە بۆ خۆم بێت ، بۆیە زوو زوو یەخەی دایکە کلۆڵەماندوو بووەکەم ئەگرتو داوام لێ‌ئەکرد بۆم بکڕێت ،ئەویش مەندێ جار بەوە دڵنیای ئەدامەوە کە لە دار بووکە شووشەیەکی بۆ دروست ئەکردم بەڵام کە زۆر بێزارم ئەکرد لێم تورە ئەبوو بگرە لێشی‌ئەدام ... ئەوەی بە منداڵی ئازاری‌ئەدام ئەوە ئاوازە خۆشەبوو کەلە ناو هاوڕێکانمدا گوێم‌لێ‌ئەبوو ئەویش ووشەی باوکبوو کە لە ژیانمدا پێی شادنەبووم کە ئەیان وت ئەمڕۆ باوکیان بوکی بۆ هێناونەتەوە جا زۆری ئەو داخوازیانەی کە لە دایکم ئەکرد بۆم بێنێتەدی ئەوەبوو کە لە بازاڕ باوکێکم بۆ بکڕێت ! ! ! ئەمەو هەزارها پرسیاری‌تر کە لە دەروونە بچووکەی تۆڵەکەم دەهاتە دەرەوەو ئاراستەی ڕووی دایکمم ئەکرد ئەمانەش هەمووی بێ‌وەڵام مانەوە .. ....

بێدەنگی دایکمو چاوەڕوانی کردنی بووکە شووشەو باوك کە بە تەمابووم دایکم لەبازاڕ بۆم بکڕێن بوونە هۆی توانەوەم تا وام لێهات بزومە بووکە شووشەیەك بۆ ئەو منداڵانەی کە باوکیان نی‌یە !!!

ئاڤێستا غفور داراغا

شیعر بۆ منداڵان

جەباری حاجی کەریم

بەبە

بەبەکەم بێژە دایە
من بۆت دەکەم لایلایە
دایە منی وا فێرکرد
هەر جاری تۆ وڕکت گرت
سووك سوك پاڵت پێوەبێم
گۆرانیشت بۆ بڵێم
ئینر کەم هەنسك هەنسك
دایە ڕۆشتوە بۆگسك
دوای خاوێنی حەوشەو بان
ئنجا دێتەوە لامان
دەم دەخەینە شیری مەم
منیش تەماشا دەکەم
بێ گریان مەمە نۆش کە
پێکەنەو دڵمان خۆشکە
بابە لە کار هاتەوە
نوزە نوز نەتباتەوە
بەبەی ناسکی چاوشین
با بۆ خۆشی یەك بژین

ورچیك و دوو هاوڕێ

دلێرو سالار دوو هاوڕێی ئیبانی بەگیانی یەکتربوون . رۆژێکیان بە یەکەوە لە دارستانێکدا ڕێیان دەکرد دلێر وتی : ئەگەر هەر درندەیەك توشتهات مرهەوڵی رزگارکردنت دەدەم . سالاریش وتی منیش هەروەها .

دوای ماوەیەکی کورت . کوێیان لە دەنگە دەنگێك‌بوو ، کەسەریان هەڵبڕی دیتیان ورچێك لە نێو درختەکاندا هاتەدەر دلێر لەبەرلەش‌سووکی خۆی خێرا بەسەردارێكدا هەڵگەڕا . بەڵام سالار چونکە قەڵەوبوو ، نەیتوانی سەرکەوێتە سەردارەکە . لەترسان پاڵکەوت وورچەکە هەندێك لەسالار نزیك‌کەوتەوە لۆزی لەبنا گوێی خشاندو نەختێ بۆنی‌کرد وای زانی مردووە ! بۆیە وازی لێ‌هێناو ملی ڕێی گرتەبەر پاشان دلێر لەسەردارەکە هاتەخوارەوەو وتی : ورچەکە کاتێ لۆزی لەبنا گوێت خشاند چی‌ی پێت وت :

سالار هاتە وەڵام : پێی ووتم: **لەگەڵ هاوڕێیەکدا ڕێ مەکە تو لە تەنگانەدا بیت‌ئەو هەووتی ڕاگردن بدات .مشك‌و زەنگەکە**

مشك و زەنگ

ماڵێك مشکی زۆریان هەبوو بۆیە خاوەن ماڵەکە ناچاربوو پشیلەیەکی پەیداکرد ، ئەو مشکەکان کە بەم کارەی زانی ووتی :

دەبێ هەموو مشکەکان ئەمشەو لە لانەی مندا کۆببنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەك بۆ ئەم پشیلەیە .

بۆ شەو زۆربەی مشکەکان ئامادەبوون گەلێکیان قسەو پێشنیازی خۆیان دەربڕی . بەڵام هیچیەکیان چارەسەر- یەکی وایان ئەدا بە دەستەوە لە کوتاییدا مشکێك لە هەموویان بەتەمەن بچوکتربوو هاتەوەڵام ووتی :

باشترین چارە ئەوەیە زەنگێك بە کلکی پشیلەکەوە بکەین بۆ ئەوەی هەر کە لێمان نزیك کەوتەوە خێر بۆی دەربچین‌و لە دەستی رزگاردەبین . گەورەی مشکەکان پرسی ..

کامتان دەتوانێت زەنگێك بە کلکی پشیلەکەوە بکات ؟

دەمێك چاوەڕوان‌بوون بەڵام هیچ کامێکیان وەڵامیان نەدایەوە ... لە کوتاییدا وتی: قسەکردن ئاسانە بەڵام نیشە پێ‌کردنی گرانە !!

فاریق قرەبگی

بە دەستکاریەکی کەم لە ئینگلیزییەوە کردویەتە کوردی

دوو چیرۆك بۆ منداڵان

Institut Kurde de Paris

بەکامیرای مەغدید حاجی

دەقی ووتاری سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لە کۆڕی کەلەپووری بیناسازیمان و بیناسازی عەرەبی دا

دەگەڕێینەوەو کە بەرهەمی گیانی و ماددی نەتەوەیە بە ڕۆڵێکی سەرکردەیی داهێنەرانەی مرۆڤ لەو سەردەمانەدا ..

● دەبێت ڕۆڵی ئێمە سەرکردەییانە بێت

کاتێك دەگەڕێینەوەو لە سەر ئەم بناغەیە کەلەپوور تێ دەگەین نابێت ئەوە ببینین نەتەوە لەو سەردەمانەدا چەوساوەتەوەو لە ژێر دەستیدا بووەو بەو واتایەی کە باسی دەکەین کەلەپووری هەبووەو ناکرێت ئەوە ببینین کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتیی و لە ڕۆڵیدا گوێی پێنەدراوە لە گەل ئەوەیشدا ڕۆڵێکی سەرکردەیی لە پەرەپێدان و جەوجووڵ پێخستنی ژیاندا هەبووە .. دەیبینین سەربەست بووەو دەیبینین پەیامێکی روونی هەبووەو دەیبینین سەرکردەیی بووە بۆ ئەوەی کەلەپوورێکی لەو چەشنەی هەبێت کە باسمان کرد ، ئەمەیش دژی ئیمپریالیزمە ، کەواتە بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ، ئەوەکانی داهاتوومان هەبێت شانازی بەم سەردەمەوە بکەن تیایدا دەژین و شانازی بە کەلەپوورمانەوە بکەن دەبێت سەربەست بین و ڕۆڵمان لە ژیاندا سەرکردەیی بێت .. واتە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە مادەو کات و گیاندا بە ڕۆڵێکی تێکەڵاوبووی سەرکردەیی ئەمەیش دژی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمو .. دژی بەرژەوەندییەکانی کلکایەتی و دژی بارودۆخی کلکایەتی و .. دژی باری سەر شۆڕکردنە .

● دەست پێکردنی جەوجووڵی ڕۆڵی داهێنەرانەی مرۆڤ

لەبەر ئەوەیە دەبێت بە گژی ئەم چەشنە پەیڕەودا بچین .. ئەگەر بە هۆشمەندی بووە یان بەبێ هۆشی ، دەبێت ئەو کەسانە ڕزگار بکەین کە بە هۆشمەندی یان بەبێ هۆشی یاسایان دەرکردووە باری ووشکەوە بوون بە سەر ئەفلێتی عەرەب و ئەفلێتی عیراقی و ئەفلێتی تووندسی و جەزایری و مەغربی و میسری و سوریایی دا دەسەپێنێتو لە هەموو جێگایەك لەبەر ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت چەند دەست پێکردنێك بهێنینە ئاراوە ڕۆڵی داهێنەرانەی مرۆڤ بخاتە جەوجووڵ و نامانەوێت چەند یاسایەك دەر بکەین دەستوپێ ببەستنەوە .

چونکە یاسا لە زۆربەی کاتدا بگرە کاتێکیشە پێشکەوتنخوازانە بێت ئەوا باری پێشکەوتووە لە گەل ئەو بارەی لێوەیەوە هاتووەتە کایەوە کە باری کیژی ئەو واقیعە پێك دەهێنێت ئەوا ڕاش تێپەڕبوونی ماوەیەك دەبێتە باری ڕابوردوو ئەگەریش نەگۆڕێت و جەوجووڵی پێنەخرێت دەبێتە بارێکی باڵبەست بۆ مرۆڤ لە چالاکیکان و لە ڕۆڵی سەرکردەیی لە کۆمەڵدا ... کە برادەر چادرچی ووتی کۆڵان و کووچەکان لە بارێکی پێ هۆشی دان لە چالاکی ی مرۆڤدا لەو کاتەدا مەبەستی ئەوەیە وەك من تێ ی گەیشتم ئەو بارەی مرۆڤ تیایدا لە واقیعدا ژیا لە هەندێك لە لایەنەکانیدا نەك ئەو بارەی کە مرۆڤ تیایدا سەرکردە بوو بە ئاواتەوە سەرنجی بەرەوپێشەوە چوونی دەدا بە ڕۆڵێکی سەرکردە کردنەوە .. لە چالاکی ی ڕۆژانەیدا ئەو ئەلقە کراوانەی خستبووە پێش چاو بۆ پێشڕازی لێکردنی هەموو بەرەسەندنێك کە ڕوو دەدات .

● هەر تیوورییەك وەرگیرابێت .. کارێکی کۆنە

پاش ئەوە دێین لە ڕۆژئاوا غەیری ڕۆژئاواو شت دەگوێزینەوە بەم کارەمان وامان لێدێت بە شێوەیەکی عەمەلی بزووتنەوەی داهێنەرانەی سەرکردەیی مرۆڤی عەرەبمان لە کار خست .. لەبەر ئەوە لێرەدا لە عیراقدا دەڵێین هەموو تیووری یەکی وەرگیراو لەوانەیش هونەری بیناسازی کارێکی کۆنە پەرستانەیە چونکە هەموو ئەوەی ڕۆڵی سەرکردەیی داهێنەرانەی مرۆڤ لە کار دەخات کۆنە پەرستانەیە ئیتر لەم چەشنەیش وەرگرتنی تیووری ی سیاسی و فیکری لە دەرەوە بە تەواوەتی کارێکی کۆنە پەرستانەیە .. دەبێت تیووری گیانی نەتەوە دەربڕێت و ئاواتو خواستەکانی بۆ پێشەوە بە ڕۆڵێکی سەرکردەیی قوربانی بەخش و بە جەرگ و هۆشمەندانە بۆ مرۆڤەکەی دەبڕێت لەوەیش دا هیچ چاکەیەکی نییە ئەگەر کتێبێکمان لە کتێبخانەیەك لە دەرەوەی نیشتمانەوە هێنا بۆ ئەوەی بیروڕاکانی لە نیشتمانی عەرەبدا جێ بکەین هەرچەندە ئەوانەی باوەڕیان بەم پەیڕەوە هەیە لە شۆڕشگێڕێتی ی خۆیان بدوێن ئەوا کۆنە پەرستن .

بەڵام وەك باوەڕم هەیە پەیوەندی یەك لە نێوان کەلەپوورو میراتدا هەیە لە سەر ئەم بناغەیەیش ناکرێت بڵێین کەلەپووری نەتەوە بارێکی سلبی و نیجابی یە لە نەتەوەدا بەڵکوو باری نیجابی یە لە نەتەوەدا واتە باری ڕاپەڕینی داهێنەرانەی مرۆڤ بە تێکەڵاوبوونی لە گەل ژیاندا لە پەیوەندی ی بە کات و مادەو گیانەوە .. واتە کاتێك پەکێك لە ئێمە یەکێکی تر پێ ی دەڵێت باوکت چی ی بۆ بە جێ هێشتوویت پێ ی ناڵێت فلان قەرزو فلان قەرزو فلان قەرزی بۆ بە جێ هێشتووم .. واتە میرات باری خراپ نییە بەڵکوو دەبێت لەو شتە بدوێت بە باشی بۆی بە جێ هێشتووە لەبەر ئەوە لە سەر ئەم بناغە سەیری کەلەپووری نەتەوە دەکەین لە گەل ئەو تێگەیشتنەماندا هەموو نەتەوەیەك شتی سلبی و شتی نیجابی ی لە ژیانیدا هەیە .

● لە گەل لووتکەکاندا بەردەوام دەبین

لەبەر ئەوە ئێمە نامانەوێت ڕابوردوو بگوێزینەوە بەڵکوو ئەو دابڕانە بسەپێنین کە لە نێوانی ڕاپەڕین لە نەتەوەداو . لە نێوان باری شۆڕقی دا ڕووی دا . دابڕانێك لە بەردەوامی ی گیانی نەتەوە بە شێوازی داهێنەرانەیدا ڕووی دا .. نەتەوە لە بارێکی ڕاپەڕینیدا دەژیاو پەندی بە هەموو مرۆڤایەتی پێشان دەدا ئەنجا ئەم دابڕانە بەهۆی ئەو بارودۆخی شۆڕقی یەوە ڕووی دا کە نەتەوەی پێدا تێدەپەڕی ، ئێمە بە کاری جەوجووڵ پێخستنی ڕابوردوو دەمانەوێت ئەم دابڕانە کۆتایی پێ بهێنین ، لە گەل لووتکەکاندا بەردەوام بین نەك لە گەل شێوەکاندا پردێکیش لە نێوان ئێستاو ڕابوردوودا پێك بهێنین و لە گەل ئەو لووتکانەدا بەردەوام بین کە نەتەوە لە کەلەپووریدا بۆی بە جێ هێشووین نەك لە گەل ئەو بارە سلبی یەی تیایدایە .

ئەمەیە وەك بۆی دەچم ئەو سەرنجانەی کە ویستم پێتانی ڕابگەیەنم جەزیش دەکەم لەگەلتاندا بە ردەوام بم بەڵام دیسان کاروباری ترمان هەیە ویستم ئەم سەرنجە خێرایانە بڵێم و لە بواری شارەزاییم دا سەرنجی خۆم پیشان بدەم بەڵام لەوانەیە لە لێدوانەکانتاندا سوود بەخش بن ئەگەریش ڕاستم کرد ئەوا چاکە بو ئێوە دەگەڕێتەوە ئەگەریش هەڵەم کرد دەکەوێتە سەر خۆم .. زۆر سوپاس .. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .

ئەگەر خودا حەز بکات سەرتان لێ دەدەمەوە .. هەرکە هەڵیکم دەستکەوت یان وەدەستی دەهێنم دێم بۆ ئێرە بۆ لاتان بۆ ئەوەی لێتان تێبگەم و سوودتان لێ ببینم .. زۆر سوپاس .

لە کۆبوونەوەی شەودا

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین دووپاتی ئەکاتەوە : دەورێکی دەرکەوتوی عەرەب لە خاکا مەبەستە .

هەروەها بەرێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەشداری کۆبوونەوەی نەدوەی کەلەپوری خانووبەرەی نوێ ی عەرەبی کرد کە لە هۆڵی ئەنجوومەنی نیشتمانی شەوی ١٥ مانگ کۆبونەوە .

سەرۆکی فەرمانده بەرێز صدام حسین وتارێکی بەنرخی داکە ئەمە دەفەکەیەتی .

چەند تێبینی یەکی کەمم هەیە کە پەیوەندی بە شارەزایی خۆمەوە هەیە .. کە سەرەتاکەی من لەوپەڕی بەختیاریدام بەو کیانە شیاوەی کە لە گفتوگۆکانتانا هەیە .. ئەم جیاوازی و دەرخستن و گونجان و ڕێکەوتنە بایەخی ئەم نەدوەیەو نرخەکەی دەر ئەخەن .. دڵنیان لەوەی کە کاتێ بە ڕێرەوێکی گشتی هاوبەش کەلاڵە ئەبێ نرخی قوڵتری ئەبێ نەك بەدرێژە پێدانی هاوبەش ، هەروەها لە هەموو بەشێکدا دەورێکی بنەڕەتی ئەبێت سەبارەت بە چونیەتی هاونیشتمانی و بۆ ڕۆشنبیر کردنی شارەزایان بە تێ بینی و پاراستنی گەلێ کار کە دەربارەی وتراوە .. کە لە نەدوەی سەر لەبەبانی و لەم نەدوەیەدا سەبارەت بە هاودەمی و کەلەپورەوە لە لایەن برایانی گفتگۆکەرانەوە لە بارەیەوە وتراوە .

ئەبێ لەدوو تاسەی چەوت دورکەوینەوە .. تاسەی لاسایی کردنەوە جا ئەگەر کۆن بێ یان تازەو لە تاسەی داخستن بەناوی دووپات کردنەوەی ئەوانە کە هەر تایبەتین بە مەسەلەی نەتەوەی و نیشتمانیەوە .

بناغەنانی شارستانیەت

ئەبێت لە بیرمان نەچێت کە تافی کردنەوەی ... سەرنجەکانی مرۆڤایەتی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کە لەبەرێ بێ بەش نەبوە کە بروانێت بە سەر دنیای تافی کردنەوەکانی مرۆڤایەتی تردا بە درێژای سەدەکان ، لە بەر ئەوە لە گەل ئەوەی کە عەرەبو ئەمەش کارێکە کە ئێمە خۆمان بابڵێین بەڵکو هەموان ئەڵێن بنیاتنەری یەکەم شارستانیەتی مرۆڤایەتین لە گەردوندا و وەك مەلبەندێکی روناکی لە مەکەی پیرۆزو لە مەدینەی روناکەوەو لە دۆڵی دوو روبارو دۆڵی نیل و لە ئەلێ شوێنی تری نیشتمانی عەرەبدا کەلکیان بە مرۆڤایەتی گەیاندوەو لە مرۆڤایەتیش کەلکی بایەخداریان وەر گرتوە .

لە کاتێکدا کە شارستانیەکانیان مرۆڤایەتی بەپێز ئەکرد هەرواش شارستانیەتەکانیان لەبەرهەمی بیری و زانیاری گورج و گۆڵی و هەندێ جار لە ڕێك وپێکی و مرۆڤایەتی وەر ئەگرتو گەلێ جار چارەسەری خودپەرستی و تاسەی بەرەو داخستنی چار ئەکرد لە تافی کردنەوەکانی مرۆڤایەتی ئەمیش بە بڵاو کردنەوە یاخود بە تێکڕای ئەو سەرنجانەیان ئەوشتانەی لە بارەی نەتەوایەتی میللەتانەوە تایبەتن بە جۆرێ کە تایبەتو گشتی بە شێوەیەکی نازاردەر پێکەوە بگونجێن ئەچینە سەر سەرنجە نەتەوەی یەکان .. هەندێ جار رو ئەدات نەك چەوتە لەوەی تایبەتی یەکی نەتەوایەتیو لەگەل بیروباوەڕی ئاینی دا ناگونجێ یان تایبەتی نەتەوەی لەگەل تێگەیشتی مرۆڤایەتی دا ڕێك ناکەوێ یان ئەچین بۆ لای سەرنجەکانی مارکسیەت یاخود تایبەتی نیشمانی و نەتەوەیمان بەسەر فراوانی بیروباوەر یان بیروباوەڕی ئاینیمان دابەش ئەکەین بە شێوەیەك کە دەوری مرۆڤایەتیمان لە جیهانی ئەمڕۆدا لە دەست بدا .

لەم گورج و گۆڵیەی کەدەربەی ئەدوێن کە هونەری خانوو خانوگەرێتی یە هەروەك هەمو گورج و گۆڵیەکانی تر گومان لەوەدا نیە کەشێوەیەکە لە ژیان و شێوەیەکە لە ژیانی نەتەوەکان و بەستراوە بە قۆناغەکەیەوە .. بەستراوە بە ڕەگی مێژووی کۆن کە پێش ئەو شارستانیەتیە کەوتوە کە هونەری خانو خانوگەرێتی وەبەر دێنێ و یان هی تر کە بەستراوە بە گیان و بە مادەو بە کاتەوە چونکە بە ستراوە بە پێویستی یەکانەوەهەر ئالەو کاتەشدا بەستراوە بە بیروباوەڕێکەوە کە کاری تێ کردوە ، چەوتی نیە ئەگەر بڵێین کە هونەری خانووبەرە کەئێمە لە بارەیەوە ئەدوێین کە هونەری خانوبەرەی عەرەبی و ئیسلامی یەو دڵنیاین لەوەی کە شێوەی ژیانی عەرەبی و شێوەی هەڵسان و دانشتنیان و عەقلیان پێش دەرکەوتنی ئیسلام کاری تێ کردووە . لەژیانی عەرەبی پێش ئیسلام دوو نەکەوتۆتەوە ، کەئەمە ئەڵێن هیچ لەو دەورە مرۆڤایەتی یە دور لە تایبەتی نەتەوایەتی یە یان بەپێز کردنی تایبەتی نەتەوایەتی بە دەوری مرۆڤایەتی جیهانی کەم بکەینەوە کە ئیسلام بە عەرەبی بەخشیوە .. بۆ ئەمە پشت بە ئاینی ئیسلام خۆی ئەبەستین ، پشت بە قورئانی پیرۆز ئەبەستین کە دووپاتی ئەکاتەوە کە قورئانی عەرەبەو پشت بە زۆر ئایات و کردەوەکانی پێغەمبەر ـدـ بۆ دووپات کردنەوە یان شێوەی عەرەب لە ڕێ ڕەوی موسولمانەکاندا بە گشتی ڕەنگی دایێتەوە نەك هەر لە ڕێ ڕەوو ڕەوشتی عەرەبدا بێ بە تەنیا .. ئەم دووپات کردنەوەو سوربوونەوە لە لایەن خوای گەورەوە .. سور بونێکە کە هەمیشە عەرەب هەڵگری ئاین بوون وەك نامەیەکی مرۆڤایەتیانە بەرەو گەردون .. ئەم سوربوونە دووپات کردنەوەی دەوری دەرکەوتووی پیویست لە عەرەب ئەکات لە سەر زەوی دا کە لە هەڵگرتنی نامەکانی ئاسمان دا پێ ی هەڵسێ بۆ دووپات کردنەوەی ئەو توانا کە عەرەب هەیەتی بە شێوەیەك کە گومان هەرگیز ناگرێتە خۆی .. ئەگەر وانەبێ ئەم هەموو سوربونەو بێ وچان پێغەمبەرەکان و ئاینەکان بۆ لە نیشمانی عەرەبدا پەیدا دەبن .

چەرخە مرۆڤایەتیەکان

لە دەرەوەی نیشتمانی عەرەب ناکرێ ئەم نامە مەزنانە دەست گیربن .. ئەوەش هونەرێکی خانووبەرەی عەرەبی ئیسلامی یە واتە شێوەیەك لە ژیانی عەرەب ، کاتێ کە بڕەوی پێدراوە .. لە کەژو بە گوێرەی خواستی نامە مەزنە ئیسلامیە بڕەوی پێدراوە کە بۆتە بەشێکی بایەخداری شارستانیەتەکەی کە تەنیا هەر لە چوارچێوەی کۆمەڵی عەرەبدا نەماوەتەوە بگرە گەیشتۆتە کۆمەڵگەکانی تر بە تایبەتی کۆمەڵگە ئیسلامی یەکان .

دوایی کە دووپاتی تایبەتی بیروباوەڕو تایبەتی نەتەوەیی ئەکەینەوە شانازیان پێوە ئەکەین و ئەبێت بەروی جیهاندا داخراو نەبین چونکە داخستن زیانی گەورەمان پێ ئەبەخشێ . لێرەدا نەسەدە نەتەوایی و نەسەدە دینی یەکان هەن بگرە هەموو سەدەکانی مرۆڤە تا ڕادەیەك لە کەژێکی هاوبەش دا .

سەدەی هاوکۆی

بەو تایبەتیانە کە بە سەر ئەو کەژەدا ئەڕوانێ .. چەند زاراوەیەکتان لێ ئەخوازم .. ئەو تایبەتیانەی بە سەر ئەو کەژەدا ئەڕوانن بە تایبەتیە نەتەوەی یەکان لە قەڵەم ئەدرێن وەبە سەر ئەو کەژەدا ئێستا ڕوانین زۆرترە وەك ئەوەی کە بووە لە چاخی کشتوکاڵدا .. بۆ نمونە پێش شۆڕشی بیشەسازی بە هۆی گۆڕانی کەلوپەلی هاتوچۆو گواستنەوە باپیرانمان بە چەند مانگێك نەبوونی نەیانتوانیوە بگەنە ئەندەلس بەڵام ئێستا بە چەند سەعاتێك بگەن و پەیوەندیتان لە گەل نەتەوەکان وەك کۆن نیەو پێویستی ئێوە بە نەوەکان و هی ئەوان بە ئێوە زیادی کردووە .. لێرەدا چاخی هاوکێیی بۆ مرۆڤایەتی هەیە کە ئەویش چاخی ئەمڕۆیە تایبەتیە زانیاری یە گشتی یە هاوکۆیە .. زانیاری و تەکنیکی بە گشتی یە هاوکۆی یە .

ڕەت کردنەوەی گواستنەوە .. ڕەت کردنەوەی لاسایی

ڕەت کردنەوەی گواستنەوە .. ڕەت کردنەوەی لاسای دووپات کردنەوەی ناوێ خانویەك لە طۆکیو ئەبینین و بە لامانەوە سەیرەو دێین لێرە وەك ئەو دروستی ئەکەین .. ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوێ ئەبینین و دێین لێرە جێ بەجێ ی دەکەین .. چەندکارێکی دەستنیشان کراو لەوێ ئەبینین و لامان وایە کە ئەمانگەیەنێتە ئەو پلەیەی کە ژاپۆنیەکانی پێ ی گەیشتوون . ئەبێ ئەوە بزانین کە گورج و گۆڵی لەوێ لە لایەن گەلێ گورج و گۆڵی کۆمەڵایەتی هاوکێیی هەیە .. ئەمە کارێکی ڕەت کراوەنیە بگرە کارێکە کە ئەبێ لە شیوەیەکی واقیعدا مامەلەی لە گەلدا بکرێ

واتا بە لێ تێ گەیشتنی نەك بە لاسایی کردنەوەی هەر بەنموونە نەك بە گشتی .. ئێمە هەموومان چاکەتو پانتۆل لەبەردەکەین و کەسوکارەکانمان ئەوەیان لەبەرنەکردووەو ئەمەش بووەتە تایبەتی یەکی هاوبەش بۆ زۆر گەلانی دنیاو وا بزانم تایبەتی یەکی هاوبەشی هەموو سوپاکانی جیهان ، کەوابێ دەبێ هەندێ لایەنی کردەوەیی بەیەکەوە بەستراو هەبێت کە هەمووان سوودی لێ وەربگرن بەبێ ئەوەی تایبەتی بە نیشتمانی و نەتەوەیی کانیان بروشێنن ئیتر ئێوەش هەمووتان پەسندی دەکەن چونکە بە ژیانی کردەوەیی تازەو پێویستی یەکانی یەوە بەندە .

لەبەرئەوە ئەمە لەوانەیە کە بەلاوەنرێت و حالێکی وا نەبێت کە زیان بگەیەنێت بە تایبەتی یە نەتەوەیی و نیشتمانی و بیروباوەڕەکان بەنموونە .. نان لەسەر مێزخواردن حالێکی هاوبەشە لەنێوان هەموو کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی ، لەو بڕوایەشدا نین کە ئەمە زیانی هەبێ ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەڵکە بەڵام حالێکی داسەپێنەر نیە بۆ مەبەستێك بەڵکو حالێکی خۆهەڵبژێرە بۆ کاربێ کردن .

کەوابێ سەرەڕای شانازیمان بە تایبەتی یە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانمان و سەرەڕای شانازیمان بە بیروباوەڕە ئاینی یەکانمان دەبێ بزانین کە هەڵسوکەوت لەگەل ژیانی تازەدا پێویستە ، بەڵام نەك بە مێشکێکی داخراو بە ڕەت کردنەوە یان بە پەسندکردنەوە .. خوای گەورەش سبحانە وتعالی گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی دەوێ ، ئەگەر بەرەوپێش چوونی نەویستایەو حەزی نەکردایە کە ئادەمیزاد فێربکات کەوا بەچاوی بایەخ پێدانەوە سەیری گەشەکردن و دەوری سەرکردایەتی ی گەشەکردن لە ژیاندا بکات ، بە زنجیرە ئایین و پێغەمبەرەکانی نەدەنارد .. یەکسەر لە سەرەتاوە ئەو ئایینەی بە بەشەر دەدا کە دەیزانی پێویستەو بەبێ ئەو زنجیرەیەی ئایین و پێغەمبەران .

دەرگا داخستن لە پێشکەوتنی تەکنیکی و زانستی زیانمان پێ دەگەیەنێت .. هەر بە شوێن کەوتوو .. بە بازار دەمانهێڵێتەوە .. بازاڕ بۆ کرین و بازاڕ بۆ فرۆشتن ، چونکە توانای ئەوەمان ناداتێ کە ڕووبەڕووی ژیانی نوێ ببین ئێمە ناتوانین بە شیری عەرەبی وەکو باپیرانمان دەیان کرد یان بە ئەسپی عەرەبی کە لە مەیدانانی جەنگدا سواری دەبوون ، بەرەنگاری ئەو قەوارە زایونی یە بین کە لەنێو دەوڵەتاندا پێ ی دەڵێن «ئیسرائیل » .

کەوابێت پێویستە ئێمە هاوشانی دوژمن کاریگەرانە ئەو هۆیانە بەکاربهێنین کە دوژمن بەکاریان دەهێنێ بێ ئەوەی لەو بنەڕەتە هاوبەشانەی زانستی و تەکنولوجیا بۆ مرۆڤایەتی تێبگەین کە زۆر بە سوود دەبن ، بەبێ ئەوەی مرۆڤایەتیمان وێران بکەن و بشێوێنن و گیانەکەی بکوژن ، ئەم حاڵە پێویستەو داواکراوە . لاسایی کردنەوە گیانمان دەکوژێت و ڕەت کردنەوەش هۆی توانا پەیداکردنی داواکراومان دەکوژێت هەر ئەوە تیگەیشتن و تێکەڵاوی و گونجانیش و لەدوایی دا داهێنان .

بۆ هەندێ حاڵ کە نەك کێشەت وەکو حاڵو هۆیەکانی خەڵکی دیکە بەڵکو بۆ هەندێ حاڵو هۆی پەیوەندیدار بە واقیعەکەمانەوەو ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە ئەتەوەی عەرەبی لە ئالقەی پێشەوەی گەشەکردندا دەبێت .

لەو نەخشانەی پیشان دراون هەندێکیان لەلایەنی کۆمەڵایەتی یەوە زۆر بەکەلکن ئەگەرچی ئەو برایە (فتحی ، نەبکوت کە ئەوەی پیشانم داوە بۆ ئەوەیە لێ ی وەربگرین بەڵکو بۆ ئەوەی چەن حاڵێك ڕوون بکاتەوە چەند وێنەیەکی پێشانداوە .وە وتوویژێك دەربارەیان پەیدابکات ، هەروەکو دیاری کرد تەنانەت لەو وێنانەشدا دەتوانرێ لە هەندێ دێ دا بەکاربهێنرێن بەڵام ناتوانین بەنموونە لە شاردا بەکاریان بهێنین ، چونکە لە هەموو بارێك دا ئوتومبیلمان هەیە .. باشە چۆن لە کۆڵانە تەنگەکان دا ڕای بگرین .. ئێستا وا کەلوپەل و شتومەکی تریشمان هەیە ، جا ئەگەر ماڵەکانمان کراوە بن و تۆزو خۆڵیان تێ بچێت ئەو شتومەکانەمان عەدەمدەبن بۆیە نادەمیزاد بۆ ڕووبەڕوو بوونی سروشت بەلای حاڵێکی تردا دەچێت .

جاران هەتا ئەمن و ئاسایش «لەبارەی شارەزایی خۆتانەوە گفتوگۆتان لەگەل ئاکەم بەڵکو لەگەل شارەزایی خۆمدا دەیکەم کە شارەزایی یە لە ژیاندا »هەتا ئەمن و ئاسایشیش هۆیەك بووە بۆ ئەوە ماڵەکان دیواریان بە دیواری یەکەوە بێت و کۆڵانەکان تەنگەبەر بن چونکە هەمیشە کە شارەکان بنیاتنراون لایەنی سوپایی دەورێکی بنەڕەتی ی هەبووە لە ڕەنگ ڕشتنی شارەکەو پاراستنی ئەمن و ئاسایشی . بۆیە نەیاندەتوانی پەنجەرەیەکی گەورە لە دیوارەکەیان بکەنەوە چونکە بەپێ ی ئەم بنیانەیان دەڕوانێتە ماڵی دراوسێ کەیان کە ئەمەش لەلایەنی کۆمەڵایەتی یەوە ڕێگەی نەدراوە . جا دەبێ کونێکی بچووك بکاتەوەو ئەم کونەش بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت بەکەلکی مەبەستی کۆمەڵایەتی دێت و ئەو مەبەستانەش کە ئێوە دەیزانن .. وەکو جووڵاندنەوەی هەواو ئەو مەبەستانەی کە برایان فەرموویان ، ئێمەش سوودمان لەمە وەرگرتو ئەوەی دەبڵێین لێ ی حاڵی دەبین بەڵام لە عۆدەی ئێمەدا نی یە لێ ی قوول ببینەوە بەڵام دەبینین کاتێ کە ژیانی کۆمەڵایەتی گەشەی کرد (شانشین) پەیدابوو کە ئەمەش تەلارێکە لە پێشانی ی ماڵدا لە بەغدا بەسەر پێشانی یەکانی تری بەردەم خۆیدا دەڕوانێ .. ژیانی کۆمەڵایەتی هەروەکو تێ ی دەگەم بەم جۆرە پاش ئەوەی پیش کەوت و گەشەی کرد ڕێگەدرا هەر ماڵە شانشینی خۆی هەبێت و لەوانەشە یەك یەکتر ببینێ ، ئێستا ژیانی کۆمەڵایەتی نیگارەکەی گۆڕا ئەگەرچی هەموو نیگارەکەشی نی یە لە بینای گوێز راوەدا ئەو نیگارەیە کە پەسندەکرێت .

جارێکی تریش من زۆر شادمانم کە لە کۆڕەکەتاندا ئامادەبم و ئاواتەخوازم وەختی ئەوەم بەدەستەوە بێ لە هەموو کۆڕەکانتاندا ئامادەبم . لێتان فێرببم .. هەروەکو ئەم بەبانی یە گوتم تکادەکەم لەگەل یەکتری باڵ قوول بن و بشوو درێژ بن تاکو هەر یەکە بە زنجیرە بیرو لیکدانەوەی خۆی باس بکات و لەوە نەترسێ کە دەستەبراکەی زویر دەبێت کاتێ کە ڕەخنەی لێ بگرێت یان فیکرەیەك یان هەڵەیەکی بۆ ڕاستبکاتەوە .. بۆئەوەی ئەو حاڵە هەموو ئەو مانایەی دەتانەوێ بگرێتە خۆی .. سوپاسێکی زۆر .

مرۆڤێکمان دەوێت باوەڕی بە خۆی هەبێت و ڕۆڵی مرۆڤایەتی یانە و نەتەوەیی یانەی نەتەوەکەی تێ بگات و دەرك بە تایبەتیی نیشتمانی بکات

Institut Kurde de Paris

دەقی تەواوی نامەکەی سەرۆکی فەرمانڕەوە صدام حسین بۆ رۆژنامەی «الوطن» ی کوێتی

ئەمەی خوارەوە دەقی تەواوی نامەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانڕەوە (صدام حسین)ە بۆ ڕۆژنامەی ـالوطنـ ی کوێتی ناردووە .

برادەر نجیب عبدالهادی - رۆژنامەی ـالوطنـ - ی کوێتی

ئەوەم خوێندەوە لە ڕۆژنامەی ـالوطنـ - کوێتیدا لە ٣ ی ئەیلوولدا نووسیبووت - من زۆر ڕێزی بەرزت بۆ دادەنێم سەبارەت بەو سیفەتانەی کە دەربارەی منت باس کردبوون .. لە خوای ئازیز تکام وایە منو هاوڕێکانم لە بەڕێوبردنی ئەمانەتو خزمەتی نەتەوەدا سەربخات لە سەر ڕێگەی ئامانجە نەتەوەییەکە بەرزەکان هەروەها ڕێزی بەرز لە هەمان کاتدا لەو پالپێوەنەرە نەتەوەییانە دەنێم کە پالیان پێوە نایت ئەم ووتەیە سەبارەت بە هاوکاری‌ی نێوان عەرەبو یەکێتی‌یان لە ڕووبەڕوو بوونی دوژمنو ئەو پیلانانەی ئامانجیان نەتەوەیە بنووسیت ..هەروەها ڕێز لە پالپێوەنەرە نەتەوەییەکانت دەنێم لە باس کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عیراقو سوریە .

حەز دەکەم لەم نامەیەدا بۆچوونی خۆمت بۆ ڕوون بکەمەوە سەبارەت بەو مەسەلانەی ناویانت هێناوە لە پلەی خۆمەوە وەك هاوولاتییەکی عەرەبو وەك لێپرسراوێك لە هەرێمی عیراقدا .

ئێمە لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا سەبری یەکێتی ناکەین بەوەی کە تەنیا خەونێكو هیوایەکە . . بەڵکوو بە پێویستو مەرجێکی بنەڕەتی‌ی دادەنێین لە پێش هەموو مەرجەکانی ترەوە بێت بۆ دابین کردنی سەربەستی‌ی نەتەوەی عەرەبو ئازادی‌یو بە توانایی بۆ گەشتنە بەهێزی‌و پێشکەوتن تا بتوانێت خودی خۆی لە دەست درێژی‌و هەڕەشە پیارێ‌یتو بۆ ئەوەی بەشداریەکی ئیجابی لە ژیانی ئادەمیزاددا بکات وەکوو چۆن ئەمەی لە چەندین سەردەمی مێژووی پیرۆزیدا ئەنجام داوە .

هەروەها لە شوێنی تاقی کردنەوەوە لە لێپرسراوێتی‌داو نەك تەنیا بە هۆی دەست پێ‌کردنو هەنگاو هاویشتنە بیروباوەڕی‌یەکان .. بۆت دووپاتی دەکەمەوە هەرچەندێك وولاتێك لەو وولاتان بگاتە بەهێزی‌و پێشکەوتن ئەوا سەربەستی‌و ئازادی‌و ئەو هێزەی هەیەتی بە لاوازی دەمێنێتەوە تا ڕادەیەك خۆیشی لە دەرەوەی چوارچێوەی یەکێتی‌ی عەرەبدا لە ڕووی هەڕەشەدا دەبێت لەبەر ئەوە من وەکوو لێپرسراوێك وای بۆدەچم یەکێتی‌ی عەرەب بە شێوەیەکی گشتی‌و هەر یەکێتی‌یەك لە نێوان وولاتێك‌و وولاتێکی تردا بێتە دی بۆ ئەو دوو وولاتە دەبێتە هێز نەك لاواز کردنی هەردووکیان یان یەکێکیان .

سەرەڕای ئەوەیش ئێمە وەك بەعسیین یەکێتی نێوان عیراقو هەر وولاتێکی تر تیایدا بارودۆخی یەکێتی پێ‌دەگات بە کارێکی پێویستو ئەشێ دەزانین ئەوا ئێمە نابێت ئەوە لەبیر بکەین بەڵکوو ئێمە بەتەواوی دەزانین کە یەکێتی لە نێوان عیراقو سوریادا زۆر پێویستەو زۆر سوود دەبەخشێت لە واقیعی ئێستای عەرەبو پتر کۆڵەکەی بەردەوام بوونو هێزی تێدایە لە ئەنجامیشدا دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی بەرەنگاری‌و ڕاوەستان دژی دورمنی زایۆنی‌و پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و ئەو هەڕەشانەی تووشی عەرەب دێن تێدایە . هەروەها ئەو شتەی زۆر تر ئازاری دەروونی بەعسی‌یەکان‌و ئازاری دەروونی ڕۆڵەکانی عیراق دەدات ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان عیراقو سوریا بە ڕێگەی یەکێتی‌دا ناڕۆن .. ئەمەیش زۆرترین ئەو دبارداڵەیە کە بەڵگەی ئالەباری‌ی بارودۆخی عەرەبەو ئەو لاوازی‌و پچڕپچڕی‌یەی تێدایە .

بەڵام یەکێتی‌ی نێوان دوو هەرێم‌و یەکێتی‌ی عەرەب تەنیا بە ئاواتو ئارەزووی جەماوەر نایەتە دی ئەگەرچی بڕوای جەماوەر هۆی بنەڕەتی‌و مێژوویی بێت .

چونکە پێویستە پێکەیشتنێکی گیان‌بەگیانی‌و ڕاستەقینە لە خواستی سیاسی نێوان سەرکردایەتی‌یە کاریگەری‌یەکان‌دا هەبێت لەو وولاتانەی پەیوەندییان بە یەکێتی‌یەکەوە هەیە .

نامەوێت لەم نامەیەدا زۆر لە سەر لایەنە خۆیی‌یەکان بچم لە کاری یەکێتی‌دا ئەك بۆ پشت‌گوێ خستنی بایەخەکەی بەڵام چونکە لە توانای هەر لایەکدا هەیە هۆو بە سەرهات‌و لەو چەشنانە بهێنێتەوە بۆ پتەو کردنی بۆ چوونی خۆی ئەمەیش دەبێتە هۆی شلۆقی‌یەك یالەتی‌ی ڕوون بوونەوەی بەرچاوی جەماوەری .

من پتر باسی لایەنە مەوزووعی‌یەکان دەکەم کە بناغەکانی خواستی یەکێتی لای ڕۆڵەکانی عیراق ڕووەو سوریا پێك دەهێنن لە چوارچێوەی ئەوەیشەوە دەتوانرێت حوکم بە سەر لایەنی خۆی‌دا بدەین ئەگەر پەیوەندی‌ی بە ئێمەوە بێت یان لایەنی ترەوە .

١ - ئەوەبوو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە چوارچێوەی شۆڕشی حەفدەی تەمووزەوە دەستەڵاتی لە عیراق گرتە دەست لە ساڵی ١٩٦٨دا ئەو کاتە عیراق وەکوو هەمووان بۆیان ڕوونە وولاتێکی لاوازو دواکەوتوو بوو هەروەها یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی لاواز بوو . لەبەر هەڕەشەش‌دا بوو .. هەروەها کاریگەری‌ی لە واقیعی عەرەبی‌و نێو دەوڵەتان‌دا لاواز بوو .

پاش تێپەڕ بوونی ١٠٢ ساڵ بەسەر شۆڕش‌دا عیراق بۆ باشەوە نەگەڕایەوەو لە شوێنی خۆشی‌دا نەمایەوەو ئەو ئێستا تووشی تەقینەوە یان دابەش بوون نەبووە یان لە تەنگ‌وچەڵەمەیەکی سەختی ئاوخۆیی‌دا ناژیت .. ئەو بە ددان پێدانانی هاوڕێ‌و دوژمن پێکەوە ساڵ دوای ساڵ لەماوەی دوازدە ساڵی ڕابوردوودا بەهێز تر بووەو

یەکێتی‌یەکەی چەسپاوەو تواناکانی پەرەیان سەندوون‌و ڕۆڵی ئەتەوەیی‌و نێو دەوڵەتانی پتەو تر بووە .

بە باوەڕی من هەر وولاتێك ئەم سیفاتانەی تیدا بێت هیچ بارودۆخێکی ترسی لا نابێت بەرانبەر بە یەکێتی لە گەل وولاتێکی تردا بەڵکوو ئەم سیفاتانە خواستی یەکێتی‌ی لا پال پێوە دەنێت بە تایبەتی ئەگەر بڕوای سیاسی سەرکردایەتی‌یەکەی‌و کەلەپووری تێکۆشانی گەل تیایدا پەیوەندی‌و بڕوایان بە یەکێتی‌ی عەرەب زۆر قووڵبێت .

٢- وولاتی عیراق تواناکانی گەورەتری هەیە لە وولاتی سوریا . ڕووپێوی گەورەترەو دانیشتووانی زۆرترن‌و سامانی دەوڵەمەند ترەو سوپای بەهێزترە شتێکی ئاشکرایشە هیچ ترسێك لە لای سەرکردایەتی‌یەکەی نەیەتە کایەوە بەرانبەر بە یەکێتی لە گەل هەر وولاتێك‌دا ئەم لایەنە مەوزووعی‌یانەی هەبێت توانای کەمتربێت ئەگەرچی هەرێمێك بووبێت لە دڵی هەموو عەرەبێك‌دا ئازیز بێت‌و بە سیفاتە مەزنەکانی گەلەکەی دەوڵەمەند بێت .

٣ - ئێمە نامانەوێت دەربارەی خۆمان بدوێین بەڵام جەماوەری عەرەب‌و دلێرانی نیشتمان دەکەینە دادوەر سەبارەت بەوەی دەیبینن لە پەیوەندی‌ی نێوان سەرکردایەتی‌و گەل لە عیراقدا . . ئەگەر پەیوەندی‌یەکە چاك‌بوو گەیشە لەدەوری سەرکردایەتی‌یەکەی گرد ببووەوەو لە گەلیدا بوو ئەوا ئەم چەشنە سەرکردایەتی‌یە ناکرێت هەست بە ترس‌و دوودڵی بکات بۆ هەنگاو هەڵ هێنانی کارێکی مێژوویی وەك یەکێتی‌و شوێن‌و ڕۆڵی لە نێوان گەل‌و نەتەوەکەی‌دا پتەوتر بکات .

یەکەمین پێوەری سروشتی ئاکاری هەرسەرکردەیان دەستەڵاتدارێك شێوازی مامەڵەکردنیەتی لە گەڵ گەلەکەیدا چونکە ئەمەیە کلیلی مامەڵەکردن لە گەڵ کەسانی دیکەدا

٤ - پێویستی‌یە جوغرافی‌و سیاسی‌و ستراتیجی یەکان لە ڕابوردوو هەتا ئێستاش‌دا پاڵ بە عیراقەوە ئەنێ کە بەرەو یەکێتی سوریای زەوی زاری دراوسێ‌و ئەو پەیوەندی‌یە بەبەکدا هەڵچوونە سەرەتایی‌یە بروات ... ڕووبارێکی هاوکێبی‌و ئەو ئابووری‌یەی کە هەر یەکێیان ئەوی تر تەواو ئەکەن .. قووڵایی بازاڕ لە بەردەم هەڕەشەکانی دەرەوەدا .. پێویستی بە کەلێنی دەریایی بەتایبەتی لە چاخی ئەوتدا .. کە عیراق یەکێکە لە وڵاتە گرنگەکان کە ئەوت دەر ئەهێنێ ..

ئەم پێویستیانە هەمووی وا لە عیراق ئەکات کە هەست بکات بەوەی کە پێویستی بە پەیوەندی‌یەکی توندو تۆڵ لەگەل سوریادا هەیە کە باشترین ڕوی سروشتی‌و کە زۆرترین کەڵك‌و پاراستن لە پەیوەندی یەکێتی‌دایە .. عیراق لە یەکێتی کەڵك وەرگرتووە .. لە کاتێکدا کە قوربانی لە ڕێگەدا ئەدا لەبەر ئەوە هەر چەندی قوربانی بۆ یەکێتی بدات هیچ لە بایەخ‌و کەڵکەکانی یەکێتی کەم ناکاتەوە .

کە عیراق لە سەر ئەو بیروباوەڕو بروایەی کە هەیەتی بە پێویستی چاکبوونی بزووتنەوەی بێ لایەنی یارمەتی گەورەی وڵاتانی ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین‌و ئاسیابدات .. لەبەر ئەوە ـبێ‌گومانـ نابێ بروانێتە ئەوەی کە سەبارەت بە گەلی سوریای عەرەبی برا تووشی چ زیانێك ئەبێت .

دوایی پێویستی زۆرانبازی عەرەبی ـزایۆنی‌یە .. هەندێ لایەنی داخ لە دڵ ئەڵێن عیراق نایەوێ لەبەر ئەو ئەرکە گرانەی ئەکەوێتە سەری لە زۆرانبازی عەرەبی ـزایونی‌دا بۆ پەیوەندی پێویست‌و یەکێتی بەرەو ڕووی سوریا بچێ .

ئێمەش ئەڵێین لەو کاتەوە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەسەڵاتی لە تەمووزی ١٩٦٨دا وەرگرت تەنیا یەك ڕووداوی سەربازی لە نێوان سوریاو زایۆنی‌دا ڕووی داوە ئەویش لە جەنگی تشرینی ١٩٧٣دا بوو کە عیراق بە هێزو توانایەکی زانراوەوە بەشداری تردوو ئەویش داوای نەکرد بوەستێنرێ‌و بچووك بکرێتەوە بگرە جگە لە بەشداری‌کردن داوای‌کرد وچانی پێ نەگرێ‌و فراوانی بکات .

من وەکو لێپراسراوێك ئەزانم هەروەها هەموو سەرکردە لێپرسراوەکانیش ئەزانن کە ئەو کەرەسە جەنگی‌یە نوێ‌یانەی کە زایۆنی دوژمن هەیەتی هەرشەڕێك کە لە دوا ڕۆژدا لە نێوان ئەوو نەتەوەی عەرەبدا ڕوو ئەدا مەیدانەکەی ئەوەندە فراوان دەبێت کە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتانی هاوسنووریا بەند نابێ .. عیراق دوای وڵاتانی هاوسنووری نزیکترین خاڵە لە قەوارەی زایۆنی‌یەوە .. هەروەها ئەو هەڕەشە مەترسیدارانەی دژی عیراقو بە هۆی ئەوەوە کە عیراق تەقەللای وەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی‌دا وای لە عیراق کرد ببێتە نیشانەیەکی پێویستی دوژمنایەتی زایۆنی ئەمە هەر مەپرسە لە دروشمە زانراوەکەی قەوارەی زایونی ـلە نیلەوە بۆ فرات - کەرا بوو عیراق لە چ مەترسیەك ڕائەکات ئەگەر عیراق بە هۆی ئەم کارانەوە ئاوا تووشی مەترسی زایۆنی بێ کەوابوو باشتر وایە کە پەیوەندیی لەگەل سوریادا زۆر پتەو بێ .. چونکە ئەو پەیوەندی‌یە لەکاتی ناخۆش‌دا توانای باشتر بۆ بەرگری‌و بەرچدانەوە ئەداتێ .

ئەی برای عەرەبی بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی ئێمە ئەم پێویستییە مەوزووعیانەیە کە بەشداری دروستبوونی خواستی سیاسی لە عیراق‌دا ئەکات‌و هەر ئەوە کە زاخاوی بەشی زۆری ئەو لایەنە زاتیانە لە هەنوێستی سەرکردایەتی‌یەکەیدا ئەداتەوە .

وەك نیشتمان پەروەرێکی عەرەبی‌و هەموو بە شەرەف‌و دڵسۆزێکی عەرەب زور بەوردی زانیارانە ئەبێ لەم پێویستی‌یە مەوزووعیانە بکۆڵنەوە ئەم پێویستی‌یە مەوزووعیانەی کە لە لاکەی تر هەیە وئەو کەژە مەوزووعیەی کە چوار دەوری هەموو لایەکی داوە کە ئەو شتانەوەدەست ئەهێنێ لێرەشەوە ئەتوانرێ بزانرێ کە چ کارێکی کردۆتە سەر لای زاتی بۆ پێکهێنانی مەبەست‌و دروستکردنی بڕیار .

هەر لەوێشەوە دووبارە ئەتوانین کە لە وبنوون‌و ئاژاوە دەربازبین‌و ئەتوانین ڕاستی وەدەست بێنین .. هەروەها ئەشتوانین کار بە شێوەیەکی ڕاست شی بکەینەوە .. توانای زانینی ڕێگای ئەو کارەی کە دەرگاکانی یەکێتمان بۆ ئەکاتەوە لامان زۆر ئەبێ‌و لە ڕەش‌بینی ڕزگارمان ئەبێ‌و ئەتوانین پێویستی‌یەکانی کاری بە دڵ بەرەو پیری یەکێتی زۆر بکەین.

لایەکی ترماوە لە مەسەلەکەدا ئەوەیە کە ئاکارەکانی ئەو کەسان‌و سەرکردانەیە کە بەشداری‌یە کی کارێکەرانە دەکەن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی‌و ڕێ‌ڕەوی سیاسی نیشتمانی عەربماندا‌ولەم بارەیەوەزۆر سەرکردەو لێپرسراوانی عەرەب ماوەیەکی باش لەسەر حوکمن بۆ ئەوەی کە گەل‌و لێکۆڵەرەوەو دلسۆزو بی‌گەردەکان لە ڕاستی ئاکاریان‌و ڕاستی هەڵسۆڕانیان سەبارەت بەوەی ئەیڵێن‌و ئەینووسنەوە

لەو بارەیەوە من باوەڕم وایە یەکەم تەرازو بۆ ئاکاری هەر سەرکردەیەك یان حاکمێ ڕێگەی کاروماملەیەتی لە گەل میللەتەکەیدا چونکە ئەمەیە کلیلی مامەڵە کردن لەگەل خەڵکی دیکەدا .

خوا سەرتان خات‌و هەموو دلسۆزو بە شەرەفێك لە ناو نەتەوەی عەرەبدا سەرخات .

صدام حسین

سەرەك کۆماری عیراق

Institut Kurde de Paris